مەملەکەتی نور

مەملەکەتی نور

نووسینی:ماکوان کەریم

کردن بە پی دی ئێف:زانا ئەیوب

کەشکۆڵێك پڕ لە مەینەتی

ساڵی ٢٠١١ بوو چووم بۆ حەج لەگەڵ هاوڕێکانم عەمرەمان دەکرد لە سەفاو مەروەدا بووین پێم ووتن وەرن با نزا و پاڕانەوەیەکی بەکۆمەڵ بکەین کە خوای گەورە بینینی پێغەمبەری خوا ﷺ بکاتە !نسیبمان لەخەودا

هەموو دوعامان کردو دوامان کرد لە خوای گەورە کە بەدیداری پێغەمبەر ﷺ مان شاد بکات، لەدوای تەواوکردنی دروشمەکانی حەج بەڕێکەوتین بۆ شاری

مەدینەی پێغەمبەری خوا ﷺ. ئەو
ماوەیەی کە لەوێ بوم کاتێک بۆ نوێژی
بەیانی دەچوومە مزگەوتی پێغەمبەری
خوا ﷺ نەدەگەڕامەوە بۆ هوتێلەکە، بەڵکو
تۆزێك قورئانم دەخوێندو پاشان
چاکەتەکەم دەکردە بالیفێك
ودەمدابەخۆمداو سەرم دەخستە سەر
تەختەی قورئان خوێندنەکان و ملپێچەکەی
ملمم دەکردە سەرینێکی نەرم لەسەر
تەختەکە. شاری مەدینە لەشەودا سارد
بوو مانگی یانزە بوو، بەئاواتی
دوعاکەمەوە لەوێ دەمامەوە، بەڵکو خەو
بە پێغەمبەری ئازیزەوە ببینم، نزیکەی

١١ بەیانی بەم شێوەیە بەردەوام بووم هیچ خەوم نەبینی بە پێغەمبەرەوە زۆر دڵم لە خۆم داما تا کۆتای رۆژی مانەوەمان لەویّ کە بڕیار وابوو مەدینە بە جێبهێڵین و بگەڕێینەوە بۆ وڵاتی نەرویج بەرواری ٢٠١١/١١/٢٥ بوو. کۆتا بەیانی رۆژی جومعە بوو زۆر پاڕامەوە و بەئاواتی بینینی پێغەمبەری نازادار ﷺ لە خەودا، هەروەك بەیانیەکانی دیکە لە مزگەوت مامەوەو خەوتومەوە سەرم نا بە مەرقەدی پێغەمبەری ئازیزەوە ﷺ، خەوم لێکەوت لە خەومدا ووتیان: ئەوا پێغەمبەر هات لەخەوەکەمدا چاوم دەگێڕا پێغەمبەر ﷺ

ببینم ، له گەڕان بەدوای پێغەمبەردا بووم لەپڕ پۆلیسێك هەڵیساندم ووتی: هەڵسە مزگەوت پاك دەكەینەوە بۆ ئەوەی ئامادەبێت بۆ كاتی نویژی جومعە.

زۆر خەفەتبار بووم کە خەبەری کردمەوە، بەڵام چارم نەماو هەر ئەو رۆژە مەدینەمان بەجێهیشت و گەڕاینەوە بۆ ئۆسلۆ، خەونەکەم نەبینیو دوعاکەم گیرا نەبوو.

لەمانگی دوانزەی ۲۰۱۲دا بۆ گەشتو گوزار ڕۆشتم بۆ میسر، لە شاری لوکسور بە خزمەت پیاوێک گەیشتم لە ناو باخێکی مۆز دا کە بۆ بینین و

سەیرکردنی تیمساح و ئەو باخە چوبوینە ئەو جێگایە، شوێنەکە بەناوبانگ و گەشتیار رووی تێدەکرد، منیش بوومە هاوڕێ لەگەڵ ئەو پیاوە پیرەدا، چیرۆکی چوون بۆ حەج و ئەوەی کە دوعام کردوە خەون بە پێغەمبەروە ببیینمﷺ بۆم باسکرد ، لەبن دار مۆزێکدا هەردووکمان دانیشتبووین، خێزانم ئانا-ی کچمی بە باوەشەوە بوو لەگەڵ گروپەکەدا تەماشای تیمساحیان دەکرد، ئەو ناوچەیە تیمساحی زۆرە هەر ناوی رووباری نیل بەمانای تیمساح دێت لە زمانی فیرعەونی کۆندا واتا هیروگلوفی.

ئەو مامە پیرەیە پیاوێکی ڕەشی زۆر ناشرین بوو بە سیمای دەموچاو، بەڵام هەتا بڵێیت پیاوێکی لە دڵدا شیرین بوو ناوی شێخ فەرغەلی بوو، ووتی: من کتێبێکت ئەدەمێ تەمەنی زیاد لە ١٠٠٠ ساڵە ، هەر کاتێك بتەوێت بە کردنەوەی لاپەڕەکانی پێغەمبەر ﷺ دێت بۆلات!

ماکوان: وەڵا یاشێخ هەر ئەم بیدعەیە مابوو ئێوەی میسری فێری خەڵکی بکەن، ئەمەی باسی دەکەیت کتێبێکی جادوو سیحرە ، پێغەمبەری خوا ﷺ مردوە چۆن دێتەوە بۆلامان؟

شێخ فەرغەلی: جاخۆ زەرەر ناکەیت تاقی بکەرەوە، ئەگەر درۆمکرد لەعنەتی خوام لێبکەو وە ئەگەر راست بوو باسی باشەو پیاوەتیم بکەو دوعای خێرم بۆ بکە.

ماکوان: جا باشە کە وایە ئەو کتێبە چۆن ئەیدەی بە من؟

شێخ فەرغەلی: بۆ تۆ باشە من بەدرێژایی ژیانم لەخزمەت پێغەمبەردا بووم ﷺ تا ئەو کتێبەم هەبوو، تۆش باسی ئەو خۆشەویستیەت کرد بۆ پێغەمبەر ﷺ ئیتر حەز دەکەم ئەو چاکەو خێرەش لەگەڵ تۆ بکەم، بەڵکو لەڕێگای تۆوە بۆم ببێتە خێرێکی نەبڕاوە ..

ماکوان: جا وەڵڵا ئەگەر ئەو قسەیەی تۆ
راست بێت، من پێغەمبەری خوا ﷺ
بەچاوی خۆم ببینم وەعدو پەیمانت ئەدەمی
هەرچیت بوێت کە من خاوەنی بم ئەتدەمێ
بۆ خۆت.

شێخ فەرغەلی: من هیچم ناوێت و
کتێبەکشت بەدیاری ئەدەمێ، بەڵام پەیمانم
بدەرێ نەفەوتێت و دوای خۆت بیدە
بەکەسێك کەئەویش قەدری خۆشەویستی
پێغەمبەرمان ﷴ ﷺ بگرێت و بەرز
رایبگرێت ، من هەر ئەو داواکاریەم
هەیە.

ماکوان: وەی بەسەر چاو کاتی نان خواردنی نیوەڕۆ بوو من دابڕام، خێزانم بانگی کردم چوومە لای کە ئاوڕم داوە لەبن دارەکەدا نەمابوو زۆر گوێم پێنەدا و وتم راست ناکات، چونکە میسریەکان کە خەڵکی بیگانە دەبینن موجامەلەی زۆر دەکەن. لەگەڵ خێزانم و گروپەکەماندا چوینە چێشتخانەیەك کە نزیك بوو لە باخی مۆز-ەکە و تیمساحەکانەوە. نانمان دەخوارد لەپڕ یەکێك دەستی کێشا بەسەر شانمدا ووتی ماکوان ئەوە کتێبەکەیە، بەڵام نایکەیتەوە تاوەکو ٢١ رۆژی کە، باشە؟

لێم وەرگرت، کتێبەکە پێچرابوو بە
پەڕۆیەکی سور هەستم کرد وەك لە
جەنتایەکی قایشدابێت وابوو رووم
تێکردوو خوڵکم کرد بۆ نان خواردن،
بەڵام داوای لێکردم کە کاری زۆرە
دەڕوات و هیچ کاتی نیە، بەڵام دووبارە
جەختی کردەوە کە نابێت تا ٢١ رۆژی
کە بیکەمەوە، چونکە ئەگەر وانەکەم
!ئەوەی کە ئەوباسی کردوە روونادات
گەڕامەوە بۆ نەرویج ماوەی ئەو ٢١
رۆژە کتێبەکەم نەکردوە، پاشان دوای ئەو
کاتە شەیتان لە بیری بردمەوە خستبوومە
ناو تاکێك کۆمود، دوای چەند مانگێك

بەدوای هەندێك وەرەقەی تایبەتی خۆمدا دەگەڕام تاکی ئەو کۆمودەم کردەوە جەنتاکەشم بینی کە بە پەڕۆیەکی سورەوە پێچراوە، منیش پەلەم بوو دەبوو بچومایە ئەو وەرەقانەم ببردایە بۆ فەرمانگایەك، بەڵام دەستم دایە کتێبکەی شێخ فەرغەلی و لەگەڵ خۆم بردمە ناو سەیارەکە بۆ ئەوەی لەبیرم نەچێتەوە. دوای ئەوەی لەو فەرمانگەیە تەواو بووم تەلەفوونم بۆ کرا لەلایەن خێزانمەوە ووتی بگەڕێوەماڵەوە ئانا-ی نەخۆشە، تایی بەرزە بابیبینە نەخۆشخانە.
بەپەلە گەڕامەوە ماڵەوە ئانا-مان برد بۆ

نەخۆشخانە ماوەیەکی کورتمان پێچوو ،
لە تاو ئانا-ی کچم کە نەخۆش بوو دیسان
تەماشای کتێبکەم نەکرد لەناو سەیارەکەدا
لە بیرم چوەوە خستبوومە ناو داشبۆردی
سەیارەکەم.

مانگی ڕەمەزان بەسەردا هات،
بەهۆکاری مانگی ڕەمەزان و دەرس و
دەورەوە دیسان کتێبەکەم لە بیرچوەوە.

کۆتا ڕۆژی ڕەمەزان بوو لە کار
دەگەڕامەوە پۆلیسی ترافیك داوای پێناسی
شۆفێری و ناسنامەی سەیارەکەمی کرد لە
ناو داشبۆردەکەدا دامنابوو، دەستم دایە
داشبۆردەکە و کردمەوە پێناسەی

سەیارەکەم دەرهێنا، دیسانەوە کتێبەکەی مام فەرغەلی-م بینیو لەگەڵ سەنەویەکەدا دەرمهێناو کتێبکەم خستە سەر کوشنی پێشەوە. ئەوەی پۆلیس داوای کرد بوو لێم تەسلیمم کردن دوای سەیرکردنی بەڕێزەوە مۆڵەتیان دام کە بڕۆم. هەر خەریک بووم تەماشام دەکرد وانزیکەی ٦ مانگی بەسەردا چووە من هەر نەمکردۆتەوە!

کتێبەکەم داگرت و وویستم بیبەمەماڵەوە لەناو سەیارەکەدا دەریبهێنم خێزانم ووتی تا دانەنیشتوویت بڕۆ هەندێك شتمان پێویستە لەبازاڕ بیهێنە، بەیانی جەژنە.

دیسان گەڕامەوە بە کتێبەکەوە، کتێبەکەم
لەسەر کوشنەکەی پێشەوە دانا بۆ ئەوەی
لە بیرم نەچێت، چووم بۆ کڕینی
شتومەك، ئەوەندەم عەلاگە پێبوو کە
گەڕامەوە دیسان شەیتان لەبیری بردمەوە.

هەموو شتومەکەکانم بردەوە بۆ خێزانم،
لەدوای ئەوەی ماندووبونم دەرچوو خەیاڵم
لای کتێبەکە بوو وویستم بچم بیهێنم لەپڕ
تەلەفونم بۆ هات لە لایان برای خێزانمەوە
ووتی کاك ماکوان فریاکەوە باوکمان بە
پەلە بردوە بۆ نەخۆشخانە. ووتم خۆش
کور ماوە و سەلامەتە؟
ووتی نەوەڵڵا بەگریانەوە، باوکم تەواو

بووه خوا لێی خۆش بێت، بەڵام جارێ بە باران مەڵێ تا دێنە ئێره.

منیش رەنگم سور هەڵگەڕا و نەمدەزانی چی بکەم ، تا ناچار تەلفونم کرد بۆ خزمو کەسوکار لە نەرویج و خێرا کۆبونەوه کەچووین من دیسانەوه کتێبەکەم خستەوه ناو داشبۆردی سەیارەکە، کاك حسین فارس پیاو مەعقولی ناوچەی پێنجوێنی ئێمە لە پێشەوه دانیشتبوو خۆشم نەمتوانی سەیارە لێخوڕم دامە دەست کوڕەکەی ئەو.

لەبیرم چوەوە کە کتێبێك لەناو سەیارەکەمدایە دوای ئەوەی کە تەعزێ

تەواو بوو ماوەیەکی دوور درێژی پێچوو بیرم لەوە کردەوە سەیارەکەم بفرۆشم سەیارەیەکی نوێ بکڕم.
بێئەوەی هیچ لە سەیارەکەم دەرکەم سەیارەکەم نارد بۆ پێشانگایەك وە هەر لە هەمان پێشانگا سەیارەیەکی ترم کڕی.
دیسانەوە کە داشبۆردەکەم کردەوە کتێبەکەم هاتەوە یاد و دەرم هێناو خستمە ناو داشبۆردی سەیارە نوێکەم.
لەدڵی خۆمدا وتم دیارە ئەم کتێبە شتێکی سادەو ئاسان نیە با خێرا بیکەمەوە بزانم چی روو ئەدات، چووم بۆ کەناری دەریایەك و دانیشتم و تەلەفونم کوژاندەوە

و پێشتر بە خاوەن کارەکەمم ووتبوو کەنایەم بۆ کار ئەمڕۆ خەریکی سەیارە کڕینم.

پەڕۆ سورەکەم کردەوە بینیم کتێبێکی کۆن لەناو جەنتایەکی بچوکی قایشدایە و کتێبەکەم کردەوە و سەرەتاکەی نوسرابوو.

هاتنی مانگ بە ئەستێرەکانیەوە

لەکەناری دەریایەك دانیشتم کتێبەکەم دەرهێنا و کردمەوە، سەرەتای کتێبەکە نوسرابوو بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ .. ئەمە مەنهەجی ژیانی تۆ و هەر کەسێکە کە دەیخوێنێتەوە، لاپەڕەی یەکەم بەم شێوەیە دەستی پێکرد، چاوم لەسەر کتێبەکە بەرزکردەوە تەماشایەکی دەوروبەری خۆم کرد ئەو جێگایە نەبوو کە منی تێدابووم هەموو گۆڕابوو! لە بیابانێکی ووشك و گەرمدابووم لە دوورەوە دەوارێکم بەدی دەکرد کۆمەڵێك بزن و مەشکەیەك و جێگایەکی ئاگردانی بە

بەرد هەڵچنراوم بەدی کرد و لەسەر بەردێك دانیشتبووم، بە پەلە هەڵسامەوە سەر پێ وام زانی فێڵی چاومە دوو جار چاوم هەڵگڵۆفی و کردمەوە دامخستەوە تەماشای چواردەورم کرد و لەبەر خۆمەوە ووتم ئەمە خەو نیە، بەڵکو راستیە!

ئاخۆ ئەم جێگایە کوێ بێت؟ جلەکانی بەرم یەك پارچە عارەق بوو ئەوەندە گەرمام بوو خۆر بەسەرمەوە بوو گەرمایەکەی بێ وێنە بوو، بەپەلە رووومکردە ئەو دەوار نشینە و چووم داوای ئاوم لێکرد هاوارمکرد خەڵکینە

کێ لەم دەوارەدا دەژی دەتوانم بێمە لاتان؟
لەپڕ ژنێك هاتە دەرەوە لە دەوارەکەو
ووتی: فەرموو چیت دەوێت؟
ماکوان: تینومە ئاوت لایە بیخۆمەوە؟
جلو بەرگەکەی زۆر سەیر بوو شتی وام
نەدیبوو تا ئێستا.
ژنەکە: هەندێك پیاو وەك تۆ غەریب
دیارن و نایانناسم ئەوانیش لە پشتی ئەم
دەوارەی ئێمەوە دانیشتوون داوای شیر و
ئاو دەکەن، بەڵام بچۆ لای ئەوان بە تا
مێردەکەم دێتەوە، بەڵکو ئاو بهێنێت لەگەڵ
خۆی و ماڵاتەکەمان بهێنێتەوە شیرو
ئاوتان پێ بفرۆشێت.

کەچووم لە پشتەوە سێ پیاو دانیشتبوون پیاوێکیان کە بینیم زۆر جوان بوو پیاوێکی باڵا بەرز رووی لە من وەرگێرا و دوانەکی تریش یەکێکیان هات بە دەمەوە ووتی چیت دەوێت، بەڵام ئەوانیش جلو بەرگیان زۆر سەرنج ڕاکێش بوو!
ماکوان: هیچ تەنها برسیم بوو لەگەڵ تینویەتی زۆری بۆ هانیم هاتمە لای ئەم دەوارە ووتم بەڵکو خواردن یان تۆزێك ئاوم دەست بکەوێت ..؟
پیاوە جوانە رووخۆشە بە وویقارەکە بە پێکەنینەوە فەرمووی: ئەبوبەکر وازی لێبهێنە با بیتە لامان ..!

کەچووم تەنشتی بەدەنگیکی خۆش و پڕ
سۆزەوە ژنی دەوارەکەی بانگ کرد ئەی
بەندەی خوا هیچ بزنێك لەو بزانە شیریان
نیە؟
ژنەکەش ووتی: ئەوانە هەموو بۆیە
لەگەڵ رانەکەدا نەرۆشتوون لاڕوو
نەخۆش و هیچ شیریان نیە ..!
پیاوە بەڕێزەکە ئیشارەتی کرد ، بۆ ئەو
پیاوەی ناوی ئەبووبەکر بوو لەگەڵ
ژنەکەدا فەرموو: کامەیان لەڕوو لاوازە
بیهنە با خۆم بیدۆشم ؟!
کە بزنەکەیان هێنایە لایەوە دەستی برد بۆ
گوانی بزنەکە پڕبوو لەشیرو جامێکیان

هێنا ..پڕیکرد لە شیرو دایە دەست ئەبوو
بەکر تیری خواردوە و پاشان دایە
هاوریکەی تریان فەرمووی تۆش بۆ
خۆرەوە عەبدوولّلا ..ئەویش تیری
خواردەوە دایە دەست ژنەکەو ژنەکەش
تیری خواردەوە ، پاشان دەیە من و منیش
تیرم لە شیرەکە خواردەوە ، پاشان خۆشی
لە کۆتایدا و لەدوای هەموومان تیری
خواردەوە، جاری شەشەم کە دۆشی یەوە
دایەوە دەست ژنەکە و ووتی ئەوەش
هەڵبگرە بۆ هاوسەرەکەت با ئەویش
!!.. تێربخواتەوە
بە پێکەنینەوە هەڵسانو رۆشتن و منیش لە

تاو جوانیو سەرسوڕمانم بۆ ئەو پیاوە
بەدیاریەوە حەپەسابووم نەمدەزانی کێیەو
چیە و ئەوان ڕۆشتن و منیش کەمێك لەبن
سێبەری دەوارەکەیپشتەوە دانیشتبووم
نەمدەزانی چی بکەم و لەپڕ پیاوێك بە
دەنگی بەرز هاواری کرد .. دایکی
مەعبەد ، دایکی مەعبد لە کوێت وەرە
ئەو ئاوەم لێبگرە و بیکە مەرکانەکە بە
مەڕکان کۆکەمەوە بیانکەمە ناو
!..پەرژینە
بەدەمیەوە چوو من هەر لە پشت
دەوارەکەوە بووم گوێم لێیان بوو ،
ژنەکەش بە پیاوەکەی گووت بەخێر

! .. بیتەوە باوکی مەعبەد
لەپڕ باوکی مەعبەد ووتی : ئەو شیرەت
!لەکوێ بوو لە ناو ئە جامەدا؟
هاوژنەکەی وەڵامی دایەوە ، ووتی
.. دەمەوێت شتێکت بۆ بگێڕمەوە
ئەمڕۆ شتێکی سەیر روویدا ئەویش
پیاوێك و چەند کەسێك هاتنە ئێرە ..ئەو
پیاوە هەتا بڵێیت دەموچاوی روناکو پڕ
نوور بە ویقار بوو .. خاوەن ڕەوشتێکی
بەرزو لەسەر خۆ بوو ، تا ئێستا مرۆڤی
وا جوانم نەدیوە، هەر بەبینینی دەبوو
ڕێزی لێبگریت .. دەموو جاوی ئەوەندە
جوانو بوو حەزم نەدەکرد چاوم دابخەم لە

ئاست دەموو چاویدا ، بەڵام لەتاو وویقارو ڕێزو گەورەی چاوم داخستو سەر زەلیل بووم لە ئاستیدا ..!

ئەوژنە راستی کرد ، منیش ئەو پیاوەم کە بینی نەمتوانی خۆم بگرم لە ئاستی وویقارو گەورەیدا چاوەکانم داخست و لە خزمەتیدا وەستابووم ..

گوێم لە ژنەکە بوو واتا دایکی مەعبەد قسەی دەکرد بۆ هاوسەرەکەی دەیگووت : باڵای بەرز بوو ، وورگی زل نەبوو بەڵکو لاشەیەکی ڕیك و پێکی هەبوو.. نەسەری بچووك بوو نە کەلە زلیش بوو ، بەڵکو سەرو سیمای زۆر شیاوبوو ڕێکو

گونجاو بوو لەگەڵ لاشەیدا ، لاشەی
دابەش بووبو بەسەر باڵایدا واتا یەك
شێوەو وەرنەگگرتبوو بەڵكو تا بڵێیت
جوانو وسیم بوو ..
باوكی مەعبەد تا ئێستا پیاوی وا جوانم
نەدیبو.. چاوی ڕەش وەك ئەوەی كل
كرابێت برژانگی ڕێك و درێژ و
سپیایەكی زۆر سپی بەجواردەوری تیلەی
چاوەكانیدا ، بەدەنگیكی زۆر پیاوانەو پڕ
سۆزی پیاوەتی قسەی دەكرد حەزت
دەكرد گوێ بۆ بگریت كە قسە دەكات
(وەك دەنگی ئەوكەسانەی كە هەواڵو
ئاگاداریەكان دەخوێننەوە لە

راگەیاندنەکاندا)، برۆکانی وەك کەوان لەسەر چاوی نەخشابوون ، پیاوێکی گەردن بەرزو کەڵەگەت گەردن ، لە سوراحی زیو دەچوو گەردنی ، ریشی پڕو نەخشاو لەسەر دەمو چاوی ..
ئینجا وەسفێکی گشتی کرد بۆ هاوسەرەکەی ووتی : کە بێدەنگ دەبوو ، وویقارێکی سەیری هەبوو حەزت بەئارمی دەکرد لەلایدا ، چاوەڕێت ەکرد قسەبکاتەوە، کە قسەی دەکرد زۆر بە بەرزی و کەسایەتیەکی بەرزەوە ئەدگووت هەموو ئاسمانو گوێلێدەگرێت و زۆر بە کەسایەتی بەرزەوە قسەکانی

دەهاتە دەروە لەدەمی ئەوەی لەبەردەمیدا
.. بوایە بچوك دەبووە
قسەكانی زۆر جوان بوو ، جۆرێك قسەی
دەكرد كە خۆشیو جوانی پێوە دیار بوو نە
درێژ دادر بوو ، نە واش بوو تێنەگەیت
لێیی ، ووشەكان ەدەمی كە دەهاتە دەروە
وەك ئەوە ووابو گەوهەرو جۆرێك لە
مەرجانو بەردی گرنبەها دەهاتە دەروە
لەدەمی ، لە دوورەوە بتیبایە جوانرین پیاو
بوو ، لە نزیكیشەوە ، جوانی بێووێنە بوو
،كەسێكی كەڵەگەت بوو نە بچوك نە
درێژ ، لەو خەڵكانەی لەگەڵیدابوون لە
هەموویان جوانتر بوون هاوڕێكانی زۆر

وابەستەی بوون ئاگایان لێی بوو ، وەك پاسەوان ووابوون لەگەڵیدا ، هەر قسەی بکردایە یەکسەر بێدەنگ دەبوون ، ئەمری بکردایە جێبەجێیان دەکرد ، زۆر زیاد لە پێوویست ئیحترامیان دەگرت .
واهەستت دەکرد پاسەونێکیزۆر بە دەوریەوەیەتی .. رووخۆش دیاربوو ، ماندووبونی پێوە دیار نەبوو هەرگیز .. هەست ناکەیت تورەبووبێت لە ژیاندا لەدڵی خۆمدا ووتم ئێستا مێردەکەی ئەیداتە بەرشەق ، چۆن ئەو هەموو وەسفەی پیاوێکی نەنسیاوی کرد لەبەردەم هاوسەرەکەیدا.!

باوکی مەعبەد: دەنگی بەرزکردوە ووتی
ئەی دایکی مەعبەد ئەوە ئەو پیاوەیە کە
قوڕەیش بە شوێندا دەگەڕێیت!؟
لەدڵی خۆمدا ووتم ئەوە باسی چی دەکەن
، ئەم شاتانەی باسی دەکەن قوڕەیش و
ئەو پیاوە جوانخاسو بەڕێزە .. یەکسەر
قسەکەی فەرگەلیم بیرکەوتەوە ، ئەوە
کتێبەکەیە منی هێناوە بۆلای سەردەمو
کاتی پیغەمبەر ﷺ ، واتا ئەو پیاوەی
بینیومە پێغەمبەر بوو ﷺ، راستی کرد
فەرغەلی ، خەریك بوو راکەم بەشوێنیدا
و لەدواوە یەکیك پشت ملی گرتم
شمشێرێکی لەسەر ملم دانابوو ،

هاواریکرد دایکی مەعبەد دزێکم گرت !؟

ماکوان: کورە بیکە بۆخاتری خوا دزی چی من ماکوانم بە خێزانت بڵێ ریبوارم دەمێکەیە لێرەدانیشتووم ، سەرم لێشێواوە .. نەمزانی چی بۆ باس بکەم

باوکی مەعبەد: تۆ کێیت و سەر بەکام عەشیرەتەی؟

ماکوان: قوربان من سەر بە عەشیرەت و شتی وا نیم من لە وڵاتی نەرویجەوە و کتێبێکم دەخوێندەوە چاوم لەسەر کتێبەکە بەرز کردەوە هاتمە ئەم ناوچەیەی ئێوە خۆشم نازانم بۆ کەتومەتە ئەم ناوەوە وازم

لێبهێنه با بڕۆم به شوێن ئەو پیاوەی كه
پێشتر لێرەبوو.. من ڕێبوارم و دزیش
ناكەم ئەگەر پارەت ئەوێت بتدەمێ؟
باوكی مەعبەد: باشه پارەم دەوێت
چەندت پێیه؟ دەستم كرد به گیرفانمدا
٢٠٠ كرۆنی نەرویجیم پێبوو دامه دەستی
وایزانی گاڵتەی پێدەكەم ، ووتی من
درهەمم دەوێت ئەم وەرەقەیه چیه؟ ئەوه
كەی پارەیه هەڵمدەخلەتێنی؟
ماكوان: كاكه بیكه بەڕای خوا
هەڵخلەتاندنی چی، وەڵڵا ئەوه پارەیه
نزیكەی ٤٠ دۆلاره!
باوكی مەعبەد: دۆلار چییه و من دۆلارم

بۆ چییە، درهەمم دەوێت پێتە یان نا؟
ماکوان: نەبەخوا پێم نیە، ئیتر پشتی ملی گرتم و بردمیە خێمەکەی خۆیان تەماشام کرد بتێکی تێدایە رووی کردمە بتەکەو خەریک بوو بمکوژێت.
دایکی مەعبەد: بۆ وای لێدەکەیت چی کردوە؟ کوشتنی ئەو کوڕە هیچ بە تۆ دەگەیەنێت؟
کە وای ووت باش بوو دەستی هەڵگرت ، دوای بۆم دەرکەوت ئەو خێمەیە یاخود دەوارەی لەوێدا هەڵدراوە لە نێوانی مەککەو مەدینەو خەڵکی بۆ ئیسراحەت لەوێدا لایان ئەداو پارەیان ئەدا..

ئیتر ئازادی کردم و منیش ئێوارە بوو درەنگانێك ، پێمووتن تکایە پێم بڵێن ئەو پیاوە چۆن رۆشتوە با منیش شوێنی بکەوم بەڵکو بیدۆزمەوە؟
وەڵامیان نەدامەوە و نزیك دەوارەکە بوومەوە ، بانگێکم کرد لە ژن و پیاوەکە هاتنە دەرەوە، ئاگام لێبوو پیاوەکە ووتی:
عاتیکە وازی لێبێنە با بڕوات جلوبەرگی سەیرەو لە شێت دەچێت، هەندێك وەرقەی رەنگاورەنگی دەرهێناوە دەیوست من بخڵەتێنێت ئەیووت ئەوە پارەیە!
عاتیکە: مەعبەد گوناحە ناونیشانی بەرێو با بڕوات.

مەعبەد: تەماشای ئاسمان بکە، ئەو ٧ ئەستێرەیە دەبینی بەرەوڕوی بڕۆ و بەڕۆژدا ئیسراحەت بکەو بەشەودا بڕۆ ئەگەیتە شاری یەثریب، باشە؟
مەرکانەیەکی بچوکی دامێ پڕبوو لە ئاو ووتی بیبە با لە تینواندا نەخنکێیت.
لە خۆشەویستی پێغەمبەری خوا ﷺ شوێن ٧ ئەستێرەکەی ئاسمان کەووتم ، بیرم کەوتەوە لە کوردستان پێیان دەووت، حەوتەوانان بەپەلە کەوتمە ڕێ بەشووێن پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەوەندە بە خێرای دەڕۆشتم جاری وا هەبوو رامدەکرد دەمووت، بەڵکو پێیان بگەمەوە.

زیاد لە تاقێك رێگام كرد بەرەبەیان دەركەووت زۆر ماندوو بووم چوومە تەنیش بەردێك ماندویەتیم بحەسێتەوە وپشوو بدەم، خەوم لێكەووت.

چاوەڕوان بن بزانن چی بەسەرمان دێتو بڵێی بگەینەوە بە پێغەمبەرو نهێنی ئەو كتێبە چیە كە پێمە.

دڕندەیی مرۆڤ و بازرگانە مرۆڤ فرۆشەکە

لە تەنیشت تاشە بەردێکەوە خەوم لێکەوتبوو نوکێکی تیژ لەسەر گەردنم دانرا بوو خەریك بوو دەیچەقاند بە ملمدا، کە چاوم بەرزکردەوە سێ کەسی ناشرین بەدەورمەوە بوون بەتایبەت ئەوەی کە شمشێرەکەی خستبووە سەر

گەردنم کابرایەکی سەرو قژ درێژ کە لە

هەموویان ناشرینتر بوو ووتی: هەڵسە چی دەکەیت لێرە خەڵکی کام وڵاتی؟
ماکوان: کوردم و لە وڵاتی نەرویجەوە هاتووم.
دەستیان کرد بە پێکەنین و تەماشایەکی جلوبەرگەکەیان کردم و دەستیان کردەوە بە پێکەنین.
گوێم لێبوو یەکێکیان ووتی: با بیبەین بیفرۆشین لە بازاڕ؟
پانتۆڵیکی کابۆو کراسێکی شین و بلوسێکی مارکەی تومی تایلەرم لەبەردا بوو بەجلەکانم پێدەکەنین.
ووتیان: ئەی چۆن دەتوانی بە عەرەبی

قسە بکەیت؟ ماکوان: لە خۆشەویستی
ئیسلام خۆم فێری عەرەبی کردوە. هەرکە
وام ووت دایانمە بەرشەق و نێزەی
شمشێرەکانیان و لە دەلاوە جلەکانمیان
دڕاند و خوێن بە پشت و دەست و گیانمدا
دەهاتە خوارەوە. بەو گەرما بە پێ بردیانم
بە حەبلێک بەستبومیانەوە تا نیوەڕۆیەکی
گەرم کە رۆژ ستون بوو بەسەرمەوە
ئەوەندەی زانیم توانام نەماو لە هۆش خۆم
چووم کە بە ئاگا هاتم لە ناو کۆمەڵێك
خەڵکی ڕەش پێست و ئافرەتدا بووم
لەسەر سەکۆیەك دانرابووم.
فرۆشتبوومیان بە کابرایەك لە بازاڕێکدا،

پێیان ووتبوو ئەم کەسە خەڵکی بیلادی رۆمە. کەسێکی ڕەش پێست ئاوێکی گەرمی پێبوو ووتی بیخۆرەوە با تۆزیك هێزو توانات تێبێتەوە، لێوەکانت قڵیشاون. زۆر خەفەتم خوارد، بۆ وام لێهاتووە؟ بیری ماڵو منداڵم دەکرد، لە دڵی خۆمدا ووتم کورە بۆ خاتری خوا ئەمە خەوە من دەیبینم. کەی ئەمە سەردەمو کاتی منە؟ هاوارمکرد لەخەڵکەکە، خەڵکینە من ناوم ماکوان-ە خەڵکی شاری پێنجوێنم و جنسیەی وڵاتی نەرویجم هەیە، ئەو خەڵکە تەماشایان دەکردم وەك ئەوەی تەماشای شێت بکەن. ئەوکەسەی کە

منیان پێفرۆشتبوو هات لەگەڵ دوو کەسی زلی تردا یەك دوانێکیان کیشا بەسەرمداو .ووتیان: قسەبکەیت سەرت دەبڕین
هیچ چارم نەما تۆزێك خۆم بادا لەدڵی خۆمدا ووتم بابە خەوە با تورەیان بکەم تا ئازارم پێبگات و لەم خەوە ناخۆشە .خەبەرم بێتەوە
هاوارم کرد دیسانەوە ئەوکەسەی کە ئەیفرۆشتین هات دوانی لەگەڵدا بوو بەقامچی ئەوەندەی پێدا کێشام هەتا دیسانەوە لە هۆش خۆم چووم، کەمێکی پێچوو هۆشم هاتەوە هەستم کرد نوێژی نیوەڕۆ و عەسرم نەکردووە، بە یەك

دوانێکم ووت: ئەرێ دەمەوێت بڕۆم دەست نوێژ بگرم بچم بۆ تەوالێت، چی بکەم؟
هەر لێم تێنەگەیشت، هەڵسام چووم بۆلای ئەو کەسەی کە دەیفرۆشتین لە بازارەکەدا ووتم: ئەمەوێت دەمو چاوم بشۆمو دەست نوێژ بگرم.
ئەویش ووتی باشە ، دەموچاوت بشۆ بەندەیەکی ئاقڵ بە کەسێك ئەیەویت بتکڕێت، ئەتفرۆشم بەو دەوڵەمەندێکی باشە.
لەدڵی خۆمدا ووتم ئەوە خۆ بەڕاستە من لەم سەردەمەدام و خەو نیە. چار نیە

دەبێت چاوەڕێ بم تا بزانم دەگەمە کوێ، بەڵام تەحەمولی ئەو قسەم نەکرد کە بڵێت ئەتفرۆشم دەستم دایە خنجەرەکەی و دەرمهێنا خستمە سەر ملی.

ماکوان: یەك سەگباب پێتە پێشەوە ئەم مرۆڤ فرۆشە دەکوژم و ئەوەش دەکوژم دەست بهێنێتە پێشەوە.

لە مەڵاسدا بووم خۆم ڕزگار بکەم، بەڵام لە پێشەوە سەرقاڵیان کردم بەهۆسەو دەنگە دەنگ تا لەدواوە کێشیانەوە بەسەرمدا. وویستیان بمکوژن بە شمشێر، کابرای مرۆڤ فرۆشم خستە بەر شمشێرەکەو کردمە قەڵغان بۆ خۆم هیچ

فایدەی نەبوو، ئەوەندەم زانی و
خوای گەورە کردی فەرغەلیم بینی بە
روو رووم هات ، جنجەرەکەم لەسەر ملی
مرۆڤ فرۆشەکە دانابوو.
فەرغەلی رووی کردە کابرا و ووتی: ئەو
بەندە هارو هاج و عەجولە بەچەند
دەفرۆشی بەمن؟
مرۆڤ فرۆشەکە: بەچەند ئەتەوێت بۆ تۆ
بەس لە دەستی رزگارم کە؟
فەرغەلی: ١٠٠ درهەم باشە؟
مرۆڤ فرۆشەکە: تۆزێك بەر لەئێستا بە
هەزار درهەم کڕیومە.
کەوای ووت جنجەرەکەم لە ملی قایم

کردو بردمە سەر خوێن.
هاواری کرد نامەوێت بۆ تۆ بیبە بە ١٠٠ درهەمەکە.
فەرغەلی: ئەوە کرێم و ماڵی منە ئەو کەسە.
ماکوان: شێخ فەرغەلی من چی بکەم، نەجاتم بدە.
فەرغەلی : لەگەڵ مندا دێیت، وەرە لای من و واز لەو کابرایە بهێنە.
ماکوان: باشە؛ وازم لێهێناو لە ترساندا خۆم خستە پشتی فەرغەلی-ەوە.
مرۆڤ فرۆشەکە: لێتدەکڕمەوە بە ٣ کیسە درهەم، واتا سێ هەزار درهەم، تەنها

دیکوژمەوە لەبەرانبەر ئەوەی جورئەتی
کرد وای کرد بە من لەم بازاڕەدا.
فەرغەلی: کەمە زیادی بکە ئەتدەمێ
بیکوژە، چونکە ئەوە کوڕی یەکێکە لە
پادشاکانی ڕۆم.
مرۆڤ فرۆشەکە : کردیە ٥ کیسە درهەم!
فەرغەلی: نایدەم، ئەگەر وویستت پێت
دەفرۆشمەوە بە ١٠٠ کیسە درهەم.
کابرای مرۆڤ فرۆش وویستی پەلاماری
هەردووکمان بدات بە خۆیو بەندەکانی تر
کە لەگەڵیدابوون، سەیر دەکەم فەرغەلی
شمشێری دەرهێنا و یەك دوانێکی تریش
شمشێریان دەرهێنا لەگەڵ فەرغەلی

بوون.
منیش خنجەرەکەم پێبوو.
فەرغەلی: خۆ هیچ نەکەین دەتوانین دە بەندەت بکوژین، دوایی خۆت زەرەر دەکەیت و بەندەکان و پارەکانیشت دەڕوات.
کە وای پێووت کابرا ترسا و هەردوولا جیابووینەوە و رۆشتین.
فەرغەلی ٣ ووشتری پێبوو لە ناو کۆپانی یەکیك لە ووشترەکاندا دزداشەیەکی بۆ دەرهێنام ووتی بیکە بەرت با لە بەشەر بچیت بەم پانتۆڵەتەوە ئیستا جێگای پێکەنین و سەرسامی ئەو خەڵکەیە.

ماکوان: کاکە بۆ واتکرد بە من؟ تۆ ووتت
پێغەمبەر ﷺ دەبینیت، بەڵام من بووم بە
کۆیلە .. خوای گەورە رزگاری کردم،
ئەمە چ سەردەمێکە ؟
فەرغەلی: من درۆم لەگەڵ نەکردی تۆ
بەخزمەت پێغەمبەر ﷺ گەیشتی لە ڕێگای
کتێبەکەوە وایە؟
ماکوان: لە ڕاستیدا وایە، بەڵام چی بکەم
بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ سەردەمی خۆم؟
فەرغەلی: کتێبەکە بدۆزرەوە داییخە با
هەردووکمان بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی
خۆمان.
ماکوان: جا نازانم لە لای تاشەبەردێك دا

دامنابوو کە منیان هەڵساند نازانم چی لێهاتووە، حەتمەن بردویانە. فەرغەلی: کەمادام وایە دەبێت بگەڕێین بەشوێن ئەو کتێبەدا، نازانی ئەو جێگایە ناوی چی بوو؟

ماکوان: لای دەوارەکانی باوکی مەعبەد بووم، رۆژێك ڕێم کرد بەرەو رووی حەوت ئەستیرەکان تا بەرەبەیان خەوم لێکەوت لەو جێگاییە، ئاوا دەزانم ناونیشانت بدەمێ. فەرغەلی: باشە نازانی باوکو دایکی مەعبەد ناویان چییە؟

ماکوان: نازانم ؟

فەرغەلی: ئەیدۆزینەوە.

کەمێك ڕۆشت و هاتەوە بۆلام من بەدوای ئاودا دەگەڕام دەست نوێژ بگرم و نوێژ بکەم.

به هاوڕێکانیم ووت ئاوتان پێیە؟

مەرکانەیەك وەك مەشکە وابوو پڕبوو لەئا،و ئاوەکە شیرن و کەمیك ساردبوو تێروپڕم خواردەوە و دەست نوێژم گرتو دەستم کرد بە نوێژ لەپڕ ووشرترەکانی هێنایە لامەوە ووتی با کەس پێت نەزانێت نوێژ دەکەیت ئەگینا ئەتکوژن، شاردمیەوە لەبەینی ووشترەکانیدا.

ماکوان: بۆ دەمکوژن؟

فەرغەلی: ئەی نازانیت پێغەمبەریان ﷺ

دەربەدەرکردوە لەسەر ئەم دینە، تۆش ئەتەوێت نوێژ بکەیت ئێستا بزانن پارچە پارچەت دەکەن.

منیش بەپەلە نوێژەکانم کرد.

ماکوان: ئێمە لە کوێین ئێستا؟

فەرغەلی لە بازاڕی شارێکی بچوکی دەرەوەی شاری مەککە.. خۆ ئەگەر لە بازاڕی گەورەی مەککەدا ئاوا پەلاماری سەید و گەورەکەت بدایە ئەوە یەکسەر دەیانکوشتی ئەوێ ناوی بازاڕی (زولمجازە) ناوی باوك و دایکی مەعبەدیشم دۆزیەوە، ناویان حەبەش و عاتیکە-یە بابڕۆین لەم ناوە وون بین.

ماکوان: باشە بابڕۆین، دنیایەك قسە لەدڵمایە، دەمەوێت بەگەڕێمەوە بۆلای ماڵ و منداڵەکەم و بۆ سەردەمو شوێنی خۆمو ئیشوکارەکەم.

فەرغەلی: ئەی ناتەوێت جارێکی تر پێغەمبەرمحمد ﷺ ببینیەوە و شوێن کەووتوی ئەو بیت؟

نەمدەزانی چی بکەم، هەردووکیانم خۆش دەویستن نەمدەزانی لەو کاتەدا بڕیاری چی بدەم، بۆیە دەنگم بەرزکردەوە و ووتم من هەرشوێن کەوتووی رسول اللە- م ﷺ، بەڵام نە سەردەم وە نە شوێنی من ئێرەیە.

فەرغەلی: خۆت داوات کردوە و

هەڵتبژاردوە، با بڕۆین جارێ کتێبەکە بدۆزینەوە، ئەوکات خوای گەورە کارمان بۆ ئاسان بکات.

لەرێگادا فەرغەلی باسی ئەوەی بۆدەکردم کە پێشەکی کتێبەکەم خوێندۆتەوە، پاشان لاپەڕەی زۆرم هەڵداوەتەوە، ئەگەر وەك خۆی بمخوێندایەتەوە نەدەهاتمە ئەم سەردەمە.

ماکوان: واتا ئەگەر لەسەرەتاوە دەستم بەو کتێبە بکردایە ، بەم شێوەیەم بەسەردا نەدەهات؟

فەرغەلی: بەڵێ؛ بەدڵنیاییەوە وات بەسەر نەدەهات و منیشت نەدەخستە

نارەحەتیەوە.
ماکوان: فەرغەلی ئەرێ بەڕاست تۆ کێیت و چیت و بۆ وا لەمن دەکەیت؟
فەرغەلی: بە پێکەنینەوە؛ باش بوو بیرت کەوتەوە، بەڵام جاری کاتی ئەوە نیە.
کە گەڕاینەوە بۆ هەمان جێگا و بۆلای دەوارەکەی دایك و باوکی مەعبد، چوومەوە سەر ئەو ڕێگایەو بەپەلە رامکردە لای تاشە بەردەکەو بەدەوریدا گەڕام، باش بوو سوپاس بۆ خوا کتێبەکەم دۆزییەوە و هەڵمگرتەوە.
فەرغەلی: بە پێکەنینەوە؛ لای پێغەمبەر ﷺ دەمێنیتەوە یان دەچیتەوە بۆ لای ماڵ و

منداڵ؟
ماکوان: دەچم بۆ لای ماڵ و منداڵ و دەگەڕێمەوە، پاشان خۆم ئامادە دەکەم تا دووبارە بگەڕێمەوە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ.
فەرغەلی: قسەی نەکرد و دەستی کرد بە پێکەنین، بەڵام پێکەنینێکی زۆر جوان، کتێبەکە بکەرەوە لاپەڕە ٤٢ بخوێنەرەوە؟
ماکوان: باشە؛ لاپەڕە ٤٢م کردەوە نوسرابوو ڕێگا بە پێغەمبەر ﷺ گیراوە لە شاری یەسریب، ٧٠ چەتەو دز ڕێگەیان پێگرتوە و لەلایەن هۆزی (ئەسلەمەوە).

سەرم بەرز کردەوە کە بڵێم پەشیمانم دەچم بۆ خزمەت پێغەمبەرﷺ ، چەتەکان ڕێگەیان پێگرتوە لەخزمەت پێغەمبەر گیاندا دەبم، کەتەماشام کرد لەتەنیشت دەریاکەم و وڵاتی نەرویج-ەو نزیك ماڵی خۆمانم. بەڵام تاڕادەیەك دڵم خۆش بوو هەڵسام و بەپەلە چوومەوە بۆ ماڵەوە ، بەخێزانم ووت چەند دەبێت لەدەرەوەم؟

باران: هەمووی هەر ٤ بۆ ٥ کاتژمێرە لەدەرەوەیت، خێر هیچ بووە؟

ماکوان: ڕادەبوێری؟ من زیاد لە هەفتەیەکە لەماڵەوە نیم.

باران: نا - تۆ رادەبوێری، پێم بڵێ

سەیارەکەت کڕی؟ ماکوان: وەرە تەماشایەکی پشتم بکە بزانە جێگای شمشێری پێوەیە یان نوکی جنجەر؟
باران: بۆ؟ ناشێت شەڕت نەکردبێت.
ماکوان: تۆ تەماشایەکی بکە.
باران: نەوەڵڵا هیچی پێوە نیە و عەیبی نیە.
ماکوان: کەواتە ئەوەی من بینیم چی بوو؟
باران: چیت بینیوە، باشی شکور ماکوان؟ بۆ وا شڵەژاوای؟ ماکوان: جا نازانم چیت بۆ باس کەم.
باران: باسیکە جیت بینیوە باسی بکە؟

شەڕتکردوە لەگەڵ خاوەن پێشانگاکە؟

ماکوان: دوای بۆت باس دەکەم.

لە دوای ئەوەی کە گەڕامەوە سەردەمی
خۆم هەستم بە ئارامی نەدەکرد، زۆر جار
لە دڵی خۆمدا دەمووت ئەگەر ئیمانت
باشە و خواناسی چۆن پێغەمبەرﷺ
بەجێدەهێڵی؟ ئەگەر حەز بە سەرکەوتنی
دینی خوا و شەریعەی ئیسلام دەکەیت و
حەز بە تەوحید دەکەیت چۆن ناچیتە
خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ ئەو هەلە بۆ
کێ هەڵدەکەوێت، کە بۆ تۆ هەڵکەووتوە؟
لەم قسانەدابووم لەگەڵ خۆمدا سێ و
دووی دڵی خۆم دەکرد بۆ گەڕانەوە، وام
دەزانی بلیتی فڕۆکەم بڕیوە جانتاو
کەشکۆڵم پڕدەکەم و دەڕۆم ، بۆ

سەردەمێکی تر دیسانەوە خۆم ئامادەکردەوە کتێبەکە بخوێنمەوە بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ ئەو سەردەمەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماڵی خۆماندا بە تەنها لە ژوورێکدا دانیشتم و کتێبەکەی مام فەرغەلی-م کردەوە بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە مەبەستمە.

لەدوای ئەوەی کە ماوەی نیو کاتژمێر بەردەوام بووم لە خوێندەوە، بەڵام هیچ رووی نەدا! سەرم بەرز دەکردەوە لە ژورەکەی ماڵی خۆماندا بووم.

بەدەم خۆمەوە بە بۆڵە بۆڵ لەژوورەکەدا

ووتم حەزقیل حەنانە، سەسیل، ئەگەر ئێوە بوون ئاسایە پێم خۆش بووە بە مەرجێك بمبەنەوە بۆ ئەو سەردەمە، هیچ دەنگ نەبوو لەپڕ خێزانم خۆی کرد بە ژووردا.

باران: سەرمات نیە، هیتەرێکت بۆ داگیرسێنم؟ بۆ نایتە ژووری دانیشتن منداڵەکان خەتوون ئارام و بێدەنگە؟

ماکوان: باشە وا هاتم.

هەڵسام چوومە ژووری دانیشتن، خێزانم لێی پرسیم ئەم کتێبە چیە بەدەستەوە؟ زۆر گرنگی پێئەدەیت باسی چی دەکات؟

ماکوان: وەکو باس باسەکانی زۆر

گرنگن، بەڵام وەك تێگەیشتن کاتی دەوێت و پێویستی بە خوێندنە لای مامۆستایەك.

باران: ئەی خۆت ناتوانیت بیخوێنیتەوە لێی تێبگەیت؟ ماکوان : بڕواناکەم قورسە.

لەم قسانەدابووین جارێکی تر سەرم بەسەر کتێبەکەدا شۆڕ کردەوە ئەم خوێندەوە و زوو زوو سەرم بەرز دەکردەوە سەیرێکی ئەملاولای خۆمم دەکرد.

باران: ئەوە سەرت دێشێت؟ وازی لێبهێنە مادام ماندووی بیخە کاتێکی تر.

ماکوان: ئەرەوەڵڵا ماندووم، کتێبەکەم

داناو خۆم درێژ کرد بۆ ئەوەی تۆزێك ماندویەتیم بحەسێتەوە.
چاوم چووە خەو لە خەومدا شێخ فەرغەلی هاتە لام بە پێکەنینەوە.
فەرغەلی: هەموو کارێك نیەتی دەوێت هەرکات نیەتی خۆتت ساف و پاك کردەوە ئەوەی ئەتەوێت بۆت ئەنجام ئەدرێت.
ماکوان: شێخ فەرغەلی گیان هەمیشە نیەتم بەرانبەر بە ئیسلام ساف و بێگەردە.
فەرغەلی: راستە، بەڵام زۆر جار نیتەکانمان پێوویستی بە پاك کردنەوەیە، زۆر جار ئاڵتوون تۆزو خۆڵ دەیگرێت

یان هەر شتێکی جوان پێوویستی بە پاکردنەوەیە نمونەی ئاوێنە تا پاك بێت جوانتر نیشانت ئەدات، هەموو نیەتێکیش پێویستی بە سێ پایە هەیە.

هەستم کرد ئەو ماوەیەی کە کتێبەکەم دەخوێندەوە باسی نیەت و و کردار وزانستی دەکرد، کەچی شێخ فەرغەڵی هەمان قسەی دووبارە کردەوە.

سێ پایەی گرنگ هەیە بۆ گەیشتن بە پێغەمبەری خوا ﷺ. یەکەم: نیەت بە ئیخلاص وپاکی.

دووەم: کردار و بانگەواز بۆ ئیسلام.

سێیەم: هەوڵدان بۆ زانست و فێربوون لە

ئاینی ئیسلام.
لە پڕ ڕاپەریم و چووم دەست نوێژم گرت و دوو رکعات نوێژم کرد و داوام کرد لە خوای گەورە لە تاوان و گوناحەکانم خۆش بێت و نیەتم ساف و پاك بکاتەوە بۆ خۆی.
بە زەلیلی لەم موناجاتەدا بووم لە نێوانی خۆم و خوای پەروەردگاردا، ڤایبەری تەلەفونەکەم لێیدا کە وەڵامم دایەوە کەسێك وتی من مولحیدم چەند پرسیارێکم هەیە ، ئەگەر رێگام پێبدەیت؟
ماکوان: بەڵێ ئاسایە، بە مەرجێك تانەو تەشەر نەدەیت و هەوڵبدەیت تێبگەیت. خۆ

ئەگەر بۆ تانەو تەشەر و قسەی دەمبازیە نە من والێبکە بچوك ببمەوە و بێمە ئاستێکی نزم، نە واش بکە شکۆی خۆت بشکێنیت و زەلیل بیت. مولحید: نا ـ کاك ماکوان بەڕێزت باش دەناسم و ناهێڵم تورەبیت، بەڵام هەندیك پرسیارم هەیە ئەگەر وەڵامم بدەیتەوە مەمنون دەبم، ئەگەر زیادەڕۆیم کرد بموەستێنە. بێحورمەتی ناکەم، چونکە هەمیشە رێزی تۆم لایە دەزانم ماندوویت و ڕێزی ماندووبونت دەگرم.

ماکوان: باشە فەرموو، مادام وایە منیش لە خزمەتدام. دەکرێت بزانم ناوت چییە تا

بەو ناوە بانگت بکەم، نامەوێت بتناسم کێیت و چیت وە دەمەوێت ئاستی خوێندەواریشت بزانم بۆ ئەوەی لە ئاستی جەنابتاندا وەڵامەکان بدەمەوە ئەگەر زانیم.

مولحید: ناوم سەربەستە خەڵکی شاری سلێمانیم و یاریدەدەری پزیشکم (معاون طب)، بە هەمیشەی ئاگام لە پەیج و لایڤو قسەکانتە ، بەتایبەت جەنابت و مامۆستا کرێکار و مامۆستا کوڕی پاك.

ماکوان : فەرموو..

سەربەست: چەند چیرۆك لە قورئاندا هەیە زۆر زیادەیەو هیچ پەندە

ئامۆژگاریەکی تێدانیە، کە مادام وایە
بۆچی خوای گەورە نوسیویەتی. من گوێم
لە تۆ بووە دەڵێیت هیچ شتیك نیە لە
قورئاندا کە حیکمەتو هۆکاری نەبێت.
ئادەی هۆکاری ئەم چیرۆکانە چین؟
ماکوان: چەند دانەیەکم پێ بڵێ بۆ نمونە.
سەربەست: چیرۆکی فیل و ئەبرەهە،
یاخود چیرۆکی ئەو کۆمەڵەیە بەناوی
ئوخدود، یان ئەبولەهەب و ژنەکەی یان
سورەتی کەوسەر.
ماکوان: قسەکانت روون نیە، ئەو
چیرۆکانە زۆر بەی زۆری نەکبێ سود
نین، بەڵکو موعجیزەشن. تۆ خۆت چۆن

لێی تێگەیشتوویت ڕوونکردنەوەی خۆت بدە تا منیش لە گۆشە نیگای خۆمەوە دیدو تێڕوانینەکانمان بگۆڕینەوە. سەربەست: تۆ نالێیت قورئان لەسەر چوار تەوەر کار دەکات؟

ماکوان: بەڵێ وایە

سەربەست: ئەم سورەتانە نە بیروباوەڕە سودی لێوەربگرین، نە مێژویەکی زۆر کۆنە بە ئێمە بناسێنرێت، نە ڕەوشتە تا فێری ئاکارمان بکات.

ماکوان: پێموانیە بەو گشتاندنە بێت کە بەڕێزت باسی دەکەیت، چونکە بیرو باوەڕی تێدا بەدی دەکریت ئەوانەی

کەباست کرد ئاکارو ڕەوشتی تێدا بەدی دەکرێت و یاساو رێساشی تێدایەو مێژووی سەردەمی خۆی دەست نیشان کردوە، بۆ نمونە کەوسەر حەوزێکە لە بەهەشتە ، ئەوە بیروباوەڕە کە ئێمەی موسڵمان بڕوامان پێیەتی. ئەبرەهە و لاوەکەی ئەصحاب ئوخدود ئەوەش مێژویەکی گرنگە دەست نیشان کراوە، بەڵکو سەردەمی پێ جیاکراوەتەوە. یاسای کەون و ژیان و ژیاری تێدا ڕوون بۆتەوە، یاسایەك مرێنراوە و یاسایەکی تر زیندووبۆتەوە، ئەویش پێمان دەڵێت یاسای موعجیزە نەماوە کە تەیرو ئەبابیلەو

دەبێت یاسای هێزو توانای خۆتان کۆبکەنەوە بەسەر دوژماندا. سەربەست: روون نیە ئەگەر زیاتر روونی بکەیتەوە باشترە.
ماکوان : کاک سەربەست ئەوانەی جەنابت ئەیانوروژێنیت باسی تەلەفون نیە من شیکاریت بۆ بکەم ئەوە چەندەها وانەو کاتژمێری دەوێت تا بۆت روون بکەمەوە. من دڵنیام جەنابت باش تێگەیشیتی، بەڵام بۆ دڵنیابونی جەنابت و خۆشم هەوڵ ئەدەم لایڤێك لەسەر ئەم باسە بکەمەوە دوایی جەنابت دەتوانیت راوبۆچونی خۆت بڵێت.

سەربەست: خۆشحاڵ دەبم، کە مادام وایە
.با کاتت نەگرم ماڵئاوا
ماکوان: سەرچاو ماڵی تۆش ئاوا
کە سەربەست تەلەفونەکەی داخستەوە ،
منیش بەدوای هەندێك سەرچاوەی
مێژوویدا دەگەڕام لە کتێبخانەکەی خۆمدا،
بیرم کەوتەوە لەو کتێبەی کە شێخ
فەرغەلی دابوویمێ بەشێکی تێدابوو باسی
عەرەب و هاتنیان بۆ مەککەو مەدینەو
طائیف-ی دەکرد. چوومە سەر ئەو باسەو
.بەڵکو شتێکی نوێی لێوە فێر ببم
بەشی پەیدابوونی عەرەب، وویستم
بەگەڕێم بەشوێن ئەوەدا کە بزانم عەرەب

کێن و چین، بۆ سەردەمی خۆشیان ناوناوە
جاهیلی بەڕاستی ئەگەر جاهیلن چۆن
لەناو جاهیلەوە خوای پەروەردگار
پێغەمبەرێك دەنێرێت؟
کتێبەکەم کردەوە و چاوم خستە سەر ئەو
بەشە ی کە دەمویست لێکۆڵینەوەی تێدا
بکەم ، چاوم بەرزکردەوە لەسەری بینیم
لە تەنیشت ووشترەکەی مام فەرغەلی-ەوە
پاڵکەتووم هەمان جلو بەرگم لەبەردایە کە
ئەو پێیداوم کتێبەکەش لەژێر سەرمەوە
دانراوە دوو هاوڕێشی لەگەڵدا بوو
بەناوەکانی عابید و رازی
فەرغەلی: دەمێکە نوستوویت بڕۆین؟

ماکوان: ئەڕێ وەڵڵا سوپاس بۆ خوا کە گەڕامەوە با بڕۆین بۆ شاری مەدینە بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ.

فەرغەلی: گەڕاویتەوە بۆ سەردەمێك کە هێشتا پێغەمبەری خوا ﷺ لە دایك نەبووە.

ماکوان: شێتم مەکە، لە حەزقیل و سەسیل نەجاتم بوو ئینجا نۆرەی تۆیە مام فەرغەلی. بیکە بە ڕای خوا من لە کوێم و چیم ، لەکام سەردەمەدام پێم بڵێ بۆ ئەوەی یەکتر بدۆزینەوە بزانین بۆ چ ئامانجێك هەوڵئەدەین؟

فەرغەلی: خۆت دەست نیشانی کات و سەردەم و شوێن دەکەیت، لەدەسەڵاتی

کەسماندا نیە. خۆت هاتویتەوە بۆ ئەم شوێن و سەردەمە ئێمەش ڕاسپێراوین لەگەڵتا بین و هاوکاریت بکەین، حەزقیل و سەسیلیش ناناساین.

ماکوان: واز لە حەزقیل و سەسیل بهێنە، بەڵام ئێستا من بۆ لێرەم من هاتووم بۆ خزمەتی پیغەمبەری خوا ﷺ ؟

فەرغەلی: نا ئەوەندەی من بزانم تۆ بەدوای ئەوە دا دەگەڕێیت بزانیت عەرەب کێیەو چییە. بۆچی بەدوای شتی وا کەتویت؟

ماکوان: بڵێم چی من شوێن پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتوم. فەرغەلی: با بڕۆین

ئەگەر ئارام بگریت و لەگەڵمدا بیت بەردەوام و خاوەن نیەتی پاك و كردار و زانست بیت پێم وابێت دەگەینە پێغەمبەری خوا ﷺ.

ماكوان: ئامادەم، با بڕۆین لە خزمەتتدام.

فەرغەلی: تەنها بەو مەرجەی باسی رابوردوت مەكەو لەبیری بكەو بەدوای داهاتوتەوەبە، رابوردت چەندە گرنگ بێت بۆ ئەم سەردەمە هیچ ئەرزشی نیە. هەوڵ بدە تەماشا بكەو زانیاریەكان بگوازرەوە ئەوە كاری سەرەكی تۆیە پێدەچیت خەڵكێكی زۆر سود لەم ژیانە ببینێت كەم كەس هەیە ئاوا بگەڕێتەوە

سەردەمی رابوردو، مەگەر شەیتان و جنۆکەکان بێدین و خوانەناسەکان بەرنەوە و وەك جادوو سیحر، بەڵام تۆ نە جادووە نە هیچ تەنها گەیاندنی زانیاری و درێژ بوونەوەی تەمەنی خۆتە ، دەبێت .ووردبیت لەم گەشتەدا

.ماکوان: ئامادەم

فەرغەلی: لەگەڵ ڕازی و عابید-دا خۆت فێری شەڕە شمشێرو تیر هاویشتن بکە، تەنها بۆ پاراستنی خۆتە. ماکوان: .ئەوەشیان هەر ئامادەم

خەریکی ئەوە بووم خۆم فێری هونەری شمشێربازی دەکرد، هەستم دەکرد کارێکی ئاسان نیەو ترسناکە ، یاریکردنە بە رۆح و کایەی مەرگە، بەڵام چار نیە دەبێت فێر بم ژیانێکی نوێیەو دەبێت خۆمی بۆ ئامادە بکەم.

فەرغەلی: هاتە لام و نزیک بوەوە لێم، وەرە با چین پیاسەیەك بکەین.

ماکوان: فەرموو لەخزمەتدام.

فەرغەلی: خۆت لە هەموو کەس بە دوور بگرە ئەم سەردەمەی کە تێیدا دەژین زۆر ترسناکە هەوڵبدە لێم دوور مەکەوە. دۆزینەوەت قورس دەبێت، بەڵام گریمان

لە هەر جێگایەکدا وون بوویت لە شاری مەککەدا هەوڵ ئەدەین یەکتر بدۆزینەوە، ئەو کیسە پارانەت با پێبێت و خۆت لاواز نیشان مەدە، چونکە خەڵکی ئێرە بزانن لاوازیت دەست بەجێ دەستت بەسەردا دەگرن و پارەو سەروەت و سامانت ئەبەن و ئەتکەنە کۆیلەی خۆیان. لەبەر ئەوە زۆر وریابە لە دارستاندا دەژین هیچ یاساو رێسایەك نیە، ژیانێکی ئاژەڵی دارستانە و بەهێز لاواز لە ناو دەبات.

ماکوان: بۆچی وا دەمترسێنیت و وام لێدەکەیت هەوڵبدەم بگەڕێمەوە بۆ کات و شوێنو سەردەمی خۆم؟

فەرغەلی: کەس بە زۆر نەیهێناویت ئەوەی بۆت باس دەکەم راستیە، نەك ترساندن. ئەوەشی توشی ئەم بارو گوزەرانەی تۆ ببێت ترسنۆك نیە و نابێت بترسێت، چونکە ئەم بوارە لە خەڵکی ترسنۆك روونادات، هەوڵبدە زیاتر خۆت ئازا بکەو لەگەڵ رەوشەکدا بگونجێ.

ماکوان: باشە؛ هەوڵی تەواوەتی ئەدەم بە قسەت بکەم و لە ووتەکانت دەرنەچم.

فەرغەلی: هەوڵبدە پرسیار بکە بۆ ئەوەی بزانیت لە کام سەردەم و شوێنو جێگاو کاتدایت، ئەوەی دێت بە مێشکتا پرسیار بکە. تۆ بۆیە لێرەی بۆ ئەوەی شارەزاو

ئاگادار بیت لەم ڕەوش و واقیعەی کە ئێمەت بۆ هێناوە؟
ماکوان: لەڕاستیدا پرسیارم زۆرە، نازانم چۆن دەست پێبکەم.
پرسیم من کێم و چیم بۆ چی منتان هێناوە بۆ ئێرەو ئایا ئەمە ڕاستە کە دەیبینم؟
فەرغەلی: ئەم وەڵامە لای من نیە منیش وەك تۆ بەدوایدا وێڵم، ئەو وەڵامە لای کەسێکە کە تۆی ناردوە بۆ ئەم جێگایە.
ماکوان: کێ منی ناردوە بۆ ئەم جێگایە؟
فەرغەلی: وەك ووتم وەڵامی ئەو پرسیارە لای من نیە.
ماکوان: ئێ تۆ بە من دەڵێیت چیت لە

میشکدایە پرسیار بکە، کەچی دەڵێی لای من نیە وەڵامەکە؟
فەرغەلی: من باسی ئەم رەوش و واقیعە دەکەم کە منو تۆ تێیدا دەژین.
ماکوان: باشە؛ ئێرە کوێیە, بەرەو کوێ دەچین و ئیشمان چییە؟
فەرغەلی: بیرتە کاتی خۆی لە شاری مەککە لە کاتی حەجدا نزات کرد کە بە خەو پێغەمبەر ﷺ ببینیت؟
ماکوان: بەڵێ بیرمە، بەڵام وویستم بە خەو بیبینم ، ئەمە خەون نیە.
فەرغەلی: راستە خەو نیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئاواتەکەت دیێتە دی لە ڕێگای

کتێبێکەوە کە خەڵکی بە ملیۆنەها پارە دەیکڕن کەچی تۆ بە بەلاش دەستت کەوتوە. ئەوەی کە من پێت دەڵێم بریتیە لەوەی کە لە رووی مەیدانیەوە پرسیار بکەیت لەم جێگاو شوێن و سەردەمەی کە بۆی هاتووین.

ماکوان: باشە ئێمە لە کوێین ئێستا وە لەکام سەردەمین؟ چۆن دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ سەردەمی خۆم؟

فەرغەلی: لە جێگایەکین ناوی بەنداوی (مەئرەبە) و لە چەندین ساڵ پێش لەدایك بوونی پێغەمبەر محمد ﷺ داین. بۆ گەڕانەوەت کەی ویستت دەتوانیت

بگەڕێیتەوە، بەڵام مەرجی گەڕانەوەت
ئەوەیە کە دەست بەسەر نەبیت و لەکاتی
جەنگدا نەبیت وە لەترساندا ناتوانیت
بگەڕێیتەوە. دەبێت کاتی گەڕانەوەت هیچ
کێشەیەکت نەبیتو ئەو گەشتەی وویستوتە
تەواو ببێت و لەکاتێکی ئاسایدا
بگەڕێیتەوە.

ماکوان: ئەو بەنداوی مەئرەبە لە کوێیە؟

فەرغەلی: یەمەن .

ماکوان: بۆ لێرەین؟

فەرغەلی: بۆ ئەوەی بزانیت عەرەب کێن
و چۆن هاتوونەتە مەککە و مەدینە و ئەم
ناوچانە، چونکە ئێمە مامەڵەو

.هەڵسوکەوتمان لەگەڵیاندا دەبێت
ماکوان: بۆ چەند ساڵ هاتووینەتەوە بۆ پێش لەدایك بوونی پێغەمبەری خوا ﷺ؟
فەرغەلی: بۆ ئەوەی بزانیت بۆچی ﷴ لەم کات و سەردەمەدا و لە م جێگایەدا کراوە بە پێغەمبەرو و بۆچی لە جێگای تردا نەبووە. هۆکار چییە لەم جێگاو کاتەو سەردەمەدا هاتووە، بۆ لەسەردەمی تۆ و !جیل و رەوەندی ئێوەدا نەهاتوە؟
ماکوان: واتا شوێن پێغەمبەر دەکەوین و پاشان رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری عەرەب و ناوچەکە بەگشتی؟
.فەرغەلی: بەڵێ بەدڵنیاییەوە

ماکوان: لە گەڕانەوەی خۆم باش تێنەگەیشتم، ئەتوانیت زیاتر بۆم روونبکەیتەوە شێخ فەرغەلی برام؟
فەرغەلی: ئەم سەردەمەی کە تۆی تێدای هەندێك شت بە دەست تۆ نیە بۆ هاتن و گەڕانەوەت، بۆ هاتن سێ مەرج هەبوو: نیەت پاکی و کردەوەی جوان و گەڕان بە دوای زانستدا، بۆ گەڕاندنەوەت پێویستە لە کێشەدا نەبیت واتا لەناو کێشەیەکدا نەبیت لە ترساندا بڵێیت دەگەڕێمەوە بۆت چارەسەر ناکرێت، دەبیت چارەسەری کێشەکانت لەم سەردەمی کە ئیستا من و تۆی تێدا دەژین چارەسەری بکەیت ئینجا

دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ ناو ماڵو منداڵت
یان بۆ سەردەمی خۆت وە مردنیش
لەڕێگەدایە، ئەگەر بمریت لەم سەردەمە
ئەوە مردویت و لەویش لەسەردەمی
خۆتدا دەمریت و کۆتای بە ژیانت دێت.
تێگەیشتی و روونە؟
ماکوان: روونە خوای گەورە پشتوپەنامان
بێت، مادام بە خزمەتی پێغەمبەری خوا
ﷺ دەگەم ، ئامادەم بۆ هەموو رووبەڕو
بونەوەیەك.
فەرغەلی: بە پێکەنینەوە گرنگ ئەوەیە
سور بیت لەسەر ووتەی خۆت و پەشیمان
نەبیتەوە؟!

ماکوان: بەدڵنیایەوە پەشیمان نابمەوە خۆم و هەرچیم هەیە دەیکەمە قوربانی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ.
فەرغەلی: قسەکەی خۆتت بیر نەچیتەوە، پاشان ئەزانی بۆ لە بەنداوی مەئرەبین؟
ماکوان: فەرمووت بۆ ئەوەی بزانین چۆن عەرەب دروست بوون هاتونەتە مەکە؟
فەرغەلی: راستە، ئێستا بەرەو مەککە دەڕۆین لەڕێگا پێدەچیت دوو سوپا ببینین کە جێگای تێڕامانن سوپای فارس و پاشان سوپای ئەبرەهە!
ماکوان: بەڕاستە؟
فەرغەلی: بەڵێ بەدڵنیاییەوە رووداوی

زۆر تر دەبینین، بەڵام دەبێت زۆر ئاگاداری خۆمان بین. ئێستا ئەوەت بۆ باس دەکەم کە مەککە چۆن دروست بوە، هەڵبەت دەزانی کە بە فەرمانی خوا ی پەروەردگار حەزرەتی ئیبراهیم نێراوە لەگەڵ هاجرە خاتونی خێزانی و حەزرەتی ئیسماعیل بۆ ئەم ناوچەیە، بیری زمزم دروست بووە لە ڕێگای پەرجۆو موعجیزەیەکەوە، وایە؟

ماکوان: بەدڵنیاییەوە وایە و هەموو ئەوە دەزانین؟

فەرغەلی: ئەوەش دەزانیت کە بۆچی ناونراوە مەککە؟

ماکوان: دەزانم مەککە بەمانای گریان دێت.

فەرغەلی: راستە مەککە بە بککە هاتوە لە قورئاندا .

و إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ) مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ) (٩٦)ال عمران

واتە: بەڕاستی یەکەم خانەو ماڵ ومەنزڵگایەك کە بۆ خەڵکی دانرا لەسەر زەوی (بۆ خوا پەرستی) ئەوەیە کە لە مەککەدایە کە هیدایەت و ڕێنمویی بەخشە بۆ هەموو خەڵکی جیهان.

چونکە دەست پێکی ئەم ناوچەیە بە گریان بووە، لە بەجێهێشتنی حەزرەتی ئیبراهیم

بۆ خیزانەکەی و ئیسماعیلی کوڕی و
پاشان جێگای گریانی زۆرێکی تر بووە
لە خەڵکی. قورئانیش وەك مێژوویەك کە
عەرەب سەرسام دەکات و
دەیانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی دروست
بوونی مەککە، پێیان دەڵێت کە شارەکەتان
ناوی بنەڕەتی بککە بووە نەك مەککە
.ئەمەش موعجیزەی قورئانە
ماکوان: ڕاستە، بەڵام ئەم بەنداوە کەناوی
مەئرەبە چ پەیوەندی هەیە بەسەر باسو
ژیانی ئێستای ئێمەوە؟
فەرغەلی: ئەم بەنداوە مەئرەبە
لەسەردەمی سەبئیەکانەوە دروست بووە ،

لەسەردەمی هەڵقوڵانی ئاوی زمزم بە موعجیزە، ئەم بەنداوە بە هۆکاری لافاو دەڕوخێت و هەموو عەرەبەکان ماڵو حاڵیان لێ تێك دەچیت و ناوچەکەیان دەبێتە ئاو و دەریاچە و هەموو کۆچ دەکەن بەرەو باکوری یەمەن لەوێ دەزانن لە ناوچەی مەککە ژنێکی لێیەو لەگەڵ منداڵێکدا لەو دۆڵەدا دەمێننەوە بۆیە داوای لێدەکەن دەوارو خێوەتی خۆیان هەڵبدەن و لەئاوی زمزمیش بخۆنەوە حەقی ئەوە پارەیەك یان خواردنێك بدەنە دایکی ئیسماعیل.

ماکوان: ئەی سەیر نیە کە پارە ئەدەنە

ژنێك و منداڵێك وه ئاوه‌كه داگیر ناكه‌ن له‌كاتێكدا ئه‌وان هۆزی زۆرن، تۆش ده‌ڵێیت ئه‌مانه هیچ یاسو ڕێسایه‌كیان نیه‌و خه‌ریكی كوشتنن؟

فه‌رغه‌لی: سه‌ره‌تا وویستان ئه‌وكاره بكه‌ن، به‌ڵام كه باسی ژیانی خۆی كردو خۆی ناساند كه خێزانی پێغه‌مبه‌ره ترسان و خوای گه‌وره‌ش ترسی خسته دڵیان و وتیان ئه‌مه ته‌نها ژنو منداڵێكن. له‌ناو عه‌ره‌بدا رووبه‌ڕوبونه‌وه‌ی ئافره‌ت و منداڵ زۆر نه‌نگی بووه!

ماكوان: كه‌واته ره‌وشت هه‌ر هه‌بووه له‌ناویاندا مانای وانیه، كه هیچ به‌هایه‌كیان

نەبووە عەرەب.
فەرغەلی: نا - بەو واتایە نیە کە ئیتر هەر هەمووشتێکیان لەدەست دابێت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺدەفەرموێت: (إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق).
واتا: خوای پەروەردگار ناردوومی کە رەوشتە جوانەکان تەواو بکەم، ئەمەش واتای ئەوەیە کە لەناو عەرەبدا ڕەوشتی جوان هەبووە، بۆ نمونە درۆیان نەکردوە، وەفایان هەبووە، ئازا بوونوە هەندێك لە رەوشت و ئاکاری خۆیان ماوە کە پابەند بوون پێوەی، بەڵام لە رووی رەوشتە گشتیەکانەوە زۆر وێران بوون.

ماکوان: چۆن؟
فەرغەلی: ڕەوشت لەجزیرەی عەرەبیدا ویران بووە
.با تۆزێکت بۆ شی بکەمەوە
خواردنەوەی عارەق و مەشروب زۆر بڵاوبوە هەتا شاعیرەکان شیعریان نوسیوە بەسەریاندا هەتا ئێستا خەڵکێك شیعر لەسەر مەی و مەشروب دەڵێن شانازی پێوە دەکەن وەکو عەرەبی جاهیلی کۆن، هەروەها قومار زۆر بەربڵاوبوو لەنێوانیاندا وەکو خوای گەورە دەگێڕێتەوە بۆمان لەسەر ژنەکانیان قوماریان کردوەو ڕق و ناحەزی کەوتۆتە نێوان و شەڕیان

کردوە خوای گەورە دەفەرموێ:

(إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ اللّهِ وَعَنِ الصَّلاَةِ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾ المائده

واتا: بەڕاستی شەیتان دەیەوێت لەڕێگەی عارەق و قومارەوە دوژمنایەتی و بوغزو کینە بخاتە نێوانتانەوە لە یادکردنی خواو ناوە پیرۆزەکانی وێڵتان بکات، هەروەها سست و تەمەڵتان بکات لە ئەنجامدانی نوێژەکان، ئایا ئیتر بەس نیە؟ ئایا ئیتر کۆڵ نادەن؟! (جا هەر کە ئەم ئایەتە پیرۆزە هاتە خوارەوە، جاڕدرا بە ناو

شاری مەدینەدا: ئیتر عارەق حەرام کراوە... ئیمانداران قەڕابە و گۆزەو دیزەو هەرچی عارەقی تیابوو ڕشتیانە (کۆڵان.

پاشان سو خواردن "ڕیبا" لەنێوانیاندا دەبوایە بکرایە (إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا) البقره

چونکە ئەوانە دەڵێن: کڕین و فرۆشتن وەك سوو وایە.

زینا زۆر ئاسایی بووە پێشهاتنی ئیسلام وەکو دایکمان عائیشە دەگێڕێتەوە ٤ جۆر نیکاح هەبوە، نیکاحێکیان ئێستا خۆمان بەکاری دێنین، ئەوانەی تر وەکو ئافرەتێك

که لە حەیز تەواو دەبوو ژنی پیاوێکیش بوبێ پیاوەکە ژنەکەی دەنارد بۆلای پیاوێک کە گەورەی قورەیش بوایە یان پیاوێکی ناوداری عەرەب بوایە دەینارد خۆی نەئەچوو بەلایا هەتاکو منالێکی لێ دەبوو ئەمەش پێی دەوترا(نكاح أستبضاع). نیکاحێکی تر (رهط) یاخود(رهط) کە ١٠ پیاو لەگەڵ ئافرەتێك ئەگەر منالێکی بوایە ئەیوت ئەو منالە هی تۆیەو هیچ یارمەتییەکیش نەبوو منعی بکات لەوە دەبوە ژنی ئەوەی مندالەکەی ئەدا بەسەریدا.

نیکاحێکی تر وەکو زینابوو لە مێژوودا بە

(رايات الحمر) دەناسرا بەئاڵا سورەكان ئەناسرێ، هەركەس ئەڕۆيشت ئافرەتان لاشەی خۆيان ئەفرۆشت ئەگەر ئافرەتەكە سكی پڕبوايە لە پياوێك هەموو پياوەكانيان كۆدەكردەوە يەكێكيان دەهێنا پێ ی دەوترا (ئەهلی قافە) ئەوكەسانە بوون كە منالّيان ئەناسييەوە وەكو ئێستا كەشف دەكەن، پاشان (DNA) چۆن لەهەر كام لە پياوەكان بچوايە منالّەكە بەوەوە دەنوسا پێيان دەوت (فالتاط بە) يان (التصق بە) نوساوە پێوەی دەبوە منالّی ئەو نەيئەتوانی لێی جيابێتەوە.
عەرەب خويەكی گەندەڵيان هەبوو ئەويش

زیندەبەچاڵکردنی ئافرەت ئەمەش بەهۆی ترسان لەوەی کە هەژاربن وەکو خوای گەورە دەفەرموێ..(وَلاَ تَقْتُلُواْ أَوْلادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُم إنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْءًا كَبِيرًا ﴿٣١﴾ الاسراء
واتا: نەکەن منداڵەکانتان لەترسی گرانی و برسێتی بکوژن (چونکە پەروەردگارتان ڕۆزی بەخش و میهرەبانە)، ئێمە ڕزق و ڕۆزی دەبەخشین بەوانیش و بە ئێوەش، چونکە بەڕاستی کوشتنی ئەوان گوناهو تاوانێکی زۆر گەورەیە.
یاخود لەوەی کوڕیان نەبوە و نەیان ویستوە بەخێویان بکەن. وەشتێکی

گرنگتر ئەیان ووت فریشتەکان کچن
لەبەرئەوە ئێمە ئەم کچانە دەکوژین بۆ
ئەوەی خوای گەورە رازی بێت لێمان و
بگەڕێنەوە بۆلای ئەو، خوای گەورە
دەفەرموێت.. وَإِذَا الْمَوْؤُودَةُ سُئِلَتْ ﴿٨﴾
التكوير
کاتێك کە کچی زیندە بەچاڵ پرسیاری لێ
کرا.
بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ ﴿٩﴾التكوير
!بە چ گوناهێك، بە چ تۆمەتێك کوژرا؟
وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا
وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٥٨﴾النحل
خۆ ئەگەر مژدەی بوونی کچ بدرێت بە

یەکێك (لەو نەفامانە) ڕووی گرژو تاڵ دەبێت و ڕەش دادەگیرسێت و سینەی پڕ دەبێت لە خەم و پەژارە.

يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِن سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلاَ سَاء مَا يَحْكُمُونَ ﴿٥٩﴾ النحل

لەداخ و خەفەتی ئەو مژدە ناخۆشە، خۆی دەدزێتەوە لە خەڵکی و بەتەنها (بیردەکاتەوە): ئایا بیهێڵێتەوە بە زەلیلی و سووکی و بێ نرخی، یاخود (زیندەبەچاڵی بکاو) بیخاتە توێی خاکەوە، ئای کە چەندە بڕیارێکی ناڕێك و ستەمکارانەیە!!

لەڕوی و هۆزگەرای و شەڕی نەژاد

پەرستی و گەل و هۆز پەرستی ئەوان بەگشتی هەمیشە خەریکی شەڕکردن بوون لەناو عەرەبدا قسەیەکی بڵاو هەیە دەڵێت؛..
وَيَوْمًا عَلَى بَكْرٍ أَخِينَا ... إِذَا لَمْ نَجِدْ إِلاَّ) أَخَانَا(
ڕۆژێك ئەگەر کەسمان نەدۆزییەوە شەڕی لەگەڵ بکەین لەگەڵ بەکری برامدا شەڕ دەکەین..
شەڕیان کردوە لەسەرئەوەی تەنها یەکێکی کێشاوە بەسەر حوشترێکا شەڕێکی زۆر گەورە لەنێوان (بەنی بەکرو بەنی تەغلیب) ئەم دوو هۆزە

شەڕیان کرد بەدرێژایی مێژوو تا
سەردەمی پێغەمبەری خوا لەسەر ئەوەی
کەسێکیان لەبەنی بەکر شمشێرێکی
کێشابوو بە ملی حوشترێکا خوێن و
شیرەکەی تێکەڵ ببوو لەسەر ئەوە
بەدرێژایی مێژوو شەڕیان دەکرد.
ئەمانەن خەڵکی ئەم سەردەمە کەتێیدا
دەژین، ماکوان گیان .
لەم قسانەدا بووین ئەوەندەم زانی لە
تەنیشتمەوە گیزەی تیر هات و تیرێك
لەنێوانی هەردووقاچمدا وەستایەوە و گوێم
لە زڕەی شمشیربوو لە دوامانەوە هات و
خێرا منیش دەستمدایە شمشێرەکەم و شێخ

فەرغەلی-ش پشتی نا بە پشتمەوە و رازی و عابیدیش پشتیان نا بە پشتی یەکەوە بەدەوری خۆماندا دەسوڕاینەوە بزانین .کێنو چیان دەوێت و چواردەورمان گیرا

کۆمەڵێك چەتە دەوریان گرتین و داوای پارەیان دەکرد شێخ فەرغلی-ش بەهیچ شێوەیەك رازی نەبوو پارەیان بداتێ و هاواری دەکرد چەتەکانت مەدە بە کوشت لەبەردەم خەڵکی هەژاردا بڕۆ ڕێ بە کاروانی دەوڵەمەندان بگرە تەنها بەشی توێشوی خۆمان زادو نانمان پێیە و پێشتر رووتکراوینەتەوە لە لایەن چەتەکانی

حەبەشەوە، ئێوە عەرەبن هاوکاریمان بکەن کەچی ئێوەش چەتەیی بەسەر براکانی خۆتانەوە دەکەن؟

کە وای ووت رۆشتن و دەوریان لێچۆڵ کردین، خێرا داوای کرد کە ئەم ناوچە بە جێ بهێڵین و بەرەو مەککە و طائیف بکەوینە ڕێ.

لەڕێگادا لە شێخ فەرغەلی-م پرسی ئایا عەرەب چۆن بڵاو بوونەتەوە بەم ناوچانەدا؟

فەرغەلی: لەدوای ئەوەی کە بەنداوی مەئرەب رووخاو عەرەب بە گشتی لە ناوچەکانی یەمەن بەربڵاو بوون

زۆرێکیان رۆشتن بەرەو شام کە هۆزی غەساسینەکان بوون و کۆمەڵێکی تریان چوونە نزیك بەحرەین و کوێت-ی ئێستاو خواروی بەصرە-ی عێراق بەناوی هۆزی منازیرە و لە طایفش هۆزی سەقیف و لە مەککە-ش هۆزی جورهەم کە زۆر رێزیان لە خاتوو هاجەر گرت کە ووتی هاوسەرەکەم پێغەمبەرەو کوڕەکەشم هەر پێغەمبەرە، چونکە ئەو سەردەمە پێغەمبەرایەتی وەرەسە بووە. بۆیە کە ئیبراهیم گەڕایەوە بەئاسانی ئاینی تیدا بڵاوکردەوە، هەروەها ئیسماعیل-ی کوڕیشی هەر بانگەوازی دەکرد لەناو ئەو

.گەلو هۆزەدا
ماکوان: ووشەی عەرەب واتای چییەو لە چییەوە هاتووە؟ فەرغەلی: قسەی زۆر هەیە لەسەر مانای ووشەی عەرەب، بەڵام ئەوەی کە بەربڵاوە رۆژئاوایەکان دەڵێن بەمانای ووشکو برینگی و دوور لەئاو وسەوزایی دێت. عەرەبەکان خۆیان دەڵێن بەواتای پاکو روون ئاشکرا دێت کە هیچی تێکڵاو نەکرابێت، نمونە دەهێننەوە کە دەڵێن هەر کەرەستەو شتومەکێك بە قیمەت و هیچتێکڵاو نەکرابێت دەڵێن ئەوە عەرەبە، هەندێکش لە مێژوو نوسەکان دەڵێن عەرەب لە یەعرەبی کوڕی

قەحطان دێت کە یەکێك بووە لە پاشاکانی یەمەن، هەندێك دەڵێن عەرەب و عیبری هەر یەك هۆزن لەبەر ئەوەی ناوی عەرەبیان لێنراوە. لە زمانی ئاشوری کۆن و لە زمانی عیبریدا واهاتووە کە لەبەر ئەوەی دەشتەکی بوون شوێنی نیشتە جێبوونیان نەبوە کۆچەری بوون.

ماکوان: ئەی قورەیش لە چییەوە هاتووە؟

فەرغەلی: هەندیك دەڵێن ناوی یەکێك بووە لە باوانی پێغەمبەری خواﷺ یان ناوی سی باوانی پێغەمبەر بووە کە بە قوریشی گەورەو ناوەندو بچوك ناسراون، وەك (نەزری کوری کینانە بە قوڕەیشی گەورە

ناسراوە و فەهری کوری مالکی کوڕی نەزری کوڕی کینانە بە قورەیشی ناوەند ناسراوە و قوڕەیشی بچوکیش دەڵێن: قوصەی کوڕی کیلابی کوڕی ممەرەی کوڕی کەعبی کوڕی لوئەی کوڕی غالبی کوڕی فەهری کوڕی مالکی کوڕی نەزری کوڕی کینانە) یە. یاخود دەڵێن تەنها بە قوصەی ووتراوە قوڕەیش یاخود بە فەهر ووتراوە قوڕەیش ئیتر ناوەکە لەوە هاتووە.

ماکوان: ئەی ئەمانە سەر بە کێ بوون لەگەڵ کام دەوڵەتدا بوون؟ چۆن ئەم دەسەڵاتەیان بۆ دروست بووە و ئاوا

عەزیز بوون لە ناو خەڵکیدا؟
فەرغەلی: لە ڕاستیدا لەدوای ئەوەی کە هۆزی جورهەم چوونە دۆڵی مەککەو لە ڕێگای هاجەرە خاتوونەوە لەوێدا نیشتەجێ بوون حەزرەتی ئیبراهیم باوکی پێغەمبەران سەلامی خوای لێبێت کەعبەی دروستکرد، خوای گەورە کەعبەی لە دڵی عەرەبدا بە گشتی خۆشەویست کرد وەك موعجیزەیەك ئەوەی لەوناوچەدا بوایە رێزیان لێدەگرت و زۆرێکی تر لە گەلو هۆزەکانی عەرەب چوونە ناوچەی مەککە، لەوانە گەلو هۆزی بچوکی عەرەب لەو ناوچانە لە دەوروبەری

مەککە مانەوە، بەڵام هۆزی جورهەم بەهۆکاری ئەوەی کە کچیان دابووە ئیسماعیل و لەگەڵ بنەماڵەی پێغەمبەر ئیبراهیم-دا تێکەڵ بووبون ئەوان خزمەتی حاجی و میوانانی ماڵی خوایان دەکرد، هۆزی جورهەم بە درێژای مێژوو خزمەتی مەککەیان کردوە تا ئەوکاتەی کەسێك بەناوی عەمری کوری لوحەی لە هۆزی خوزاعە بۆ دەسەڵاتی خۆی هەوڵئەدات شاری مەککە داگیر بکات و خۆی ببێتە خاوەنی ئەو ماڵە، شەڕێکی گەورە بەرپا دەکات لەگەڵ هۆزی جورهەم-دا. لەکاتی جەنگدا هۆزی

جورهەم کە بنەماڵەی پێغەمبەری خوان ﷺ و باپیرە گەورەی پێغەمبەر ﷺ بەناوی فەهر کە نازناوی بە قوڕەیش دەردەچێت لەشەڕی بەنی خوزاعە دا ئەدۆڕێن و ئەوانیش لەداخی ئەوەی کە هیچ سودێك نەگات بە هۆزی خوزاعە و عەمری کوڕی لوحەی هەرچی بیرەکانی زمزم هەیە کە ئاوی تێدا کۆکراوتەوە بۆ حاجیەکان هەمووی پڕدەکەنەوە و لەناوی دەبەن یاخود دەیشارنەوە، خاکی مەککە بە بێ ئاوی زمزم دەمێننتەوە. لەدوای ئەوە خوزاعە سەکەوتن بەسەر هۆزی جورهەم-دا هەندێکیان مانەوە هەندێکیش

له هۆزەکە رایکرد و عەمری کوڕی لوحەی بوبوە سەرۆکی شاری مەککە و خۆی ئاوی پەیدا دەکرد بۆ حاجیەکان و بیری تری هەڵکەند لە دەوروبەری مەککە دا لە سەقیفەوە ئاوی دەکڕی بۆ مەککە.

ماکوان: کەواتە عەمری کوڕی لوحەی بوە گەورەی مەککە. ئەی پێشتر کێ بوو وە چی بوو واهاتە شاری مەککە و ئەم سوپا بەهێزەی چۆن دەست کەوت؟

فەرغەلی: عەمری کوڕی لوحەی یەکێك بوو لە گەورە پیاوانی عەرەب و جێگای دیار نەبووە، چونکە سروشتی ئەو هۆزە

وابوە دەگەڕان ئەویش کەسێکی
دەوڵەمەندی خاوەن پارەبووە و بازرگان
بووە لەنێوانی شام و یەمەن-دا، بۆیە
خەڵکێکی زۆری لەگەڵدا بووە لەهۆزو
نەوەکانی خۆی و کۆیلەشی زۆر هەبووە.
دەشڵێن کەسێکی جادوباز بووە توانیویەتی
لەگەڵ جنۆکەدا هەڵسوکەوت بکات و
کاهین بووە. لەدوای ئەوەی کە دەبێتە
گەورەی شاری مەککە وەك هەموو
دەسەڵات دارێك خەڵکی گوێی بۆ گرتوە
یاساکانی خۆی سەپاندوە بەسەر
حاجیەکاندا. کەهاتوونەتە کەعبە نان و
ئاوی حاجیانی دابین کردوە خەڵکی گوێی

بۆ گرتوە.
ماکوان: ئەمە ئەو کەسە نەبووە کە بت پەرستی بڵاو کردۆتەوە لە مەککەو ناوچەکانی عەرەبدا بەگشتی؟ فەرغەلی: با عەمری کوڕی لوحەی-ە، دەچێت بۆ شام بۆ بازرگانی لە ڕێگادا رێی دەکەوێتە ناو هۆزێکی ئەو ناوچەیە بەناوی عەمالقە تەماشایان دەکات بت دەپەرستن و نوێژو قوربانی بۆ بتەکانیان دەکەن. لەوانەوە وەری دەگرێت و بلاوی دەکاتەوە بەناوچەکانی تردا.
ماکوان: واتا عەرەب تا ئەوکاتە بەگشتی یەکتا پەرست بوون؟

فەرغەلی: بەڵێ عەرەب تا ئەو سەردەمە نەیانزانیوە بت پەرستی چیە، یەکەم بت کە دێتە ناو مەککە بەناوی (هوبەل) لە شامەوە عەمری کوڕی لوحەی دەیهێنێت لە ناو گەلو هۆزی عەمالقە وە. ئەمری پێکردن کە هوبەل بپەرستن بۆ ئەوەی لە خوایان نزیك بکاتەوە، واتا خوای پەروەردگاریان دەپەرست ئەمەشیان کردە خوایەکی تر بۆ واستەو نزیك بوونەوە لە خوای ئاسمان! کە خەڵکی دەهات بۆ مەککە فێربوون بەردو قوماشی شاری مەککەیان دەبردو لە جێگاو شوێنی خۆیاندا بە دەوریدا وەك کەعبە دەگەڕان،

ئیتر خەڵکی بەندایەتیان بۆ بەدر و دار و قوماش دەکرد. ڕەوشەکە وای لێهات ئەو ناوچەیە بووە بت پەرست و هاوبەشدانەر بۆ خوا.

ماکوان: واتا لەوکاتەوە بت پەرستی و خوانەناسی دەستی پێکرد؟

فەرغەلی: قوڕەیش هەر خواناس بوون، خەڵکی مولحیدو بێدین نەبوون، بەڵکو هەموو خوایان دەپەرست بەڵام هاوبەشیان بۆ دادەنا.

ماکوان: ڕەوشەکە تێکچوو بەتەواوەتی، کەمێکی تر شی بکەرەوە بۆم شێخ فەرغەلی گیان؟

فەرغەلی: لەو وڵاتە لەگەڵ ئەوەی
بڕوایان بەخوای گەورە هەبوو ئەو
پەیکەرانەشی کە هەیان بووە پەرستشیان
کردون هەروەکو خۆیان دەیان ووت: (مَا
نَعْبُدُهُمْ إِلاَّ لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللهِ زُلْفَى) بە تێبەڕ
بوونی کات وای لێهاتبوو ئەچون داوایان
لە پەیکەرەکان دەکرد نزیکیان بکەنەوە
لەخوای گەورە. لەناو مەککەدا دوو
پەیکەری تێدابوە وەکو (هوبل) گەورەی
بتەکانی مەککەو (لات) گەورەی بتەکانی
طائف، لەناو پیرۆزترین شوێنی ئەم
جیهانە ٣٦٠ بتی جیاوازی تیابووە، پاشان
دوو پەیکەری تر بەناوی (ئیساف) و

(ناهیله)یان پێدەوترا. ئەو دوو بتە پیاوێك و ژنێك بوون لەیەمەنەوە هاتون زینایان کردوە لە بیت الحرام دا خوای گەورە ئەو دوانەی ڕەق کردوە و کردونی بە بەرد، کە ئەمە کەس نازانێت سەرچاوەکەی ڕاستە یان درۆ کەچی دەیانپەرستن. ئەمانە لەنێوان سەفا و مەروا دانراون.

ماکوان: جا ئەگەر ئەو دوانە زینایان کردوە و خراپە کار بوون چۆن پەرستویانن؟

فەرغەلی: ئەی بۆچی پێیان دەوترێت سەردەمی جاهیلی! هەموو جاهیل بوون و خاوەنی هیچ شارستانیەتێك نەبوون.

ماکوان: باشە چۆن ئەو خەڵکە بڕوایان کرد بەم کابرا بازرگانە، کاهینە، شەڕەنگێزە؟ خێرا ئەم بتانەی بۆ هێنان .بیپەرستن

فەرغەلی: زۆر شتی تری داهێنا لەوانە خۆی شەعائیرەکانی بۆ خەڵکی دادەنا و حەرامی حەڵاڵ دەکرد، شتی پیرۆز دەکرد بۆ نمونە حوشتری پیرۆز کردبوو، بەردو داری مەککەی پیرۆز کردبوو و دەینارد بۆ هۆزەکانی عەرەب، ئەوانیش بتیان لێدروست دەکرد و دەیان پەرست. بە ئەقڵی خۆی شەریعەتی دادەنا و بە ئارەزوی خۆی یاساو دەستوری دادەنا،

لەبەرئەوەی زۆر حەزی لە مەی بوو پیرۆزی کرد بوو، حەزی لە داوین پیسی بوو ئەویشی حەڵاڵ کرد بۆ ئەوەی ئافرەتان ببینێت. ئەوەی قوماشی مەککەی لەبەر نەکردایە دەبوا خۆی رووت بکردایەتەوە، وای کرد بوو کە زۆرێك لە حاجیەکان دەهاتنە ناو شاری مەککە پارەیان پێنەبوو جل بکڕن ناچار خۆیان رووت دەکردەوە.

ماکوان: بەخوا پیس و ساختە چی بووە ئەم کابرایە. فەرغەلی: یاسای تری زۆر داهێنا، لەوانە هەر ئافرەتێکی لاجوان بوایە دەچوو لەگەڵیدا دەخەوت ئەیوت با

کوڕێکی موبارەکو گەورەو خاوەن نەسەبی هەبێت. دەچووە بۆ شام هەرچی ناوی بتەکانی ئەوێ بوو هێنایەوە و دانەیەکی تری لێدروست دەکرد وەك لاسای کردنەوە لەوانە بتەکانی نەسر ، وود، سواع، یەخوش و یەعوق لە شام و فەلەستین. ناوی ئەو بتانەی هێنا بۆ هەر هۆزێك لە دەوروبەری مەککە بتێکی دانێ بۆ نمونە بتی قوڕەیش هوبەل بوو، بتی وود بۆ نەوەی کیلاب بوو، بتی سواع بۆ نەوەکانی هوزەیل لەشاری مەککە، بتی یەعوق بۆ خەڵکی بۆ هەمزان، بتی نەسر بۆ خەڵکی یەمەن، باسی ئیساف و

ناهیلەشم بۆ کردی.
ماکوان: ئەمەش هەروەکو پەرلەمانو حوکومەتەکانی ئێستا وایە بەئارەزووی خۆیان یاساو ڕێسا دادەنێن و ئەوەی زینا دەکات یاسایان بۆ داناوە مادام هەردولا رازیە ئاساییە، ئەوەی ریبا دەخوات مادام لە ڕێگای بانقەکانەوەیە ئاسایە و ئەوەی دزی دەکات دەستی نابڕدرێت و یان پاداش دەکرێت یان وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت یاخود ساڵێك زیندانی دەکەن و دوای دێتەوە دەرەوە. ئەوەیماڵو سەروەت و سامانی خەڵکی دەخوات بە سیاسی و حەکیم و دانای دەزانن و دەبێتە

وەزیر و کاربەدەست لە وڵاتی موسوڵمانانداا، ئێستاش وایە هیچ فەرقی نەکردوە.
شێخ فەرغەلی هەست دەکەم هەر سەردەمی جاهیلیە. فەرغەلی: راستە؛ لەبیرت نەچێت بەشێك لە هۆزەکانی عەرەب بەتایبەت لە گەل وهۆزی یەمەنیەکان و بەشێکیش لە جورهەم جێگایەکی تریان دروست کرد لەسەروو شاری مەککە وە بەناوی شاری یەسریب (یثریب)، ئەوکاتەی کە رۆمەکان هاتن شامیان داگیر کرد زۆریك لە جولەکەکانیان کوشت، بەشێك لە

جولەکەکانی شام هاتنە ناوچەکانی
یەسریب و لەگەڵ عەرەبەکاندا تیکەڵ
بوون بنەو بارگەی خۆیان لەناو عەرەبدا
خستو زۆرێك لە خەڵکی ئە وناوچەیە
بوونە جولەکە، بەڵام بەزۆری
عەرەبەکانی مەککە وە زۆرێك لە خەڵکی
ئەو ناوچەیە بوونەو بە بت پەرست، بەڵام
زۆربەی عەرەب ئاینی یەهودیان بۆ
خۆیان هەڵگرت و تێکەڵ بوون لەگەڵ
جولەکاندا، ئەوکات جولەکەکان لەناوچە
عەرەبیەکاندا بە ژمارەی دانیشتوان و
جوگرافیا و دیموگرافیان لە شاری
یەسریب زۆر بوون، پاشان ناوچەیەکیان

بۆ خۆیان دروست کرد بەناوی فەدەك و خەیبەر کە چەندین قەڵای بەهێزو چاکیان هەبوو، بێجگە لە بازاری زۆر گەورە و کاریگەر لەو ناوچەیەدا.

ماکوان: کەواتە جولەکەکانیش راوەدوو نراون هاتونەتە ئەو جێگایەوە، لەڕاستیدا مەنزڵگایان نە بووە؟

فەرغەلی: بەڵێ وابووە، چونکە ئەوانیش جێگای نیشتەجێیان نەبووە کۆچەر و دەشتەکی بوون.

ماکوان: ئەی هەموو چواردەوریان وابوون؟ مەبەستم فارس و رۆم و وڵاتەکانی ترە، زۆر باسی شارستانیەتی

ئەوانیان دەکرد لە مێژوودا ئەی ئەوان چی؟
فەرغەلی: پرسیارت زۆر کرد بڕۆ خێزانت بانگت دەکات، بڕۆ بۆلای و کەی کاتت هەبوو بێرەوە بۆ لامان.
ماکوان: باسی چی دەکەیت؟
کە وام ووت پاڵێکی پێوەنام وەك بکەومە ناو چاڵێکەوە. خێزانم کێشای بە پشتمدا ووتی: ماکوان.. ماکوان ئەو دەنگە دەنگەت لە چییە؟ نانم حازر کردوە وەرە نانەکەت بخۆ با سارد نەبێتەوە.
کە سەرم هەڵەبڕی کتێبکە لەباوەشمدا بوو، بە توڕەییەوە ووتم چییە؟

باران: نان حازرە وەرە نانکەت بخۆ!
نەمدەزانی چی بکەم ، دیسان حەپسابووم
چاوم بەدیار خۆمەوە زەق بوبوو.
باران: ئەگەر دیسان باسی جنۆکە و ئەو
شاتنەیە وازی لێبێنە و مەیخوێنەرەوە،
چونکە تەواو دیارە ماندووی کردوویت.
ماکوان: نا خەوتبووم لەخەومدا ژنم
هێنابوو ئیتر خەبەرت کردمەوەو نەت
هێشت بزانم چی دەبێت؟
باران: بەپێکەنینەوە، دەی کەوایە بڕۆ
بخەوەرەوە و تەڵاقی بدە، ئینجا وەرە
نانەکەت بخۆ.

.

دوای ئەوەی کە فەرغەلی گەڕاندمیەوە بۆ ماڵی خۆمان و خێزانم پرسیاری لێکردم لە جۆری کتێبەکە و منیش ووتم خەوم لێکوتەوە هەندێك گاڵتەو گەپم کرد لەگەڵ هاوسەرم، دەمویست بگەڕێمەوە بۆلای شێخ فەرغەلی زۆر تامەزرۆی ئەو باسوخواستانە بووم، ئەوەی بۆی باس کردم بۆ من نوێ بوو، ژیانێکی زۆر سەیر بووە لەو شوێن و کاتەو سەردەمەدا.

بەتنهایی چوومە ژورێك و دەست نوێژم گرت و دوو رکعات نوێژم کرد و سوپاس و ستایشی پەروەردگارم کرد بۆ ئەو نیعمەتانەی بە منی بەخشییوە. لە خوای

گەورە پاڕامەوە کە ئیخلاس و نیەت پاکیم پێبدات. چوومە سەرکتێبەکەو لەوێوە .. دەستم پێکرد کە کۆتایی هاتبوولای من کەچووەمە ناو باسەکەوە باسی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتانی چواردەوری مەککە بوو پێش هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ.

لە خوێندنەوەی فەرمودەیەکی پێغەمبەری خوادا بووم ﷺ کە دەفەرموێت:

إِنَّ اللَّهَ نَظَرَ إِلَى أَهْلِ الأَرْضِ، فَمَقَتَهُمْ عَرَبَهُمْ وَعَجَمَهُمْ إِلا بَقَايَا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ.

خوای گەورە کەسەیری زەوی کرد بینی لەعەرەب و عەجەمەکان زۆر

خراپەکاری دەکەن و چاکە لە کەم
. بوونەوەدایە
ئەگەر وورد ببینەوە لە فەرمودەکە)
شتێکی زۆر سەرسوڕماوی تێدایە کەباس
لە "مقت" دەکات لەوپەڕی ناڕەحەتی و
ناهەمواری چۆنیەتی بێزاربوون لەسەر
(زەویدا نیشان دەدات
بێزاریی و ڕقێکی زۆر لەو سەردەمە
بەربڵاو بووە ، پاشان دەفەرموێت؛ (بقایا)
لەزمانی عەرەبیدا بۆ شتی کەم دێ؛ واتە
خەڵکێکی کەم مابونەوە کە باوەڕیان بە
خاوەن پەرتوکەئاسمانیەکان هەبوو، زۆر
کەم بوون ئەو مرۆڤانەی کەچاکە کار و

.پیاو چاك بێت
كه تەماشای فەرموودەكەم كرد باس
لەسەردەمانێك دەكات كە هێشتا
پێغەمبەرایەتی دەستی پێ نەكردوە، ئەم
سەردەمە كە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی
دەكات كە خوای گەورە سەیری زەوی
كردوە ئەم زەویە هەموو خراپە كاربوون،
هیچ كەسێكی باشی تێدا نەماوە تەنها
خەڵكێكی كەم نەبێ، بۆنموونە لەو
سەردەمەدا شارێك نەبووە خەڵكێكی باشی
هەبێ بەڵكو لەجێگایەكدا پیاوێكی باش
هەبووە لەخوراسان، پیاوێكی باش
هەبووە لە میسر بەهەمان شێوە توركیا

بەم شێوەیە بەهەزارەها میل پیاو باشێك هەبووبێ. ئەمە بەگشتی پێش پێغەمبەری خوایە ﷺ باسی دەکات و لە زاری موبارەکی خۆیەوەیەتی کە دەفەرموێت خەڵکی زۆر لەنارەحەتی و ناهەمواری ژیاون.

هەر چاوم بەرز دەکردەوە لە ژوورەکەی خۆماندا بووم، ئارەزوم دەکرد بگەرێمەوە بۆلای فەرغەلی و هاوڕیکانم.

لە لاپەڕەیەکی تردا چوومە سەر باسێك باسی شارستانیەتی رۆمی دەکرد لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رەهەندەکانی تری ژیانەوە.

چەند ساڵێك بەر لە هاتنی پێغەمبەر ﷺ بوو(٦٠٠-٦٠٣)ز بوو، ئەوا باسی کردبوو.
سەرەتا باسی دابەش بوونی هێزەکان بوو، هەروەك چۆن ئێستا دنیا دابەش بوە بە سەر چەند هێزێکی گەورەی وەك ئەمریکا، ڕوسیا، فەرەنسا و ئینگلتەرا....هتد، ئەو سەردەمەش چەند دەسەڵاتێك هەبوە کە بەهێز بوون.
دەسەڵاتە جیاوازانەی کەهەبوون لە جیهاندا یەکێکیان دەسەڵاتی ڕۆم بووە.
لەوانەیە خەڵکێك بڵێ باشە بۆ باسی ڕۆم بکەین چ ئیشێکمان بە ڕۆم هەیە، خوای

گەورە سورەتێکی بەناوی (روم) ناوناوە، خوای گەورە باسی لێوە کردوە و گرنگی پێ داوە، سورەتی ڕۆم باسی دەوڵەتی ڕۆما دەکات، ئەبێ ئێمە بزانین هۆکارەکەی چی بووە کە پێغەمبەری ئازیز ﷺ کاتێك لەوپەڕی ناڕەحەتی و دژواریدا بووە خوای گەورە سورەتێك دادەبەزێنێت باسی ڕۆم دەکات؟ خەڵکێك پێشبینی دەکرد مادام ئەو سەردەمە مەککی بووە، ئەبوایە باسی تەکوینی بیروباوەڕ و ئیمانی هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺی بکردایە، ئەبێ هۆیەکی خۆی هەبێ کەئەم دینە هیچ

شتێکی بێ ئامانجی نیە و هەمووشتێك بەتەواوەتی و ڕێکخستنە.
ئەو سەردەمە دەوڵەتی ڕۆم سێ بەشی قاڕەی ئەوروپا و زۆربەی وڵاتانی ئاسیای گرتبووەوە، لەدوای ئەوەی کە ناکۆکیان تێکەوت و شڕیان بوو دەوڵەتەکە بوو بە دوو بەشەوە.
بەشێکیان کە پایتەختەکەیان ڕۆمای ئێستایە ڕوخا، کۆمەڵێکی تر کە ڕۆمەکان گرتیانە دەست پایتەختەکەیان کرد بە پایتەختی قوستەنتینیە، ئەو سەردەمە پاشاکانیان بە قەیسەر ناودەبرا. ئەو سەردەمەی کە پێغەمبەر ﷺ وەحی بۆ

هات پاشای ڕۆمەکان لە قوستەنتینیە (
هرقل) بوو .
بواری دینی و کۆمەڵایەتی لای ڕۆمەکان:
خەڵکانێك بوون هەمیشە شەڕیان بووە
لەناوخۆیاندا و یەکتریان دەکوشت،
شیوازی کوشتنەکانیشیان زۆر سەیر بووە
بەشێوەیەك کە بە دوو پێیەکانی
هەڵیاندەواسی و بەمشار لەناوەڕاستدا
دەیانکرد بە دوکەرتەوە، نەصارەکان
بوبونە دوو هۆز بەهۆکاری جیاوازی
بیروباوەڕەوە کە بە هەریەکەیان هەوڵی
لەناو بردنی ئەوی کەیانی دەدا. ئەوەندە
ڕقیان لەیەکتر بوو کاتێك یەکتریان

دەکوشت گۆشت و خوێن و جگەری
یەکترییان دەخوارد. ئەم دوو بەشەش
کۆمەڵێکیان مەزهەبی (ئورتۆدۆکسی)
یان هەبوو کە پێیان دەوترا (کەنیسەی
رۆژهەڵات) ، کۆمەڵەکەی تر
مەزهەبی(کاتۆلیکی)یان هەبوو پێیان
دەوترا (کەنیسەی رۆژئاوا).
ئەم دوانە بەدرێژایی مێژوو و تا ئێستاش
شەڕیان کردووە بە ملیۆنەها خەڵکیان لە
یەکتر کوشتووە ، لەناو ڕۆمای
ئەرتۆدۆکسیدا را جیاوازەکان زۆر گەورە
بوو بۆیە دەسەڵاتی قوستەنتینیە کە هۆزی
(منوفیسیەکان)یان پێدەوترێت توانیان

دەسەڵات بگرنە دەست، هەرچەندە زۆربەی زۆریشیان بڵاوبوبونەوە بەناو میسرو حەبەشەدا.
ئەمە تەنها وێنەیەك بوو هێنامەوە پێش چاوتان لەو كتێبەی لەبەردەستم بوو، لە بواری دینی و كۆمەڵایەتی ڕۆمەكان لەو سەردەمەدا.
خۆ ئەگەر سەیری لایەنی ڕەوشتی ڕۆما بكەین بۆمان دەردەكەوێت كە چۆن لەروی ئەخلاقییەوە لەناوچوبون، ڕێک وەك ئەو سەردەمەی ئیستای لێهاتوە.
چۆن؟
بواری رەوشتی

مێژوونوسان بەگشتی دەگێڕنەوە لەسەردەمی "هرقل" دا پێش هاتنی وەحی بۆ پێغەمبەری ئازیز ﷺ خەڵکی ئەو سەردەمە لەناویاندا "عزوبەت" واتە هاوسەرگیری لەناویاندا روو لە کۆتابوون کردبوو، چونکە ئەوەندە ژن و ژنخوازی گران بوبوو کەس نەیدەتوانی ژن بهێنێ لەو سەردەمەدا، زیناکردن و داوێن پیسی و شەڕواڵ پیسی لەناو خەڵکەکەدا بڵاوببوەوە ببوو بە شتێکی ئاسایی هەروەکو ئێستای وڵاتانی ئەوروپا دەبینین خەڵکێك چەندین ساڵ لەگەڵ ئافرەتێکدا دەژین کەلێی دەپرسی بۆچی نایهێنی و

نایکەیتە ژنی خۆت؟ لەوەلامدا دەڵێ؛ ژن هێنان قورسە ئاخر ئەگەر ژن بهێنم ئەبم بە هاوبەشی ژیانی، بەڵکو هەر لەگەڵیا ڕابوێرم باشترە لەژێر ناوی هاوڕێیەتی و دڵسۆزی و گێڵ فرێند و ...هەروەها.

ئەو سەردەمە زیاتر خەڵك گرنگیان دەدا بەو بوارە ناڕەوشتیەوە و هەوسەرگیریان لەبیرکردبوو، خەڵک زیاتر ڕووی لەخراپەو فەساد کردبوو.

بەرتیل(ڕەشوە) ببوە شتێکی ئاسایی، موچەخۆرەکانی دام و دەزگای دەوڵەت ئیشیان نەدەکرد بە بێ وەرنەگرتنی بەرتیل، خەڵکی ڕۆم هەمیشە حەزیان لە

کوشتنی یەکتر بوو، بۆنموونە لەوسەردەمەدا گیانلەبەرێکیان دەهێنا، گیانلەبەرەکە لەگەڵ مرۆڤەکان شەڕیان پێدەکردن.
شێرو پڵنگیان بەرئەدایە بەندەکانیان و شەڕیان پێ دەکردن. سەرکردەکانی رۆماو خەڵکەکە کۆدەبوونەوە و پێدەکەنین بەو دیمەنانە ئاسودە دەبون، یاخود شتێکی کە هەبوو پێیان دەووت(گلادیاتۆر) ، لەوانەیە بپرسن ئێستا ئەو دیاردانە نەماوە ئەو سەردەمە پێویستی کرد پێغەمبەری خواﷺ بێت، بەڵام ئێستا کوا خەڵکانێك بەدوایی ئەوانەدا دەگەرێ وەکو

گیانلەبەران لەگەڵ مرۆڤدا شەڕپێ بکات ئێستا مافی مرۆڤ هەیە.
بەداخەوە ئەم دیاریدەیە بەردەوام تا ئێستا دەبینرێت لەناو خەڵکیدا، ئەوەتا دەبینین لە ئیسپانیا " گا" بەرەڵا دەکەن لەناو خەڵکیدا و پێدەکەنن و چێژی لێ دەبینن و ناو نراوە بە شارستانیەت کە ئێستا ئێمە دەیبینین، شێوەی گلادیتۆر نەماوە، ئیستا لە هۆڵەکاندا زیاد لە ٢٠ پیاو کۆدەکەنەوە هەریەکە دەمانچەیەکیان ئەدەنێ لەسەر سەری یەکتر دادەنێن، لە ناو هەر دەمانچەیەکدا یەك فیشەکی تێدایە ئەگەر فیشەکەکە بەر پەلەپیتەکە کەوت ئەوا

دەکوژرێن تا لە ناو ئەو بیست کەسە دووکەس دەمێنێتەوە هەریەك لەوان چەند جار دەمانچەکە دەچرکێنن تا ئەو کاتەی یەکێکیان لەناودەچن، ئەمە ئێستا لە ئەمریکا دا زۆر باوە لە وڵاتانی ئەوروپای شەرقی تا ڕادەیەك دەکرێت لەسەر پارە، واتا قوماری گیانی خەڵکییە. بۆ ئەم قومارە پیاوی شێت یان پیر بە کار دەهێنن یان دەرمانخۆرەکان بێ ئەوەی بزانن چییە، تەنها خەڵکانی تر پارە بە رۆحی ئەوان پەیدا دەکەن .

..بواری سەربازی

لەکاتی شەڕیاندا شەڕێکی زۆر دڕندانەو

گەورەییان دەکرد، هەروەك لەسەردەمی
پ قیسەرەکان کە پێی دەوترێ سەردەمی
(فسفسیان) پاشایەکی ڕۆمی بوو زۆر
ڕقی لە یەهودیەکان بوو هات شاری
قودسی ئێستای بۆماوەی ٥ مانگ
ئابڵوقەی ئابوری خستە سەر وەکو
مێژوونوسان دەڵێن؛ لە سێپتەمبەری ساڵی
(٧٠) میلادی بەتەواوی ئەو شارە کەوتە
دەست رۆمەکانەوە، ئەگەر سەیری ئەم
دەوڵەتە بکەین دەبینین چیان کرد
بەیەهودیەکان چەندە دڕندانە لەگەڵیاندا
رەفتاریان کرد، ئەو مێژوە ناونراوە بە
دۆڕاندنێکی ترسناك لەبەرانبەر رۆمادا،

تا ئێستا مەگەر یەهودیەکان لەسەردەمی (بنوختەنسەردا) ئەوەندەیان لێ کوژرا بێت، ئەم پیاوە لە ڕۆما هەستا بەوەی کە فەرمانی دەرکرد و ووتی چی یهودی هەیە بەدەستی خۆیان ژن و منداڵیان بکوژن!، خۆ ئەگەر ئەو کارە نەکەن ئەوا هەموو پیاوەکان دەکوژن.

لەبەر ئەوەی کە یەهودیەکان حەزیان بە ژیانە، هەستان بەوەی چی ژن و منداڵیان هەبوو بەدەستی خۆیان کوشتنیان تەنها بەهۆی مانەوەی ژیانی خۆیان.

پاشان پادشای ڕۆم داوای لێکردن کە هەردوو پیاوی یەهودی بەرەنگاری یەك

ببنەوە کە ئەبوایە یەکێکیان براکەی خۆی بکوشتایە!، وەك مێژوو دەگێڕێتەوە لە قودس زۆر بەکەمی خەڵك مایەوە ئەوانەی توانیان ڕایان کرد و ئەوانەشی کە مانەوە هەموو لەناوچون.
ئەو یەهودیانەی کە ڕایان کردبوو هەموو هاتنە ناوچەکانی یەسریب و یەمەن.
بواری کۆمەڵایەتی..
دەوڵەتی ڕۆما باجێکی زۆری خستبووە سەر خەڵکی ، وای لێهاتبوو خەڵکەکە هەژاربوون بەگشتی. ئەو سەردەمە فەیلەسوفی گەورە (ئەفلاتون) کتێبێکی هەیە بەناوی (جمهوریە افلاطون) یاخود

بەعەرەبی پێی دەوترێ (صاحب الفکر مدنیه الفاضله) کە پێی دەوترێ (یتوبیا).
ئەفلاتون دەبینێ لەوشارەی خۆیدا کە باسی لێوەکردوە کە هیچ بەندەیەك مافی هاوڵاتیبونی نەبووە با خەڵکی ئەو شوێنەش بوبێ، ئەمە وای لێهاتبوو خەڵکەکە زۆربەی ببوە بەندەی دەسەڵاتدارەکان بەگشتی خەڵك هەژار بوون، لەڕێگای ئەم یاسایەوە هەرکەس خەڵکی رۆما نەبوایە بە بەندەو کەنیزەك هەژماردەکرا لە دەوڵەتی رۆمادا، ئەمە باسی گوزەرانی وڵاتی رۆمابوو بە گشتی.

لاپەڕەیەم هەڵدایەوە باسی شارستانیەتی فارس بوو، چاوم لەسەری بوو سەرقاڵی خوێندنەوەی بووم جاروباریش تەماشام دەکرد دەمووت خوایە بگەڕێمەوە بۆلای فەرغەلی و هاوڕێکانی.

هیچ ڕووی نەدا ناچار بەردەوام بووم لەسەر خوێندنەوەی و چومە سەر شارستانی وڵاتی فارس

..(شارستانیەتی پارس(فارس

فارس دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوو هەروەکو دەوڵەتی ڕۆم چۆن ئەوان پادشایان هەبوو فارسیش پادشای خۆیان هەبوو بەناوی (کیسرا) بارو رەوشی

ژیارو شارستانیەتیان بەهەموو پێوەرێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی لە خراپترین بارو گوزەراندابوون، لەروی دینیشەوە داڕوخاو وێران بوون. مێژوونوسان خۆیان باسی لێوەدەکەن جگە لە گوزەرانی ئاینی، باری ڕەوشتی دەوڵەتی ساسانی یاخود دەوڵەتی فارسی کە کوردیشیان داگیرکردبوو.

کە ئێستا خەڵکیك هەمیشە باس لەوە دەکەن دەڵێن ئیسلام هاتوە وڵاتی ئێمەی داگیر کردوە! وەرن سەیر بکەین کە چۆن ئەو دەوڵەتەی پێی دەوترا دەوڵەتی ساسانی یاخود دەوڵەتی پارس چۆن

ژیانیان کردوه و شارستانیەتیان پیکهێناوه.
ساسانیەکانی بنەڕەتیان دەگەڕێتەوه بۆ خێزانی ساسان کە خۆی ئاگروان یاخود ئۆترۆبانێکی زەردەشتی بووه خەڵکی نێوانی شیرازو ئەصفەهان بووه ئەم خانەوادەی ساسانیانە لەوێوه سەرچاوەیان گرتووه.

..بواری ڕەوشتی
!لەناو دەوڵەتەدا هاوسەرگیری نەبوو لەسەردەمی کیسرای یەزگورد کە (یەزگوردی دووەم) ی پێدەوترێ، ئەم پیاوه کچەکەی خۆی مارەکرد، لەناو ئاینی زەردەشتیەتدا مەحرەم نامێنێ.. دایك

لەکوڕی مارە دەکریّ باوك لە کچی خۆی، خوشك لە برا بەم شێوەیە لە ناو ئاینی زەردەشتیەتدا بڵاوبوەوە لەسەردەمی کیسرا یەزگوردی دوەمدا. (بورهامی جوبین) ی پێدەوتری ئەم کابرایە خوشکی خۆی هێنا ئابەو شێوەیە لە ڕوی ئەخلاقییەوە ڕوخابون هەتا لەسەردەمی (قوباد) دا، (ئێمە دوو قوبادمان هەیە : قوبادێك لەسەردەمی ئیمامی عمر(ڕەزای خوای لیّ بێت) لەدوای شۆڕشی جەلەولاو خانەقین و شارەزور کرا دژی فارسەکان، کەسێك بەناوی "قوباد" کە پیاویکی کوردی موسڵمان بووە زۆرجار

به شوێنکەوتووی پیغەمبەر هەژمار کراوە چونکە قوتابی سعدی کوڕی ئەبی وەقاس بووە) .

لەسەردەمی قوبادی فارسدا فەیلەسوفیك هەبوە بەناوی (مەزدەك) ئەم پیاوە فەلسەفەیەکی داهێنا ڕووداوێکی دروستکرد لە دەوڵەتی فارسدا یەکسانی دامەزراند لەنێوان خەڵکدا وەکو ئەم بیرۆکەیەی شوعییەی ئێستا هەیە واتا "ئیشراکیەت" و ووتی هەموو خەڵکەکان یەکسانن!

لەڕاستیدا بەڕوکاری شتێکی جوان و ئاساییە، بەڵام لەناوەختدا خەڵک وایلێهات

نەیاندەزانی ئەرک و مافی خۆی چیە. ڕێزی خەڵک نەئەگیرا، وای لێهات خەڵکی لەسەروەت و ساماندا یەکسان بون، بەهەمانشێوە بەرامبەر ئافرەتیش یەکسان بن، واتە هیچ کەسێك خاوەندارێتی هیچ شتیك نیە ئەو شوعییەتەی کە ئێستا خەڵك ئیشی بۆدەکات ئەمەش "یەزدەك" دایناوە هەتاکو مارکس لە دواییدا گەشەی پێداوەو بەناوی مادیەتی فیورباخی یان ڕاڤەکردنی مێژوو و مەسەلەی دیالەکتیکی هاتوەو کاری لەسەر کردوە تا بوەتە ئایدۆلۆژیەك و خەڵکیك شانازی پێوەدەکات، ئەمەش

خەڵکی بەهێز دەچوە ماڵی خەڵکی لاوازو تواناو دەسەڵاتی نەبوو پارەو ژنی داگیر دەکرد، شوعییەت ببوە دینی سەردەمی کیسرا بەناوی قوبادەوە بوو، با بێین جیاوازییەك بکەین لەگەڵ ئەویەکسانیەی کە کەسێك دێت ئەویش پێغەمبەری خوایەﷺ دەفەرموێت: (وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعْتُ يَدَهَا)

پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت: (ئەگەر بێت و کچەکەی خۆم فاتمە دزی بکات دەستی دەبڕم)

کامیان یەکسانیە؟

..بواری کۆمەڵایەتی
لەڕوی کۆمەڵایەتیشەوە پیرۆزییەکی زۆرگەورەیان دابوو بە کیسراکانیان واتە کیسرایان بە پیرۆز رادەگرت ئەوان وایان هەست دەکرد خەڵکی ئەو سەردەمە کە خوێنی خوا تێکەڵ بووە لەگەڵ خوێنی کیسراکانیان واتە ئەمان لەسەرو یاساوە و بە بەرزی ڕایاندەگرتن، هەتا دەهاتنە بەردەمی کیسراکان سوجدەیان دەبرد هەتاکو فەرمانی نەکردایە بەوەی سەری لەسوجدە بەرزبکردایەتەوە سەری بەرز نەئەکردەوە، ئەوەندە بوغراو خراپەکاربون لەناو کیسراکانیاندا بە

چینایەتی دەوەستان لەبەرامبەریاندا، ئەوانەی نزیك بون لە کیسراکانیانەوە چینی(کاهینەکانیان) بوو پێدەوترێ (ئاگرەوان) یان(ئۆترۆبان).. دوبوو ٥ مەتر دوربون لە کیسراکانەوە.. پاشان کاربەدەستو وەزیر دێتە پێشەوە ئەوانیش ئەبوایە لەپشتی ئەوانەوە بوەستانایە، پاشان خەڵکێك وەکو سەفیرو ئەوانەی سەردانیان دەکرد ١٠مەتر دوربون لێیەوە خەتیان دەکێشا لەو خەتا بمێننەوە، ئەگەر خەڵکیکی تر بهاتایەو قسەی لەگەڵ بکردنایە ئەبوایە پارچە قوماش بپێچن بە لوتیانەوە بۆئەوەی ئەو

ژینگەیەی کیسرا پیس نەکات کە حەزرەی کیسرەوەیە بۆئەوەی ژینگەکە توشی پیسی نەبێ ژینگەی پاك بۆ کیسرا دروست بکرێت.
جیاوازییەك بکەن لەگەڵ پێغەمبەری خوایە ﷺ (كان رسول الله صلى الله عليه وسلم إذا استقبله رجل فصافحه لا ينزع يده من يده حتى يكون الرجل ينزع، ولا يصرف وجهه عن وجهه حتى يكون الرجل هو الذي يصرفه، ولم يُرَ مقدمًا ركبتيه بين يدي جليس له (أي يتواضع لجليسه فلا يمد رجله أمامه). روى ذلك الترمذي وابن ماجه عن أنس رضي الله

عنه.)
کاتێك پێغەمبەر ﷺ یەکێکی ببینیایە و تەوقەی لەگەڵ بکردایە یان بگەشتایە بە یەکێك هاتاکو ئەوکەسە دەستی لەدەستی موبارەکی دەرنەئەهێنا پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی دەرنەئەهێنا، هەتا لەو فەرمودەیەدا.. دەفەرموێت پێغەمبەری خوا دەم و چاوی هەرگیز لەدەم و چاوی ئەوکەسە وەرنەئەگێڕا کەقسەی لەبەرانبەردا دەکرد، سەروەرمان دائەنیشت لە سەر ئەژنۆ دەستی دەخستە نێوان ئەژنۆکانیەوە وەکو تەوازوعێك بۆئەوکەسەی کەلەبەرامبەریدا دەوەست،

ئەگەر سەیر بکەین پادشاکان هەمیشە خۆیان لە گومڕایدا دەژیان گەر بەراوردێك بکەین دەبینین کەچۆن ئەم پادشایانە چۆن ڕەفتاریان کردوە، پاشان پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە هیچ کەسێك ئەوتوانایەی نەبوە وەکو ئەم ئازیزە ڕەفتاربکات.

لەناو چینایەتی دەوڵەتی فارسدا کەبەیەکسانی باسی ژیانی کۆمەڵگایان دەکرد کە مرۆڤەکان دابەش کرابون بەسەر چەند چینێك:

چینی یەکەم: چینی کیسراکان بون ئەمانە ڕاقیترین بەرزترین خەڵك بون

چینی دووەم: "ئەشراف" بریتی بون لە ٧ خێزانی شەریف کەلەم خێزانانە بەناوبنگانە لە دەوڵەتی فارسدا تەنها ئە ٧ خانەودایە هەبوون کەس لەوان شەریفترنەبوو.

چینی سێهەم: رجال دین یاخود پیاوانی ئاینی .

چینی چوارەم: هێزوسوپاو پیاوانی پلەداری جەنگی.

چینی پێنجەم: نوخبەی رۆشنبیرەکان وەکو پزیشك وشاعیر و نوسەرو ئەدیب و ساحیرەکان ، لەوسەردەمەدا زۆر گرنگیان بە خورافیات داوە.

چینی شەشەم: چینی دەهاقین ئەم چینە هەمیشە گەڕاون بەلادێ و شار بۆ کۆکردنەوەی سەرانەو باج وخەراج.
چینی حەوتەم و کۆتایی: چینی هوڵاتیانە بەگشتی لە ٩٠% ی ئەم خەڵکە خەڵکی هەژار بون بریتی بون لە کرێکارو بازرگان و سەربازو کۆیلە....هتد، ئەمانە هەموو مافیان وەك یەك بوە هەتا لەشەڕدا لە پێشەوە وەك سەنگەر ئەم خەڵکەیان بە کار دەهێنا.. هەروەك خالد کوڕی وەلید ڕەزامەندت خوای لێبێت_ لەشەڕی (ئوبەلائدا) لەو شەڕەدا کە پێی دەوترێت (ذات السلاسل) ٦٠ هەزار کەسیان

بەستبووەوە بۆئەوەی ڕانەکەن لەبەرامبەر موسڵمانەکاندا ئەوەندە گرنگیان بەخەڵکەکە نەئەدا بە زنجیر ئەیانبەستنەوە بۆئەوەی ڕانەکەن..
بۆیە کیسرا وا دەزانی کە موسڵمانەکان هەڵدێن لە رووی سوپاسی فارسدا، بەڵام خالیدی کوڕە وەلید دەڵێت..لەشەڕی "ئوبەلائدا نامەی نارد بۆ رۆستەم و دەڵێت.. (جئتكم برجال يحبون الموت، كما تحبون أنتم الحياة) ..
من بەخەڵکێکەوە هاتوم کەئەوان مردنیان خۆش دەوێ چەند ئەوان مردنیان خۆش دەوێ ئەزانم ئێوەش ژیانتان خۆش

دەوێ..
بۆیە ئەم ئیسلامە ئاوا سەرکەوتوە..
بواری سیاسی..
لەڕوی سیاسییەوە ئەوان ئەهلی ساسانیان
پێ دەوترا تەنانەت منالێکی
بچوکیشیان(ئەردەشیری کوڕی شیروانی)
٧ ساڵ بەئارەزوی خۆی حوکمی ئەدا
بۆیان نەبوو قسەیەك بکەن، یاخود کچێك
بەناوی (بۆرانی کچی کیسرا) بەو ناوە
هاتوە تەمەنی چەند ساڵێك بوە توانیویەتی
بڕیارداو هەموو کەس ڕێزو حورمەتی
لێگرتوە..
بواری ئاینی..

بواری ئاینی دەوڵەتی فارس ، ئاگریان پەرستوە ئاینیان زەردەشتی یاخود دینی زادەشتی مێژوو نوسان باسیان کردوە ئەم زەرادەشتیانە ئاگریان بە پیرۆزڕاگرتوە .. هەموو ئاگرێکیان بەپیرۆز ڕاگرتوە، تەنانەت زۆر جار خەڵکی نەیتوانیوە ئاگر بەکاربهێنێت لەبواری ئاسنگەری و پیشەسازیدا..هتد، هەربۆیە لەوسەردەمە دەوڵەتی فارس ناسرابو بە دەوڵەتێکی کشتوکاڵی و بازرگانی، وەئەگەر شتێکیان پێوسیت بوایە لەدەوڵەتی دەرەوەی خۆیان هێناویانە ..

لەبیروباوەڕی ئەواندا ئاگریان بە پاك و

بێگەرد داناوە، هەرچەندە ئەترۆبانێکیان
بکردایەتەوە کە ئاگرەوانی پێدەوترێت
یاخود "مەعبەدێکیان" بکردایەتەوە
ئەبوایە ئافرەتێکیان بکردایە بە قوربانی یا
.کوڕێکی نابالّغیان بکردایە بە قوربانی
چووەمە سەر لاپەڕەیەکی نوێ تەماشام
کرد باسی شارستانیەتی ترەو منیش هەر
لە ژوورەکەدام و نەچوومەتەوە بۆلای
فەرغەلی،بەردەوام چاوم لەسەر کتێبەکە
هەڵنەگرت دەمویست بمگەڕێنێتەوە بۆ
سەردەمی فەرغەلی، بەڵام لە
ژوورەکەمدا بووم لاپەڕە بەدوای لاپەڕەدا
. هەڵم ئەدایەوە

دوای شارستانیەتی فارس و ڕۆم هاتە سەر شارستانیەتی ئەوروپا و ئەسکەندەناڤیا.

شارستانیەتی ئەوروپا و ئەسکەندەنڤیا

وڵاتانی ئەوروپا بەشی ئەڵمانیا کە ناسراو بووە بە جێرمەن و ئەسکەندیناڤیا ...هتد. ئەو ناوچانەی ڕۆم دەستی بەسەریاندا نەگرتبوو، مێژوو نوسێکی فەرەنسی بەناوی (رێنۆ)دەڵێت: پێش هاتنی ئیسلام خەڵکی ئەوسەردەمە خەریکی تاوان بوون تەنانەت ڕایان دەکرد لە پاك وخاوێنی و شارستانیەت نەمابو لەنێوانیاندا، لە جاهیلیەتدا دەژیان.

خەڵکێك بون گەڕاون بەدوایی پیسیدا و بەساڵ خۆیان نەشتووە، بەلای ئەوانەوە وابو ئەو پیسە کە لەسەر لاشەیان کۆدەبێتەوە ئەوە خێرو خێراتیان دەست دەکەوێت بە نەمری و سەربەرزی دەمێنێنەوە. هیچ زانست و زانیارییەك نەبووە، زۆر سەرەتایی ژیاون ئەگەر بەراوردێك بکەین لەگەڵ یەکەم ئایەت بۆ پێغەمبەر ﷺ هاتە خوارەوە خوای گەورە دەفەرموێت: (أقراء) واتا بخوێنە لە شوێنێکدا کە نیوە دورگەی عەرەبە. ڕێنۆ باس لە ئەوروپا دەکات بە دەهەیەك پێش هاتنی پێغەمبەر ﷺ دەڵێت، (Theater of

شانۆیەك بووە (wars and atrocities
بۆ شەڕو كردەوەی دڕندانە و بەربەری.
مێژونوسێكی كە بەناوی (گوستاف
لۆبون) (Arab civilization) لەكتێبی
لەم كتێبەدا باس لە ١١ ساڵ پێش هاتنی
پێغەمبەرایەتی محمد ﷺ دەكات و باسی
ئەوروپا دەكات دەڵێت: هەموویان لە
بەربەریەتێك و وەحشی گەریدا ژیاون
كەتواناى ئەوەیان نەبوە بەدوایی
مەعریفەدا بگەڕێن كەسێكی
خوێندەواریان نەبووە وای لێهاتوە شانازی
بە جەهالەتەوە بكەن. پادشاكانیشیان
شانازیان بە نەخوێندەواریانەوە دەكرد، لە

سەدەی ١١و ١٢ ی زاینیدا ئەوروپا
هەوڵی زانست و پێشکەوتنیان دا ئەگەر
بەراوردی بکەین بە سەدەی ٤ی هیجری
دەبینین سەدەی ٤ و ٥ ی هیجری
موسڵمانان بکەین دەبینین لەچ هێزو
تواناو دەسەڵاتێکدابون.
مێژوونوسێکی ئەندەلوسی
بەناوی(صاعد) لە سەدەی ٥ی هیجری
ساڵی ٤٦٢ هیجریدا لە(تولەیتلە) ئەم
کتێبەی نوسیووە هەرلەوێش مردووە،
توڵەیتڵە پایتەختی ئیسپانیا بووە لەوکاتەدا
پایتەختی دەوڵەتی قوتیەکان بووە، کاتێك
توڵەیتڵە گیرا موسڵمانان پایتەختی خۆیان

گواستەوە بۆ "قورتوبە" کە دەوڵەتی ئەندەلوس ئەوکاتە پایتەختەکەی قورتوبە بوو، ئەو لە توڵەیتڵە دەژی کتێبێکی نوسی بەناوی(طبقات الأمم) لەو کتێبەدا باس لە حاڵەتی دەوڵەتانی ئەوروپا دەکات بەتایبەت ئەسکەندەناڤیا (دانیمارك، سوید، نەرویج، فینلاندا) پۆلێنیان دەکات ودەڵێ: (هم أشبه بالبهائم منهم بالناس) واتە وەکو ئاژەڵ ناویان دەبات، هیچ توانایەکیان نەبوە تەنها خواردنیان خواردوە ئاژەڵیان سەربڕیوە بەکاڵی گۆشتەکەیان خواردووە. کەسێکی تر باس لە ئەوروپا دەکات بەناوی (أبراهیم

طرطوشی) ئەمیش خەڵکی ئەندەلوسە خەڵکی شاری (جلیقیە) پێ ئەوترا، ئێستا بەناوی (کلیە) ناو دەبرێ لە باکوری ئیسپانیایە لەنزیك فەرەنسادا، باس لەوە دەکات خەڵکی ئەوێ بەگشتی خۆیان نەئەشۆرد تەنانەت دەڵێت: هەمویان خەڵکێکی ناپاك بوون ئەهلی غەدربوون لەساڵێکدا یەکجار خۆیان دەشۆرد یان دوجار ئەویش بەئاوی ساردو جلیان هەر نەئەشت، ئەوان واهەستیان دەکرد ئەم پیسییە وەکو دەست کەوتنی خێرو نزیك بونەوەی خوایە لێیانەوە.

ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ هاتنی دینێك

که دێت فەرمان دەکات لە شەو ڕۆژیکدا ٥ جار دەست و دەم و چاو و قاچ بشوات، لەهەموو جەنابەتێکدا(غوسڵ) لە ڕۆژی هەینی غوسڵ دەربکەین، لەڕۆژی جەژندا غوسڵ دەربکەیت، هەتا گەورەترین بەندایەتی رۆژی هەینی یە بەڕێزترین بەندایەتیە لەکاتێکدا ئەگەر پیاز یاخود سیرت خواردبێ دەبێ لەو بەندایەتیە خۆت دوربخەیتەوە! ئەمەش بەرزی مرۆڤ دەردەخات لەلای ئیسلام، چونکە دورخستنەوەی خۆتە بۆ پاراستنی موسڵمانانی تر.

ئینجا لە رووی پاراستنی مافی خەڵکیەوە

ئیسلام تەنانەت مافی کافرو
بێباوەڕەکانیش دەپارێزێت بە ئەرکی
.سەرشانی دەزانێت
وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ
حَتَّى يَسْمَعَ كَلامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَلِكَ
بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَعْلَمُونَ ﴿٦﴾
خۆ ئەگەر کەسێک لە هاوەڵگەران داوای
پەنای لێ کردیت ئەی پێغەمبەرﷺ، ئەی
ئیماندار، ئەوە تۆیش پەنای بدە هەتا گوێی
لە فەرموودەکەی خوا (قورئان) دەبێت،
پاشان بیگەیەنە بەو شوێنەی دەیەوێت و
(ماڵ و گیان و ژیانی) تیایدا پارێزراوە،
ئەم میهرەبانیە لەبەر ئەوەیە ئەوانە

.(کەسانێکن نازانن (خواناسی چیە
کەسانی تر وەکو (ابن فضلان) ئەویش لە
ئەندەلوس ژیاوە باس لەوە دەکات کە
هەمیشە خەریکی خراپەکاری بوون
بۆنمونە لە کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکات
کاتێك ڕێزی سەیدیان گرتبێ (سید)
.بەمانای خاوەنی بەندە بووبێ
ئەگەر بمردایە ئەوانەی لەگەڵی بوون
بەندەکان یاخود ئافرەت و جارییەی
هەبوایە ئەهاتن سەرخۆشیان دەکردو
هەندێك طقوساتی دینییان پێدەکرد پاشان
ملیان لە دوو لاوە دەبەستەوە بەگوریس لە
دواییدا ٢ کەس ڕایان دەکێشا تاکو ئەمرد!

خەنجەرێکیان دەکرد بە دڵیا تا خوێنەکەی بەسەریدا دەهاتەخوارەوەو خوێنەکەی دەکەوتە سەر گەورەکەی، هەروەها باسی ئەوەش دەکات وەکو رێزێکە بۆ گەورەو پیاوەکەی ئەو کارەیان ئەنجامداوە!

ئینجا وەرن پێوەربکەن ئاینێك دێت دەڵێت: لە حەدیسێکدا کە موسلیم ریوایەتی کردوە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (مَنْ لَطَمَ مَمْلُوكَهَ أَوْ ضَرَبَهُ فَكَفَّارَتُهُ أَنْ يَعْتِقَهُ).

واتە: هەرکەسێك شوختێ بخاتە بەندەکەی خۆیەوە یاخود لێدانێکی لێ بدات و ئازارێکی بدات کەفارەتەکەی تەنها ئەوەیە دەبێ ئازادی بکات.

ئەوان ڕێزی گەورەی بەندەکانیان بەوشیوەیە گرتوە کەخاوەنی بەندەکە بووە. ئەوەی باسمان کرد بەگشتی حاڵەتی ئەوروپا بوو.

هەروەها سەروەرمان پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

لا يَقُولَنَّ أَحَدُكُمْ: عَبْدِي وَأَمَتِي، كُلُّكُمْ عَبِيدُ اللَّهِ، وَكُلُّ نِسَائِكُمْ إِمَاءُ اللَّهِ، وَلَكِنْ لِيَقُلْ: غُلامِي وَجَارِيَتِي، وَفَتَايَ وَفَتَاتِي".

واتە: بە بەندەو کەنزەکەکانتان بڵێن کوڕەکەم یان کچەکەم، وەیان وەك منداڵی خۆتان هاوسەرگیریان بۆ بکەن لە کوڕو کچ، وە لە جلوبەرگی خۆتانیان لەبەر

بکەن، هەروەها لەو خواردنەی دەیخۆن بیاندەنێ.

پاشان چوومە سەر شارستانیەتی میسر و لە کتێبەکەدا بەم شیوەیە نوسرابوو.

بابزانین لە میسر چی رویداوە پێش هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ، لەسەرەتاوە زانیمان دوو دەوڵەتی ڕۆمان هەبوە، دەوڵەتێکیان بەتەواوی کۆتایی پێهات، سەردەمی (کلیۆپاترا) و (هۆکتافیۆس) لەساڵی ٣١ پێش زاینیدا میسری گرت پاشان لەسەردەمی (ئۆختۆص) قەیسەرێکی تربوو توانی دەوڵەتی رۆژئاوا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

واته لەساڵی ٤٦٧ی زاینی واتە نزیکە ١٥٠ساڵ پێشهاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ دەوڵەتی ڕۆمانیای رۆژئاوا میسری خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، ئەم وڵاتە چیان کرد!

پاش ئەوەی رۆژئاوای میسری خستە ژێر دەستی خۆیەوە دوبارە دەوڵەتی ڕۆمی رۆژهەڵات توانی دەسەڵات بگرێ بەسەر میسردا لەشەڕێکدا دژی کەنیسەی رۆژئاوایی هات و میسری کرد بە جێگەی مەخزەنی خۆراکی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، ئابوری نزم بوەوە خەڵکەکەی دورخستەوە لەهەموو

بوارێکی زانست و زانیاری و پێشکەوتن وکۆمەڵگاکەی بەرەو دواکەوتویی برد، تەنانەت ڕۆما سوڵتەی لەدەسەڵاتی میسری سەند بۆخۆی، ئەوەشی مابوو بۆئەوەی شۆڕش بەرپا نەبێ کۆمەڵێکی دروست کرد وەکو ئەم خەڵکەی ئێستا کە دەبینین وەك ئەمریکا هەرکەس لایەن و نفوزی خۆی بێ ئەوا دەیهێنێ و دەیخاتە سەر وڵاتەکە بۆئەوەی شۆڕش کپ بکاتەوە زۆری خەڵکەکە لەدژیان هەڵنەستێ، پاشان باجی لەسەر خەڵکی میسری دانا، باجی لەسەر زەوی و زاری خەڵکی و مەڕوماڵات لەسەرفرۆشتن و

کەلە و پەلی ناوماڵ کە مێژوونوسان باسی لێوە دەکەن. باجی گواستنەوەی دانابوو تەنانەت باجی لەسەر ژنهێنان و شوکردن دانابوو.
ئەمەی کەباسمکرد هەموو ئێساتێش لەم رۆژگارەی ئەمڕۆدا هەیە، هەروەك لە وڵاتێکی وەك نەرویج کاتێك لە شارێکەوە دەچیتە شارێکی تر باجی ڕێگا دەبێ بدەیت، لەو سەردەمەشدا باج لەسەر قەبرو دفنی مردووەکانیان سەندوە، لێرەش بەهەمان شێوە هەروایە کەسێك بمرێ باجی لێدەسەندرێ، هەر ئەو ڕوداوانە دوبارە دەبێتەوە لە ئێستاو

ڕابردوشدا کە رویداووە، باجی تەلەفزیۆن
کەئێستا هەیە هەمان باجە کەلەسەر کەلو
پەل و پێداویستی ماڵ لەو کاتەدا سەندراوە
ئێستاش بەردەوامە لەم وڵاتانەدا، هەربۆیە
هەمیشە دەڵێین؛ مێژوو خۆی دوبارە
دەکاتەوە ، لەسەرو هەموشیانەوە
ئەشکەنجەیەکی زۆری ئەدان تەنها
لەبەرئەوەی ئەوان کاتۆلیکی بون و ئەمان
لەژێر چەتری نەسرانیە
ئۆرتۆدۆکسیەکاندا بوون.

شارستانیەتی چین

وڵاتێکی وەك چین کە ئیمپراتۆریەت
بوون خاوەنی سێ ئاین بوون، بە ١٠ساڵ

.پێشهاتنی پێغەمبەری خواﷺ
یەکەم: پێی ئەوترا دینی(لاوتستۆ) ئەم
دینە دینێکی کرداری نەبووە، شتێکی
بێهودە بووە خەڵك زۆربەکاری نەهێناوە،
بەڵام دینی لاوتستۆ باوبووە نەك
.پیادەکراو
دووەم: بەناوی (کۆنفۆشیۆس) ئەمانیش
بەگەورەی فەلسەفەو دەسەڵاتدارانی چین
ناودەبرێ، لەدواییدا دەبێتە دین و یاسای
.بۆدائەنرێ و دەیپەرستن
ئەم ئاینە باس لە ژیان دەکات کە ژیان
شتێکی بێهودە و هیچ گرنگییەکی نیە
بەئارەزوی خۆتە چی دەپەرستیت وەك

دار پەرستن و ئاو، مشك و...هتد.
ئاینی: دینی (بوزا یاخود بودا) ئەمیش فەیلەسوفێك بووە توانیویەتی شەریعەتێك دانێ لەسەردەمی خۆیدا هەندێ بنەمای ئاینی و ئەخلاقیشی هەبووە، خەڵكی دائەبڕی لەكۆمەڵگا ئەبێتە ڕاهیب و وەكو سۆفیگەرییەكی ئەو سەردەمە دەگێڕنەوە ووشەی تەسەوف لەو سەردەمەی بوزاوە سەرچاوەی گرتووە، هەتا هاتۆتە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، هەرچەندە زۆرێكیش پێش بوزا هەر تەسەوف هەبوەو لەسەردەمی مەسیحی و یهودی و دوای ئەویش هەر هەبووە.

شارسانیەتی هیند

ئیمپراتۆریەتێکی تر هەبوو بەناوی (هیند)، هیندستان یەکێك بو لەو وڵاتانەی دەوڵەتێکی بەتوانا بووە ١٠ ساڵ پێش هاتنی پێغەمبەر محمد ﷺ لەو وڵاتەدا هەمووشتێك ڕێگاپێدراو بووە بۆ پەرستن لە ئێستاشدا هەروایە ، شێوەی جۆراو جۆر هەیکەل هەبوە بۆ پەرستن خەڵك (شاخ و ڕوبار وەك ڕوباری (کنج) کەزۆر موقەدەسە لەلایان، معادن، مانگ، قەڵەم، ئاڵتون، زیوو، شمشێری دەستی خۆیان و ئەستێرەو مشك و گیانلەبەرانیان) پەرستووە. تا ئێستاش

مانگا و مشك و سەگ دەپەرستن، لەو وڵاتەدا مانگا پەرستن باوبوە کەزۆربەی زۆری زانایان خەبیرن لە کۆمپیوتەرو تەنانەت شارەزایانی بواری چەکی ئەتۆمی ئەو وڵاتە زۆرێك لە سیاسیەکانیان مانگا دەپەرستن، لەڕاستیدا ئەمەشتێکی سەیرە.

لەسەردەمی کۆندا لەهیندستاندا برسییەتێك ڕوی کردە ئەوان لەجێگایەکدا کە مشکیان دەپەرست، خواردنی مشك قەدەغەکرابوو تەنها مشکیان سەرنەئەبڕی ئەو ماڵانەی کە گەنمیان کۆکردبوەوە مشکەکان هەموو دانەوێڵە و گەنمەکانیان خواردن!

بواری ڕەوشتی

لەڕوی جنسیانەوە هاوسەرگیری شتێکی ئاسایی نەبوو، کەس هاوسەرگیری نەئەکرد ئافرەتێکیان بەدڵ بوایە ئەیان توانی بیبەن بۆخۆیان بەتایبەت کاهینەکانیان بە بەندایەتیان دەزانی، کاری خراپەکاری و فواحش لە مەعبەدەکانا ئەیانکرد ئەیانشوبهاند بەوەی بوارێکی ئاینیە، لەگەڵ منداڵ و پیرو گیانلەبەراندا هەرشتێك ئەوان ئارەزوو حەزیان لێبوایە دەیانکرد، دەیان ووت مادام خۆشی مرۆڤەکانە لە خواردن و سێکس و خەوتندایە، کەواتە بەبەندایەتیان دادەنا.

بواری کۆمەڵایەتی

لەناو ئەوانیشدا چینایەتی هەبوو دابەش
کرابون بەسەر ٤ چین:
چینی بەراهیمە: دەسەڵاتدارو و
کاهینەکانیان بوون هەمیشە پادشا ئەبوایە
کاهین بوایە واتە پیاوی ئاینی بوایە.
چینی (شترای): ئەمەش پیاوانی جەنگ و
ئازاکانیان بوون.
چینی (وویش): ئەمیش بازرگان و
جوتیاربون خاوەنی زەوی و زارو
سەروەت و سامان بوون.
چینی (شۆدەت): ئەم چینە هیچ شتێکیان
بۆنەبوو بیکەن ئەم چینە لەگەڵ

گیانلەبەران هەژمار دەکران، بەکوردی خۆمان پەراوێز خراوەکانیان پێدەوترێت.
لە یاسای هیندستاندا لەو سەردەمەدا ئەتوانرا لەبەرامبەر بەراهیمەکاندا ئەبوایە ئیشیان بۆبکەن بەبێ ئەوەی پارەشیان بدەنێ.
ئەم چینی"شۆدەرە" دەبووخزمەتی کاهین و دەسەڵاتداری هندستانیان بکردایە
ئەگەرپێوەری بکەین بە ئاینی ئیسلام ابن ماجە ڕیوایەتی کردوە لە ئیمامی عومەرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە دەفەرموێت: (أَعْطُوا الأَجِيرَ أَجْرَهُ قَبْلَ أَنْ

(يَجِفَّ عَرَقُهُ).

واتە: پارەی خاوەن کرێ بدەن بەو کەسەی کە بەکرێ گرتوتانە تاکو عارەقەکەی ووشك نەبۆتەوە.

ئەگەر شودەرێك بەهێزبوایەو توڕەیان بکردایە لە بەراهیمێکیان بدایە لە کەسێکی دەسەڵاتداری بدایە وەکو أبن ئەسیر باسی دەکات دەڵێ؛ دەستیان دەبڕی وە ئەگەر دابنیشتایە لە حزوری بەراهیمێك ئەوا پشتیان بەئاسن ئەسوتاند (کەوی)یان پێدەوت، یاخود شودەرەکان قسەیەکی بەبراهیمە بوتایە لە هندستان یەکسەر زمانیان دەبڕی، خۆ ئەگەر

بهاتایه لەوانەی کە ئەپەرسترا بۆنموونە: سەگ و بۆق و کونەپەپوو و پشیلە کە دەپەرسترا، یەکێك لەم گیانلەبەرانە بکوژرایە وەکو أبن کثیر دەڵێ: (وکفّارة قتل الکلب والقطة والضفدعة والبومة مثل کفارة قتل الشودر سواء بسواء) هەر کاتێك هەرکەسێ بیکوشتایە لەمانە ئەبوایە کەفارەتی بدایە پیاوێکیان لە شودەر ئەکوشت، کاتێك خوای گەورە ئیسلامی بۆ ناردین دەفەرموێت: (ولقد کرمنا بنی أدم)

هەمووشتێك لەپێناو و لەبەرخاتری مرۆڤەکانن رێز لە مرۆڤ گیراوە.

لەسەردەمی هیندستاندا ئافرەتان لەکۆمەڵگەکەیاندا هیچ گرنگییەکی نەبووە ئەتوانرا ژن بێ و ئیشی پێبکرێ و زۆرجار هیندەکان ماڵ و سەروەت و سامانیان لەقومار دە دۆڕاند ژنەکانیان دائەنا لەبەرامبەریدا، پێغەمبەری خوا(علیه الصلاة والسلام) دێت دەفەرموێت: (اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا) وەسێتی کرد لەگەڵ ئافرەتان باشبین. یاخود دەفەرموێت: (النِّسَاءُ شَقَائِقُ الرِّجَالِ) ئافرەتان هاوڕێ و هاوسۆزی پیاوانن.

یاخود (خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لِأَهْلِهِ). باشترینتان ئەوانن کە بۆ هاوسەرەکانتان باشن.

شارسانیەتی یەهود

پاشان خەڵکێك لەوانەیە بپرسێ شوێنی یەهود لە کوێدابوە ؟ بابێین سەیری کیانی یەهود بکەین..

یەهود لەوسەردەمەدا لەئاست ئەوروپادا بڵاوبوبوەوە لەناوچەی شام-دا بەگشتی لەوێدا چەقیان بەستبوو مابونەوە، هەموو دەزانن یەهود پیسترین کەسایەتین، لەکاتی لاوازی و بێهێزی خۆیاندا هەمیشە خەریکی خنوعن، خەریکی دووری و گەردن کەچی و ماستاوچین و خەریکی

ڕق و کینەو درۆزنین بۆ خۆ بردنە پێشەوە.
لەساڵی ٦١٣زاینی واتە ٣ ساڵ دوای هاتنی پێغەمبەر ڕوداوێك رووئەدات لەژیانی ئەم یەهودیانە، لەناو شام-دا کەژیاریان هەبووە لە ساڵی ٦١٣ زاینی هەموو دەزانن فارس سەرکەوت بەسەر ڕۆم دا، وەك خوای گەورە دەفەرموێ:
غُلِبَتِ الرُّومُ﴿٢﴾
ڕۆمەکان تێکشکێنران (بەدەستی فارسەکان) .
بۆمان دەگێڕێتەوە لە سورەتی روم دا، پاش سەرکەوتنی فارس بەسەر ڕۆم دا

لەشام-دا یەهودیەکان هاتن کودەتایەکیان کرد بەسەر هەموو نەسارەکاندا، هاتن هەرچی نەسارا بوو بە قەشەو پاپاکانیانەوە هەموویانیان گرتو کوشت و هەموو کەنیسەکانیان تێك دا هەرچی راهیب بوو کوشتیان لەدوایی ئەوەی دەسەڵاتی تەواویان گرتە دەست.
لەپاشان ماوەیەك دیسانەوە ڕۆم خۆیان گرتەوە سەرکەوتنەوە بەسەر فارسدا وەکو خوای گەورە دەفەرموێ:
فِي أَدْنَى الأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ ﴿٣﴾
لە نزیکترین و نزمترین وڵاتیاندا، بەڵام

له ئاینده‌دا (نۆره‌یان دێته‌وه) ڕۆمه‌کان دوای شکستیان سه‌رده‌که‌ونه‌وه.
له‌دوای ئه‌وه‌ی سه‌رکه‌وتن به‌سه‌ریاندا ئه‌م یه‌هودیانه چون بۆلای "هرقل" چۆن زه‌لیلی خۆیان نیشاندا، چۆن داوای ئه‌وه‌یان کرد دوای حکومه‌ته‌که بکه‌ون له‌دواییدا ووتیان ئێمه له حکومه‌ته‌کی تۆدا ده‌بین و یارمه‌تیت ده‌ده‌ین، پاشان ئه‌ویش په‌یمانێکی له‌گه‌ڵ یه‌هود به‌ست و ئاسایشی و هێمنی دانێ.
به‌ڵام له‌دواییدا نه‌سارەکانی شام هاتن بۆلای هه‌رقل و پێیان ووت تۆ چیت کردوه له‌گه‌ڵ ئه‌مانه‌دا، هه‌رچی خه‌ڵکی

ئێمە بووە لەناو شام دا هەموویان کوشتووە، کەبەمەی زانی پادشای ڕۆم زۆر توڕە بوو، بەڵام پەیمانەکە ڕێگر بوو ئەویش ئەو پەیمانەی نێوانیان بوو، پاشان نەسارەکان هاتن بۆلای و قسەیەکیان کرد ووتیان: تۆ کێشەت نەبێت ئێمە کافارەتی پەیماننامەکەت بۆ ئەدەین بەس بیانکوژە (اقتلهم وسنصوم عنك جمعة كل سنةٍ أبد الدّهر) وەرە تۆ بیان کوژە ئێمەش هەموو هەینیەك بۆتۆ بەڕۆژوو ئەبین تا ڕۆژی قیامەت بۆئەوەی کەفارەتی ئەوەت بۆ ئەدەین، ئەویش هەستا بەکوشتنی یەهودی و

عەزابی ئەدان و لێی ئەدان، زۆریان ڕایان کردو هەندێکیشیان مانەوە لەشام.
ئەگەر سەرنج بدەین بەدرێژایی مێژووی نەساراو یەهود ڕقیان لەیەکتربوەو دژایەتی یەکیان کردووە، نەسارەکان بڕوایان وایە کەیهودیەکان کە عیسا(علیە السلام) لەخاچیان داو یان کوشتویانە کەئەمەش ڕاست نیە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ).
..نە کوژراوە نە لە خاچ دراوە
لەساڵی ١٦ی کۆچیدا سیدنا عمر فتحی قودسی کرد مەرجێکیان لەسەر ئیمامی

عمر دانا مەسیحیەکان ووتیان بەمەرجێ
ئێمە دەوڵەتی قودس تەسلیم دەکەین
بەومەرجە نابێ یەك یەهودی لەوڵاتی
قودس دابمێنێ.
ئەویش مەرجەکەی لێ قبوڵ کردن،
عومەری کوڕی خەتتاب(رەزای خوای
لێبێت) ئەو پیاوە بەڕێزە قبوڵی
مەرجەکەی کرد هەرچی یەهودی
لەقودس بوو هێنانیانە دەرەوە لەشوێنی
تردا نیشتەجێی کردن لەبەرئەوەی بەبی
شەڕ قودسی گرتەوە.
بەڵام ئەگەر سەیری ڕێکەوتنی یەهودی
بکەین ئێستا لەگەڵ ئەمریکاو فەڕەنسا و

ئینگلیز هەموویان پێکەوە دەبێ بزانین بۆچی ئەم ڕێکەوتنەیان مۆرکردوە لەنێوان یەکتر! لەبەری ئەوەی شەڕی هەموویان بەرامبەر بە موسڵمانانە دژی موسڵمانان شەڕدەکەن، یەهود لەسەردەمی پێغەمبەری خواﷺ لەشاری مەدینەی منەوەرە نیشتەجێ بوون وەکو خوو نەریتێك هەروەکو ئێستا کەهەن ئەو خوەی ئێستا هەیانە نەگۆڕاوە وەك لەسیرەدا هاتووە دڵێکی ڕەق هەمیشە ئەخلاقی لادەر خراپیان هەبووە، حەزیان بە فیتنە و هەمیشە وویستویانە دەسەڵات و سامانیان دروستکردوە بۆ هێنانەدی

ئاواتیان و چەکیان فرۆشتوە لەنێوان هۆزەکاندا، هۆزی(ئەوس و خەزرەج)یان دابوو بە شەڕ چەکەکانی خۆیان پێ دەفرۆشتن، هەمیشە کاری ئەوەیان دەکرد بەدڕەوشتی لەناو خەڵکدا بڵاودەکردەوە بۆئەوەی دەستبگرن بەسەر خەڵکدا ئەمە کاری ئەوان بووە بەدرێژای میژوو ئێستا بە هەمانشێوە هەر بەردەوامن لەو جۆرەکارانە.

شارستانیەتی حەبەشە

سەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی حەبەشە (ئەثیوبیا)ی ئێستا پێش هاتنی پێغەمبەری خواﷺ حەبەشە وڵاتێکی نەسرانی

مونحەریف بوون واتا "شوێنکەتوی کورسی بابەویانیان" پێدەوترا یاخود کورسی ئەسکەندەری کە دینێکە پێی دەوترا دینی (مەنفوسیا) باوەڕیان وایە کە مەسیح خوایە یاخود کوڕی خوایە، ژیانێکی زۆر سەرەتاییان هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا چەك وجبەخانەی بەهێزیان هەبوو لەسەردەمی پێشهاتنی پێغەمبەردا ﷺ

کەسێك هەبوو بەناوی (نەجاشی أصحمی) رەحمەتی خوای لیبێت کەس نەیدەتوانی زوڵم بکات لەوکاتەدا نازناوی نەجاشی درا بە پادشاکانی حەبەشە.

شارستانیەتی هەردوو ئەمریکا

هەردوو ئەمریکا لەچیدایە!
هنود حمر) هندەسورەکان تیایدا دەژیان)
و نەماون لە ئێستا، لەسەردەمی
ئەوروپیەکان کەچونە ئەمریکا
هەرهەموویان کوشتن وەکو مێژوونوسان
دەڵێت ١٠٠ملیۆن کەس بوون لەو
قارەیەدا ژیاون هەموویان لەناوبردوون.
ئەمانەی کەباسکران وێنەی پێش هاتنی
پێغەمبەر ﷺ بوون.
ئیتر بێزار بووم لە شارستانیەتی پڕ
کارەساتی ئەو سەردەمەی جیهان و
لەتاواندا بەسەر کتێبەکەوە خەوم لێکەوت

. ئەوەندە ماندووبوم
بەڵام دەبێت بگەڕێمەوە یاخود تەواو ئیتر
توانای گەڕاندنەوەم نەماوە؟

بەردەوام بووم لە خوێندنەوەی کتێبەکەی مام فەرغەلی، بەڵام تەنها زانیارم لەسەر شارستانیەتەکانی پێشوو دەخوێندەوە لەناو پەرتوکەکەدا، ئەو رەوشەی کە رووی تێکردبووم لە پێشوتردا چووبومە ناو ئەو ژیانەوە وەك ژیانی خۆمی لێهاتبوو ئاواتم بۆ گەڕاندنەوە ببوە خولیاو هەر ئەو کتێبە بەدەستمەوە بوو ناچار لەبەرم دەکرد دەقەکانی ..

ئێوارەیەکی پێنج شەممە بوو بەرۆژوو بوم، زۆرم برسی بوو بەرماڵم داخست و دانیشتم چاوەڕوانبووم بۆ نوێژی مەغریب هەندیك نزاو پاڕانەوەم کرد خێزان خەریکی سفرە داخستن بوو سەری مەنجەڵی هەڵدایەوە بۆن و بەرامی نانو چێشتەکەی لەسەر بەرماڵەکە هەڵیساندم و بەرماڵەکەم جێهێشت!

باران : نوێژەکەت بکرادایە ئەنجا بهاتیتایە بە ئیسراحەت نانەکەت بخواردایە.

ماکوان: نا ـ سونەتی پێغەمبەری خوام ﷺ پیادەکرد و دەفەرموێت کە نان دانرا نوێژ

کردن وازلێبێنن تا نانەکەتان دەخۆن بۆ ئەوەی دڵتان لای نانەکە نەبێت و خەیاڵتان بڕوات.
(إذا حضر العشاء فابدءوا به قبل أن تصلوا المغرب)!
نان خورا دسیان کەڵکەڵەی کتێبەکەم کەوتەوە سەر و چوومە ژورێك بەتەنها کردمەوە، لە دڵی خۆمدا زۆر پاڕامەوە کە بچەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەری خواﷺ ئەو لاپەڕەیەم دەست نیشان کردبوو کە لەسەری هەڵسابووم. دەستم کردەوە بە خوێندنەوەی، چومە سەر ژیانی کەسێك کە زەردەشتییە و کوڕی پیاوێکی

.خانەدانی زەردەشتیەکانە
چاوم بەرز کردەوە لەبناری شاخێکی
سەوزو جواندام و هەوایەکی فێنك دێت و
چەمێکی سازگاری بەخوڕ لەپشتمەوە
طەی دەکات و جریوە و چەهچەهەی
باڵدارو چۆلەکەو کەناری ئەو سروشتەیان
مەست کردبوو. لەخۆشیدا هاوارم کرد
سوپاس بۆ خوا گەڕامەوە، سوپاس بۆ خوا
.گەڕامەوە
بەڵام دوای تۆزێك بیرم کردەوە کە ئێرە
سەحرای عەرەبستان نیە، بەڵکو ئەمە
زۆزانەو کوێستانە! من لەکوێم؟ هاوارم
کرد شێخ فەرغەلی، شێخ فەرغەلی؟ هیچ

دەنگێك نەبوو.
تۆزێك هەڵسوڕام بەدەوری خۆمدا و تولە ڕێیەکم دۆزیەوە جێگای پێی مرۆڤ و ئاژەڵ بوو شوێن ئەو تولە ڕێ کەوتم.
دوای ماوەیەك لە ڕێ کردن هەستم بە برسێتی کرد هیچ ئاوەدانیشم نەدەبینی، بەردەوام بووم لە ڕۆشتن.
لەدوورەوە پیاوێکم بینی رای دەکرد جلەکانی سور و سپی لەبەردابوو، لە شێوەی جلو بەرگی بوزیەکان دەچوو.
منیش لەخۆشیدا رامکرد بۆلای و پرسیم بێزەحمەت براکەم ڕاوەستە، من غەریبم پرسیارم لێت هەیە؟

ئەو کەسە راکردنەکەی خێراتر کرد، بەڵام دیار بوو ماندووبو، منیش رووەو ئەو رامکرد ناچار بووم بیگەمێ، دەمزانی جێگایەك هەر شارەزایە ئەگەر چی بشترسێت.

منیش رامکرد بەدوایدا تا گەیشتمە لای و وتم مەترسە! من غەریبم رێگام لێ هەڵە بووە.

دیار بوو لێم تێنەگەیشت، ئەویش بەزمانێك قسەی دەکرد کە ئاشنا نەبووم بەو زمانە.

منیش ناچار بۆ ئەوەی تێبگات، ووتم ئینگلیزی، عەرەبی فارسی، کوردی هیچ

دەزانی؟
ووتی: پارسی، پارسی! بە جۆرێك دەستی
کرد بە قسە کردن لە نێوانی فارسی و
لوڕیدا بوو زانیم زمانەکەی فەهلویە،
یاخود پەهلەوی و نزیکە لە زمانی
ئاڤێستایی ئاریەکانەوە، پێشتر خۆم
دراسیەکی ووردیم کردبوو. تێگەیشتم کە
ئەم زمانەی قسەی پێدەکات زامنی
سەردەمی ئەشکانی و پاشان ساسانیەکان
.و بە زمانی ناوەندی ئێرانی مەشهورە
کە قسەی کرد زانیم لە دەوڵەتی فارسی
!ساسانی دام
ماکوان: ناو چییە؟

کابرای فارس: ناوم (روزبەماهو) وە
کوڕی (خەشفوزان)م لەدەست
کەسوکارەکەم ڕامکردوە دەمەوێت بڕۆم
بۆ شام. ئەبم بە نەسرانی و وازم لە
دینەکەی خۆم هێناوە، من کوڕی پیاوێکی
ئاگر پەرستم.
لەم قسانە دابووم لەگەڵ ئەو پیاوەدا لەپڕ
گوێم لەدەنگی ڕازی و عابید بوو
هاوریان کرد، ماکوان! ماکوان! کە
تەماشام کرد شێخ فەرغەلی لە دوایانەوە
پێدەکەنێت بە دەستێ جلی سودانیەوە
تەماشام دەکات و ئەویش پێدەکەنێت لە
خۆشیدا رام کرد بۆلایان و کابرای فارسم

.به جێهیشت
باوەشم پێداکردو ئەملاولای شێخ
فەرغەلی-م ماچ کرد زۆر خۆشحاڵ
.بووم
فەرغەلی: ئەو کەسە کێ بوو قسەت
لەگەڵ دەکرد؟
ماکوان: بەخوا نازانم کێ بوو، دیار بوو
کەتنێکی کردوە پێدەچوو رایکردبێت
.هەڵهاتبێت
فەرغەلی: گەشتی بەهەر کەس ناو و
جێگای لێبپرسە، چونکە ئێمە لەم وڵاتانەدا
شارەزاین بە ناو و جێگایانەوە لەوانەیە
بیاناسین، ئەوە بکە بەبنەمایەك بۆ خۆت.

چونکە تۆ لە سەردەم و کاتێکی ترەوە
هاتوویت وایە ماکوان گیان؟
ماکوان: بەڵێ وایە، لێم پرسی ناوی
روزبە ماهو-وە کوڕی خەشفوزان-ە و لە
شاری ئەصفەهانەوە هاتبوو لە دێیەك
بەناوی (جین) پێدەچوو زەردەشتی بێت و
!ئەیوت دەبم بە نەسرانی
شێخ فەرغەلی: کوا بانگی بکە، ئەوە
سەلمان-ی فارسیە و هاوەڵەکەی
.پێغەمبەری خوایە ﷺ
کە ئاوڕم بۆ دایەوە لەوێدا نەما بوو
هەرچی هاوارم دەکرد کاك سەلمان گیان!
کاکە سەلمان-ی فارسی گیان! هیچ

دەنگێك نەبوو لێمان وون بوو. هەرچی بە شوێنیدا گەڕاین هەر چوارمان بەداخەوە نەمان دۆزییەوە.
ماکوان: شێخ فەرغەلی سەلمان چی دەکات لەم ناوە؟
فەرغەلی: ئاگادارم چەند رۆژێکە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێیت کە چۆن بێیتەوە بۆ لامان. هەموو شارستانیەتەکانت ئەم دیواو دیوکرد کە چۆن ژیانێکی خراپیان بەسەر بردوە بەدەست دەسەڵاتدارو پاشاکانیان پیش هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ وایە؟
ماکوان: بەڵێ وایە.
فەرغەلی: دەی سەلمان-ی فارسیش

بەدوای دیندا دەگەڕا دەیزانی کە دینەکەی زشت و خراپە بۆیە بەدوای ئاینی راستیدا دەگەڕاو خەڵکی زۆر باش کەمە لەو سەردەمەی کە هێشتا پێغەمبەری خوا ﷺ نەبووە بە پێغەمبەر و خەڵکی بەدوای گۆڕانکاریدا دەگەڕێت. خەڵکیش بە گشتی تا تارکی نەبینێت خۆشەویستی بۆ رووناکی ناجوڵێت، ئەو زەمەنە هەمووی تارکیی بووە.

ماکوان: ئێستا ئەو هاوەڵە بەڕێزە بۆ کوێ دەچێت؟ با فریای بکەوینتا نەبێتە نەسارا و بیکەینە موسوڵمان.

فەرغەلی : ئێمە ناتوانین کات بگۆڕین،

بەڵکو لە ناو کاتی ئەواندا ڕێگا دەبڕین ئەگەر توانیمان قسەیەك دەکەین، بڕوا ناکەم بتوانی قەدەری سەلمان بگۆڕین لەدەستمان دەرچوو.

ماکوان: ئێستا ئەو چی دەکات و چی بەسەر دێت؟

فەرغەلی: سەلمان کوڕی پیاوێکی ناودارە یەکێك بووە لە ئۆترۆبانەکان واتە ئاگرەوان بووە لە دینی زەردەشتیدا، بەڵام زۆر سەرنجی دەڕوات بۆ دینی مەسیحی یەکان وەك بینیت رادەکات و دەچێتە وڵاتی شام لەوێ لە کەنیسەیەك دادەنیشێ لەشام زۆر گەڕاوە بەدوای خەڵکدا بۆ

چاکەو دین تا ئەو کۆمەڵگایە لە تاریکی دەربهێنێ.
بۆماوەیەك لەو كڵێسایە ئەژی، دوایی تەماشا دەکات پاپای کڵێسا کەسێکی زۆر درۆزنە، کەدەبینێ پارەو سەروەت و سامانێکی زۆر کۆدەکاتەوە لەخەڵکی ئەم تەنها سەرنج ئەدات تاکو پاپا دەمرێ، پاش ئەوە خەڵکی بانگ دەکات دەڵێ ئەمە خیانەتی لەئێوە کردوە لەدوایدا ئەو پارەیەی کەکۆی دەکاتەوە زیاد لە سێ سندوق یاخود بەسێ شاخ پارە و ئاڵتون و زێڕو زیوی هەڵداوەتەوە، خەڵکەکە دەڵێن سەلمان ڕاستی کردوە و خەڵکەکە

سەلمانیان خۆش دەوێ.
پاش ئەوە واز لە دینی مەسیحی دێنێ و
ڕودەکاتە لای پیاوێك پێی دەڵێت:
مامە فێرم بکە بچمم بۆ کوێ پیاوێکی
باش هەبێت تابچمە لای دینداری بکم؟
ئەویش پێی دەڵێ بڕۆ بۆ موسڵ ئەوەی
لەسەرچاکە مابێتەوە هەر ئەو کەسەیە،
ئەویش دەڕوات ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە
و خەریکی چاکەکاری دەبێ تا ئەو پیاو
چاکەکە دەمرێ.
پێش ئەوەی بمرێ پێی دەڵێ بچم بۆ کوێ
کەسێکی لێ بێت چاکەخواز بێ لەسەر
ئەم زەمینە مابێ؟

پیاو چاکەکە دەڵێت: بڕۆ بۆ "نصیبین"
شوێنێکە لە موسڵ-ەوە دورە پیاوێك هەیە
لەوێ باشەو کەسێکی دادپەروەر و
دیندارە.
دەچێتە لای ئەو پیاوە لە کۆتایی
ژیانیایەتی و سەلمان پێی دەڵێ مامە پێم
بڵێ بچمە لای کەسێك کەلەسەر ئەم زەویە
باش بێ؟
ئەویش دەڵێ کەسێك نابینم لەم شارەی
خۆماندا، بەڵام کەسێك هەیە لە(عاموریا)
لە تورکیای ئێستا لە نێوان تورکیا و
سوریا لەوێ پیاوێکی لێیە لەسەر حەق
ماوەتەوە.

سەیدونا سەلمان دەڵێ کەچومە ئەوێ زۆر دەوڵەمەند بووم، سەروەت و سامانێکی باشم پێکەوەنا و بوومە خاوەنی چەند سەر مانگاو مەڕوماڵات و ئەسپ و پارەو هتد...، لەدوایدا ئەو پیاوە وەفاتی کرد، باسی ئەوە دەکات کە بەو پیاوەی وتووە من چی بکەم لەدوای تۆ بچم بۆ کوێ؟ ئەویش دەڵێ کەسێك شك نابەم لەسەر زەوی چاکە خواز بێ، بەڵام بڕۆ کەسێك هەیە کەبەشوێنی دەگەڕێن پیاوێکە لەوڵاتی عەرەبەوە دێت کە پێغەمبەری ئاخر زەمانە.

ماکوان: راستە منیش لە جێگایەکدا

خوێندبوومەوە کە ئەو سەردەمە موژدەی هاتنی پێغەمبەریانداوە.
لەوانە کەسێك هەیە لە دینی زەردەشتیا بەناوبانگە بەناوی (پیر شالیار)، ئەم پیر شالیار-ە کەسێکی زۆر شارەزا بووە لەئاینی زەردەشتی، زانایەك بووە بۆیە (کاوان یاخود جابانی کوردی) دێتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ کە هاوەڵێکی پێغەمبەری خوایەو کوردە، ئێمە تەنها ناوی ئەم هاوەڵە بەڕێزە کوردەمان بیستوە کە (شیخ الکوردی)ش هەیە لە (مغنی محتاج) هاتووە، کەدێتە لای پیغەمبەری خواﷺ دەپرسن: پیرشالیار بەئێمەشی وتوە

پێغەمبەرێك دێ لەوڵاتی عەرەبەوە، بۆیە ئێمە هاتوین بۆلای تۆ.
پێغەمبەری خواﷺ دەیان گەڕێنێتەوە بۆ کوردستان، بۆیە هێزێکی موسڵمانان دێتە ناو کوردستان و ڕاپەرینێکی گەورە ڕودەدات لەشارەزوور و شارباژێڕ دژی دەوڵەتی فارسی ساسانی، کورد بەئارەزوی خۆی کەدەزانێ ئەمە هێزێکی حەقە زۆر جار یارمەتی هێزەکەشیان داوە.
فەرغەلی: من ئەو مێژووە شارەزانیم، بابێمەوە سەر باسەکەی خۆمان جارێ، سەلمان-ی فارسی کاتێك دەگێڕێتەوە

دەڵێ؛ لە عاموریە کۆمەڵێك دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی عەرەب، پاشان لە عاموریە کەدەرئەچێت ئەو خەڵکە دەبینێ کاروانچیەکان. سەلمان-ی فارسی بێ ئەوەی گەشتبێ بەخزمەتی پێغەمبەری خواﷺ بیناسێ ، بزانن چۆن دوای حەق کەوتوە! بۆیە هەمیشە دەڵێم هەتاکو چێژی تاریکی نەبینن تام و چێژ لەڕوناکی نابینن.
چونکە سلمانی فارسی(ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێ بێت) زانیبوی تاریکی چییە بۆیە بەدوای ڕوناکیدا دەگەڕا، بۆیە بە کاروانچییەکانی ووت هەرچی سەروەت

و سامانم هەیە پێتان دەبەخشم
لەبەرانبەریدا داوای کرد تەنها بیبەن بۆ
ئەوێ، ئەو سەروەت و سامانەی هەیبوو
بەخشی بەوان و لەگەڵیان ڕۆیشت.
سەلمان-ی فارسی خۆی دەگێڕێتەوە و
دەڵێ؛ کە گەیشتمە (رقە) یاخود (واد
القری) ی پێدەوترێ، لەوێ زۆر زوڵمیان
لێکردبوم منیان فرۆشت وەك بەندەیەك،
فرۆشتیان بەپیاوێك پاشان لە ئەهلی ریقە
فرۆشتیان بە پیاوێکی جولەکە لەمەدینە،
هەروەها بۆمان دەگێڕێتەوە ڕۆژێکیان
سەیدەکەم لەگەڵ برازایەکی خۆیدا قسەی
دەکرد ووتی ئای چ گیرێکمان خواردوە

بەدەست ئەم پیاوەوە کەهاتوە، ئێمە نەئیشمان بۆ دەکرێ نە ئەم دوو هۆزەش دەدەن بەیەکدا مەبەستی هەردوو هۆزی (ئەوس و خەزرەج) بوو بانگەوازی پێغەمبەری دەکاو ناوی ﷴدە. سەلمان-ی فارسی دەڵێ؛ من لەسەر دارخورمایەك بووم لەکاتێکدا گوێم لەو قسەیە بوو ڕاپسکام و خەریك بوو لەسەر دارخورماکە بکەومە خوارەوە. سەلمان دەڵێت؛ هاتمە خوارەوەو ووتم ئەوە ووتت چی؟ ئەوە ووتت چی؟ ئەوە ووتت چی؟ ئەویش دەڵێ بەسەر سوڕمانێکەوە سەیری کردم و ووتی ئەوە بۆ وادەکەی بڕۆ

سەردارەکە، لێی تورە دەبێ، ئەویش دەڵێ
وویستم دڵنیا ببمەوە لەو قسەیە، کابراش
قسەکەی بۆ دوبارە دەکاتەوە دەڵێ کەسێك
هاتوە ناوی ﷴ‌دە کەبانگەوازی
پیغەمبەرایەتی دەکات، پاش ئەوە سەلمانی
فارسی گەڕا بەدوایی حەقداو دەگاتە
پلەیەك کە دەبێتە گەورەترین پیاوی سەر
زەویی و پیاوی ناو ئەم ئیسلامە،
پێغەمبەری خواﷺ لەحەدیسێکدا
دەفەرموێت: (سَلْمَانُ مِنَّا آلَ الْبَيْتِ).
واتە: سلمان لەئێمەیە و ئال و بەیتی
ئێمەیە.
ماکوان: ئەی لە شاری مەککەدا کەس

نەبوو بزانێت کە پێغەمبەر محمد ﷺ راستەو دێت و خەڵکێك نەمابوون لەسەر دینی حەق و ئیبراهیمی؟

فەرغەلی: خەڵکی زۆر کەم مابوەوە لە مەککە لەو سەردەمەدا کە لەسەر دینێکی ڕاستی مابێتەوە وەکو (زیدی کوڕی عمری کوڕی نفیل، ولید کوڕی سعدی کوری زید) ئەم دوو پیاوە بەڕێزە پیاوێکی حەنەفی بوون لەسەر دینی ئیبراهیم بون (علیه السلام)، ورقه کوڕی نوفل کەسێکی مەسیحی بوو، قیسی کوری سعادە. ناوەکان لەمێژوودا هەن کەبەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، لەبەر

ئەوە بۆیە ئەمەشم هێنایە پێش چاوی تۆ و باسم لێوەکرد نرخی نور نازانین هەتاکو تاریکی و تونکی نەبینین.
سەیری خوو نەریتی ئەو سەردەمانە بکەین چۆن خەڵکی تیا ژیاوە کە ئێستا منو تۆی بۆ گەڕاوینەتەوە، هەر بۆیە خوای گەورە پیغەمبەرە ئازیزەکەی دەنێرێ لەوکاتەدا.
دریژەی ئەو باسەی کەکردم وەڵامی ئەو پرسیارانەیە کەبۆچی لەوکاتەدا پیغەمبەر ﷺ هاتوە.
خوای پەروەردگار دەفەرموێت:
يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ

كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو
عَن كَثِيرٍ قَدْ جَاءكُم مِّنَ اللّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ
مُّبِينٌ ﴿١٥﴾ المائده

واته: ئەی خاوەنانی کتێب دڵنیا بن کە پێغەمبەری ئێمە بۆسەر ئێوەش ڕەوانە کراوە تا زۆربەی ئەو شتانەی کەلای ئێوە ڕوون و ئاشکرا نین، وە دەیشارنەوە لە کتێبی (تەورات و ئینجیل دا) بۆتان ڕوون و ئاشکرا بکات، هەروەها لە زۆر شت چاوپۆشی دەکات (ئەگەر پەشیمان ببنەوەو ڕوو بکەنە پەروەردگاری تاك و تەنها) چونکە بەڕاستی لەلایەن خواوە ڕووناکیەکی ئاشکراتان بۆ ڕەوانە کراوە

(که محمد پێغەمبەره) هاوڕێ لەگەڵ
کتێبێکی ئاشکرادا (که قورئانه).

يَهْدِي بِهِ اللّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلاَمِ
وَيُخْرِجُهُم مِّنِ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ
وَيَهْدِيهِمْ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٦﴾ المائده.

واته: (بێگومان) خوا بەو قورئانه پیرۆزه
هیدایەت و ڕێنمونی ئەو کەسانه دەکات
که به شوێن به دەستهێنانی ڕەزامەندیی
ئەودا وێڵن، وه بەرەو ڕێبازەکانی ئاشتی
و ئاسودەیی دەیانبات، بەفەرمانی خۆی له
تاریکستانەکان دەریان دێنێت و ڕزگاریان
دەکات و دەیانخاته ناو ڕووناکیەوه، وه
ڕێنمونی یان دەکات بۆ سەر ڕێگەو

ڕێبازی ڕاست و دروستی (دینداری و خواناسی و چاکە).
ئەمە بەگشتی ئەو نورە بوو لەوسەردەمە خوای گەورە لەوکاتەدا ناردی هۆکارەکەی ئەوە بوو کەبزانین بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ هاتووە.
واتا چاکەو باشە زۆر لاواز بوبوو بۆیە خوای گەورە قورئان دەنێریت بە پێغەمبەردا بۆ ئەوەی چاك سازی بکات، پێش هاتنی قورئان تەماشای خەڵکی بکەو دوای ئەوەشی کە ﷴ قورئان بڵاو دەکاتەوە چی دروست دەبێت چۆن شارساتنیەتی دروست دەکات .

ماکوان: ئێستا چی بکەین یاشێخ؟
فەرغەلی: ئەو دەستە جلە لەبەر بکەو دەگەڕێینەوە بۆ مەککە، ئیتر پێویستە ژن بهێنیت و ماڵ دروست بکەیت و منداڵت هەبێت و تێکەڵ بیت لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەدا،کەوتینە ڕێ بەرەو مەککە لە ڕێگا پرسیم لە شێخ فەرغەلی کاکە برسیمە هیچت پێ نییە بیخۆین؟
فەرغەلی: شتێکی وامان پێ نییە، ئیستا دەچینە جێگایەك بزانین هەندێك نان و پەنیر ناکڕین.
ماکوان: بۆ پەنیر لەم سەردەمەدا هەیە؟
فەرغەلی: پەنیرێکی زۆر خۆش وە نانی

زۆر جوان دروست دەکەن لەم ناوچەیە، هەوڵئەدەین خۆشمان بزانین راو ناکەین، دەمەو ئێوارە خۆمان مەڵاس ئەدەین بۆ ڕاو.

ماکوان: باشە، خۆزگە سیلاحمان پێدەبوو!

فەرغەلی: ئەی ئەوە نیە پێمانە.

ماکوان: نا مەبەستم کلاشینکۆفێك یان قەناصێك.

فەرغەلی: بە پێکەنینەوە؛ ئیتر باسی ئەو شتانە نەکەیت کەس لێت تێناگات پێت پێدەکەنن.

ماکوان: ئەزانم؛ بەڵام بڕوا بکە شێخ فەرغەلی برام هیچ فەرقێکی وا نابینم لە

خەڵکی ئێستاو ئەو سەردەمەی کە خۆمانی تێدا دەژین.
فەرغەلی: چۆن؟ تێناگەم ئەم سەردەمەو سەردەمی خۆمان زۆر جیاوازن لە رووی پێشکەوتنەوە.
ماکوان: راستە لە رووی پێشکەتنەوە گومانی تێدا نیە، بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و خەڵکەوە هەریەك جۆرن ئەمە سەردەمی جاهیلیەتە، بەڵام جیاوازی نابینم لەنێوانی خەڵکەکاندا ئەگەر بڵێم سەردەمی ئێمە هەروەك ئێستا پێویستی بە پێغەمبەرێکە بۆمانبێت، بەڵام بەداخەوە پێغەمبەر دوای

حەزرەتی محمد ﷺ نایەت.
فەرغەلی: لێت تێناگەم ئەتەوێت چی بڵێیت ماکوان؟
ماکوان: ئەو سەردەمەی کەباس کراوە لە کتێبەکەدا لە دەوڵەتی فارس، رۆم، چین، هیند و میسر تا دەگاتە هەموو جیهان، ئایا زەمەنی ئێستا پێویستی بە ئیسلام نیە؟ پێویستی بە هاتنی پێغەمبەری خوا نیە سەرلەنوێ بگەڕێتەوە ناومان؟
خۆت وەڵام بدەرەوە شێخ فەرغەلی؟
فەرغەلی: راستە لە رووی کۆمەڵایەتی، رەوشت، ئابوری و تەنانەت ئاکارەوە وێرانە، بەدڵنیایەوە راستە قسەکەت.

ماکوان: لای هەموو خەڵك ئاشکرایە کە کۆتا پێغەمبەر محمد ﷺ وە چیتر زیندو نابێتەوە، بەڵام ئەوەی کەماوە لەناوماندا شەریعەتە رەبانیەکەی پێغەمبەری خوایەﷺ ، ئایا پێتوانیە ئەم دنیایە بە هەموو ئەوروپا و وڵاتانی ئیسلامی هەرهەموو بەگشتی پێویستیمان بەوەنیە جارێکی تر ئیسلام بەگەڕێتەوە؟ ئەو پێغەمبەرە ئازیزە زیندو بێتەوە لەناوماندا بە سوننەتەکانیﷺ ؟

فەرغەلی: بە پێکەنینەوە؛ ئەی من و تۆ بۆ لێرەین ماکوان؟

ماکوان: حەز دەکەم بەدەم ڕێگاوە باسی

سەردەمی خۆمانت بۆ بکەم وەرە سەیری کۆمەڵگاکان بکەین چۆن توشی دڕندەی و تاوان" ئینحراف" و ڕەفتاری ناشرین بوون، سەیری وڵاتان بکەین بەرەو کوێ دەڕوات بزانن توشی چ کارێکی ئەخلاقی و "شذوذی جنسی" بوون!
دەزانیت پێویستمان بەوە هەیە کەئەم سەرزەویە خەڵکێك بیگرێتە دەست کە شوێنکەوتوی محمدە ﷺ . باشە چۆن بتوانین ئەو سەردەمەی کەخوێندمەوە لە شارستانیەتیەکان گرێی بدەین بە ئێستاوە؟ ئەو کۆمەڵگەیە هەمان ئەو کۆمەڵگەیە کە ئێستا ئێمەی تێدا دەژین.

تەماشای شارستانیەتی نوێی ئەمریکا بکەین بەیەکەوە،
وەزارەتی دادی ئەمریکی باسی کردوەو دەڵێ ڕێژەی ئەو خەڵکانەی لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵیدان ٢٥٪ خەریکی زینان. لەشارەکان ٨٠٪ ، لە لادێکان ٣٣٪ ، هەموو مانگێك جارێك ٣٥٠،٠٠٠ ئافرەت دووگیان دەبن بەو هۆکارەوە و منداڵەکەیان فڕێ ئەدەن. بەهەمان شێوە ٢٣٪ وڵاتی ئەمریکا نازانێ باوك و دایکی کێ یە! وەزارەتی دادی ئەمریکی لە یۆلیۆی ساڵی ١٩٩٤ ڕاپۆرتێکی ترسناکی بڵاوکردوە دەڵێت:

ڕێژەی دەست درێژی (أغتصاب) لەشارێکی وەکو نیویۆرك ٣٨٠٠حاڵەت بۆ ئەو کەسانەی تەمەنیان لە ژێر ١٢ساڵە، لە ساڵی ٢٠٠٩ هەر لەشاری نیویۆرك-دا رێژەکە گیشتە ٧٢٠٠ حاڵەت. ئایا ئەو خەڵکە پێویستی بە ئیسلام نیە؟

لە ساڵی ٢٠١٧ ڕێژەکە گەیشتۆتە ٩٢٠٠ حاڵەت.

٢٠٪ ی ئەو کچانەی دەستدرێژیان کراوەتە سەر لە ڕێگەی باوکیانەوە بووە، ٢٦٪ لەلایەن خزمەکانیانەوە، ٥١٪ بەهۆی هاوڕێ و تێکەڵاوبونیان بە

خەلكی خراپ، ٤٪ لەرێگەی خەڵکی نادیارەوەیە.
سەیری عورفی ئەمریکا بکەین ٨٥٪ منداڵی ئەمریکا کە لە دایك دەبێ نازانێ دایك و باوکی کێیە، ٤٠٪ خەڵکەکەی خەریکی خۆکوژییە، لەساڵی ٢٠٠٨دا زیاد ٣٢٠٠٠ کەس خۆیان کوشتوە. چ شەڕێك ئەوەندە ڕێژەی کوشتاری تێدابوە؟ لە ئەوروپا ١٢٠٠٠ حاڵەتی خۆکوشتن هەبووە لەساڵی ٢٠١٦.
سەیری شەڕی ئەمریکا بکە بەرامبەر بەوڵاتانی جیهان.
قومبەلەیەکی کێشابە هێرۆشیما و

ناکازاکی-دا لە بەرواری ١٩٤٥/٩/٦ (
٢٥٠)هەزار کەسی کوشت لەیەک کاتدا،
(١٠٠) هەزار کەس توشی ئیفلیجی بووە،
لەمانگی مارسی ١٩٤٥دا قومبەلە و
ناپاڵمێکی کێشا بەتۆکیۆدا (٨٠)هەزار
کەسی یابانی مەدەنی کوشت. باشە ئەو
خەڵکە پێویستیان بەم ئیسلامە نییە؟
شەڕی کۆریا لەساڵی ١٩٥٠ وەکو شەڕی
ڕۆم کەخوای گەورە باسی دەکات، شەڕی
کۆریای باشور کە لەژێر چەتری وڵاتە
یەکگرتوەکان کرا، زیاد لە ٥ ملیۆن کەس
لە کۆریای باشور کوژرا، زیاد لە نیو
ملیۆن سەربازو ملیۆنیك لە مەدەنی و

کۆمەڵێکی تریان بە برسێتی مردن، ئێستاش لە کۆریای باشور ٣٠-٤٠٪ خەڵکەکەی لەسەر گژوگیا دەژین.
شەڕی ڤێتنام ساڵی ١٩٦٣-١٩٧٥ ئەمریکا چی نەکرد بەڤێتنام؟ باشە پێویستیان بەم ئیسلامە نیە بیگەڕێننەوە ٣-٤ ملیۆن خەڵك بەدەستی ئەمریکا لە ڤێتنامی کوژرا بەگەورەترین شەڕ ئەژمێردرێت لەجیهاندا.
شارستانیەتی نوێی ئەوروپا تەماشا بکەین کە خۆم لەو قاڕەدا دەژیم.
هیتلەر چی نەکرد؟ ستالین بەهەمان شێوە سەیری ئەوروپا بکەین ڕێژەی منالی

غەیر شەرعی لە سوید ٥٠٪ دایە، لەبەریتانیا ٣٣٪، فەرەنسا ٣٣٪، لەساڵی ١٩٩٧ گەورەترین ئاهەنگی گێڕا سەرۆکی فەرەنسی "جاك شیراك" بەبۆنەی مناڵێکی غەیر شەرعی کچەکەی، کەنازانێ باوکەکەی کێیە و کچەکەی لەگەڵ کێ خەوتوە!
سەیری ئینگلیز بکەین ٦٥٪ ئەو گەنجانەی تەمەنیان ١٦-١٩ ساڵ دەبێ "مومارەسەی سێکس" دەکەن بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ سنورێك کە لەنێوانیاندا هەبێت، ٥٥٪ گەنجەکان ١٦-١٩ ساڵ مودمینن بە مەی و مەشروب و ماددەی

"هۆشبەرەکان "مخدراتەوە.
لە بەریتانیا هەر لە ١٧٠ ئافرەت کە لە خوار ١٧ ساڵیدان هەموو هەفتەیەك لاشەیان دەفرۆشرێت وەك "سۆزانی" بەپێی یاسایەکی فەرمی بۆیان رێکخراوە.
لەڕوسیا ئینکاری بونی خوا دەکرێت بەتەواوەتی، شوعیەتێکی فاسدیان هێنایە پێشەوە تائەو خەڵکەیان لەناوبرد. وەزعی ئەفریقیا ١٣ ملیۆن خەڵك تووشی مردن ئەبێ بەهۆی کەم خۆراکی لە باکوری ئەفریقیا ملیۆنێك خەڵك لە ئەثیوبیا، ملیۆنەهای تر لە سۆماڵ لە بەر برسێتی دەمرن. ٦٠٠ ملیۆن ئەفریقی هەموو

ڕۆژێك داهاتیان نیو دۆلارە واتا ڕێژەی
هەموو پێکهاتەی ئەفریقیا (٧٩٪)ی
قاڕەکە دەکات. ٥ ملیۆن ئەفریقی
پەناهندەن "لاجیئن"، جگە لەو قەرزەی
٣٧٠ ملیار دۆلارەی لەسەر ئەو وڵاتەیە،
واتە ڕێژەی ٦٥٪ داهاتی دەبێ بیداتەوە
لەقەرزدا.
کە سوژن دەکەین بە خەڵکدا با جار جار
دەرزیەکیش بکەین بە خۆشماندا.
با سەیری جیهانی ئیسلامی بکەین شێخ
فەرغەلی و خۆمانی لێ بێ بەری
نەکەین! وڵاتی ئێمە بۆچی پارچە پارچە
بووە؟ ئومەتی ئەم ئیسلامە هەرگیزاو

هەرگیز نامرێ ئەمەش قسەی خوای گەورەیە هەر کاتێك ئومەتی ئیسلامی لەناوچوو واتە قیامەتە، ئێمە باوەڕمان وایە خەڵکی سەر ئەم زەوییە هەموو موسوڵمان نابێ ئەوەش ناکرێ، بەڵام پێویستمان بە سەرۆکێکی جەماوەرییە، بەڵام ئەبێ ئێمە وابکەین سەرکردەیەکی جەماوەری خۆمان بەهێز بکەین و نوخبەی لەدەور کۆبکەینەوە، بۆ ئەوەی مەنهەجی بگەیەنینە هەموو موسوڵمانان، هیوادارم لەم قسەم تێبگەن ئەمە زۆر گرنگە بەدەرس وەری بگرن هەموو کاری بۆ بکەین، ئەوانەی لەدەوری ئێمە

کۆدەبنەوە موسوڵمانن، گرنگ لەوەدایە تۆ بتوانی خەڵکیك لەدەرو پشتت کۆببێتەوە (واتا بە ئایدۆلۆژی کردنی ئیسلام و دروستکردنی نوخبەی ئیسلامی، بۆ ئەوەی پێگەی جەماوەری بەهێز بکرێت، تاکو بتوانیت لە رێگای ئایدۆلۆژیاکەوە خەڵکە موسوڵمانەکە پێبگەیەنیت و رۆحی شۆڕشگێری تێدا دروست بکەیت).

کاتێك کەشۆڕش کرا لەناو کورد دا شۆڕشی یەکێتی بوو، کاتێك یەکێتی هات لەئەنجامی ئەوە دروست بوو کەپارتی شکستی هێنا لەشۆڕشی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ دا، هۆکارەکەی ئەوە بوو سەرۆکێکی

جەماوەری بەهێزی بۆخۆی هێنایە پێشەوە ئەم سەرۆکە جەماوەرییە توانی ئەو ڕەوشە بقۆزێتەوە بۆخۆی. خۆ ڕێکخستنی نەبوو بەڵام ئەچووە هەر دێیەك لە دێیەکەدا خەڵك لە دەوروپشتی بوو .کێشەکەیان کێشەیەکی ڕەوا بوو لەسەردەمی صلاح الدين ئەیوبی دا لەناو هێزی سەلاح دینی ئەیوبی دا (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، لەناو هێزو سوپاکەی سەلاحەدین-ی ئەیوبی دا هێزی مەسیحیشی تێدابووە کە لەگەڵ سەلیبیەکاندا شەڕیان کردووە! ئەزانن بۆچی ئەو خەڵکەی لەگەڵدا بووە؟

لەبەرئەوەی سەلاحەدین ئەیوبی-یان
ناسیووە و زانیویانە ئیسلامەکەیان
دادپەروەر بووە و دژی دینەکەی خۆیان
شەڕیانکردوە لەگەڵ ئەمەشدا دینداربوون
زانیویانە لەژێر سایەو چەتری ئەواندایە،
دەبێ ئێمەش بزانین ئەو خەڵکە تێ
بگەیەنین کاتێك تۆ موسڵمان نیت لەگەڵ
موسڵماناندا نیت، بەڵام دەبێ بزانی لەژێر
سایەی موسوڵماندا ئارام دەگری، نابێ
ئێمە تەنها هەوڵ بدەین خەڵکی خۆمان
لەدەوروپشتمان کۆببێتەوە ئەبی قسە
بکەین و ئەو خەڵکەش تێ بگەیەنین بۆ
ئەوەی لەگەڵمان بۆ ئەم ئیسلامە، چونکە

ئیسلام بۆ هەموانە. تا بزانن ئێمە خێرو خۆشنودیمان بۆ تۆی بێباوەڕیشە.

هیچ تێگەیشتی لێم شێخ فەرغەلی؟

فەرغەلی: قسەکانت هەمووی باش و چاکو جوانن، دووبارەی دەکەمەوە بۆیە من و تۆ لێرەین، چونکە تۆ دەزانیت کە سەردەمی بۆی هاتووین و سەردەمی تۆ لەیەك دەچن، چۆن ئەم سەردەمە هەموو بە دوای پێغەمبەرێکدا دەگەڕێین بۆ ڕزگاری ئەو خەڵکە، سەردەمی تۆش کە گەڕایتەوە دەبێت بیگەینین بە خەڵکی کە هەموو کەس پێداویستی بە ئیسلام و شەریعەتەیەکەیەتی.

ماکوان: زۆر ڕاستە لەسەرئەنجامی ئەم قسانەم بۆ جەنابت پێویستمان بەوە هەیە ئەم دینە بەتەواوی بگەیەنین، خەڵك ئێستا لەم زەمەنەدا شەیتان دەپەرستێ وەك لەو فەرمودەیە کە ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێت) ئەفەرموێت: (إِنَّ الشَّيْطَانَ قَدْ أَيِسَ أَنْ يُعْبَدَ بِأَرْضِكُمْ هَذِهِ، وَلَكِنَّهُ قَدْ رَضِيَ مِنْكُمْ بِمَا تَحْقِرُونَ).

واتە: شەیتان تووشی یەئس بووە لەدەست مرۆڤەکان و تەواو چۆتەوە ماڵەوە گۆڕەپانەکەی بۆ مرۆڤ خۆی بە جێهێشتووە، مەبەستم لەوەیە ئێستاس ژیان پێویستی بە گەڕانەوەی ئیسلام هەیە بۆ

دەوڵەتی ئیسلامی بەتایبەتی و بەگشتی هەموو وڵاتانی تر.

ئەگەر سەیر بکەین وڵاتانی بیانی و رۆژئاوا بە گشتی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی بەسەر موسڵماناندا هەیە و سەیری وجودی سەربازی بکەن لەوڵاتانی ئیسلامیدا هەروەك (فەلەستین، عێراق، چیچان، کشمیر، کوردستان، کۆسۆڤۆ، بۆسنە، ئەفغانستان، ترکمانستانی شەرقی، داغستان هیچیان نیە.

ئابڵوقەی ئابوریان خستوەتە سەر سودان و غەززە و ئێران و سۆماڵ و تورکیا..

هتد. سەیری ئەو موسوڵمانانە کەچۆن سەردەبڕێن و دەکوژرێن و لەناودەچن، چۆن بەدەستی هیندۆسەکان سەردەبڕێن، بەدەستی بوزیە بۆرماییەکان. سەیر بکەین کشمیر، ئەندەنوسیا، هیند، سۆماڵ، کینیا، فلیپین، کوردستان و فەڵەستین و وڵاتانی تر.

ئاگاداری ئەمانە نین و تازە بەتازەی راجیاوازیمان لەسەر ئەوە هەیە دەست لەسەر سنگ بگرین یان نا، مەولود بیدعەیە یان جائیزە، پەنجە بجوڵێنی یان نەیجوڵێنی لەکاتی تەحیات، شتی زۆر گەورەتر و لەپیشتر هەیە بۆیە پێویستە

بزانین ئەم ئیسلامە چۆن بگەیەنینە ئەنجام، پاشان بزانین ئێمەیان چۆن سەرقاڵ کردوە بە ململانێی خۆمانەوە.

کوردستان داگیرکراوە بەدەستی وڵاتانی ئیسلامی تر.

ململانێی نێوان عێراق و عەرەبی سونە و شیعە.

ململانێی نێوان میسر و سودان لەسەر حەلایب.

لیبیا لەسەر شریتی ئۆزۆ وویران بوونی دوای معمر قەزافی تەراتێنی موخابەراتی دنیا تێیدا.

مەغریب و جەزائیر لەسەر بیابانی

ڕۆژئاوا.

سەنگال و مۆریتانیا لەسەر ڕوباری سنگال.

سعودیە و یەمەن لەسەر هەرێمی حەسیب و شیعەی حوثی.

ئیمارات و ئێران لەسەر جزیرەی أبوموسا.

سوریا و تورکیا لەسەر لێواری ئەسکندەریە و وێران بوونی سوریا لە لایەکی ترەوە بە دەسەڵاتدارانی ناوخۆ و بەشار ئەسەدی خوێنڕێژ.

ئەرمینیا و ئازربایجان لەسەر هەرێمی کارباخ.

تورکیاو کوردستانی تورکیا، ئێران و کوردستانی ئێران، سوریا و کوردستانی سوریا..هتد.
ئەگەر دوو سەدە بگەڕێینەوە بۆ دواوە کەی ئەو گرفتانە هەبووە لە وڵاتانی ئیسلامیدا؟ ئەمریکاو ئاسیاو ئەفریقیاو گشت وڵاتان پێویستیان بە ئیسلام هەیە.
فەرغەلی: باشە ماکوان بەڕای تۆ چی بکەین باشە بۆ گەڕاندنەوەی ئیسلام ؟
ماکوان: گەڕانەوەی ئیسلام سەرەتا بە تێگەیشتنە لە ئیسلام و دامەزراندی بیر وباوەڕە لە میشکو هزری خۆماندا و ببێتە جیهانبینی بۆمان، پێم وایە بتوانم لە

دەخاڵدا بۆت کۆبکەمەوە.
شێخ فەرغەلی: فەرموو ماکوان گیان
ماکوان: پێم وایە دەبێت ئاوا دەست پێبکەین..
١- ئەبێت بزانین ئەم پەیامە پاکو بێگەردەی خوای گەورە ناردویەتی بۆ پێغەمبەرﷺ ، ئەگەر تێکەڵی بکەین لەگەڵ هەر بەرنامە و ئایدیۆلۆژیایەکی تر یان هەر فەلسەفە و فیکرێکی تردا ئەوا سەرکەوتوو نابێت، ئەبێت ئەم پەیامە وەکو خۆی بمێنێتەوە و نابێت بڵێین: ئەمە ئیسلامی (دیموکراسی، لیبراڵی، پۆستمۆدێرن)ە، چونکە تەنها موسوڵمانی

شوێنکەوتووی ئیسلامە کە لەهەموویان دەوڵەمەند ترو جوانتر و بەرزترە.

٢- بۆ ئەوەی فێربین دەبێت بزانین سەرکەوتن تەنها لەلای خودایە، نابێت وا هەستبکەین بەپشتیوانیی خەڵکانی تر سەردەکەوین. دەبێت موسوڵمانان لەناو خۆیاندا یەکگرتووبن پاشان دەتوانن سەرکەوتن بەدەستبهێنن.

٣- موسوڵمانان دەتوانن سوود لەیاسا دانراوەکانی دەستی مرۆڤ وەربگرن، بەمەرجێك زیان نەگەیەنێت بەعەقیدە و دینیان.

٤- پێویستە ئەم جیلەی کە دەمانەوێت

بونیادی بنێین جیلێك بێت فێری زمانی عەرەبی بن. ئەمە خاڵێکی گرنگە، چونکە دەبێت زمانی قورئان بەپاکی رابگرین و فێری ببین تا لەدینەکە تێبگەین.
٥ـ لەنزیکەوە دەست پێبکەین. واتە من کە کوردم لەکوردستانە وە لەکەسوکارمەوە وە خەڵکی تریش بەو جۆرە، هەرکەسەو لە وڵات و کەسوکاری خۆیەوە تا بتوانین سوودیان پێبگەیەنین، بۆ ئەمەش خوای گەورە دەفەرموێت: وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ الشعراء (٢١٤).
ئیسلام لەناو خەڵکانی نزیکی خۆتدا بڵاوبکەرەوە باشترە.

٦- ئەم ئوممەتە هەڵناسێتەوە هەتا خەڵکانێکی راستگۆ نەیبەن بەڕێوە کە ئیسلامەکەیان لەخۆیان خۆشتر بوێت.
٧- دەبێت خەڵکێکی بەخشندە بین و ئەوەی باش و جوانە بیبەخشین بۆ ئەوەی رابێین لەسەر بەخشین، ئەمەش لەجیهاد دا خاڵێکی سەرەکییە.
٨- پێویستە واز لەکەسی ترسنۆك بهێنین، چونکە دەبێت لەکەسی ئازا و دەستپاك و راستگۆ وە نزیکببینەوە.
٩- سور بوون لەسەر عیزەتی نەفس، دەبێت خەڵکێك بین بەزەلیلی نەمرین، چونکە هیچ کەس بەترسان تەمەنی درێژ

نابێتەوە و کەسیش بەئازایەتی تەمەنی کورت نابێت، بەڵام ئازایەتی هەڵبژێرین باشترینە بۆ ئەوەی ژیانمان بەشانازییەوە بگوزەرێنین.

١٠- پێویستە پشت بەخۆمان ببەستین و لەسەرپێی خۆمان بووەستین لەکاتی تەنگانەو جیهاد و برسێتی و قسە وتنیشماندا ئارام گربین.

فەرغەلی: بارك الله ماکوان بۆ خۆتو شیکاریت، زۆر جوانە.

ماکوان: ئەیئ تۆش پێم بڵێ بۆ ئەم ئیسلامە بۆ لە مەککەوە دێت و بە زمانی عەرەبی دێت؟

فەرغەلی: باشە بۆت باس دەکەم، بەڵام با بچینە ئەو دێیە کەمێك شت بکڕین، دەچم لەو ماڵە نان دەکڕم بڕۆ بەیەکەوە بچین.
کە چووم کچێك هات دەرەوە هەر زۆر جوان بوو ، لەجوانیەکەی سەرسام بووم لەتاواندا هەموو قسەیەکم لەبیر چووە.
کیسە پارەکەم بەدەستەوە بوو بەدەستمەوە گرتم بۆ ئەو، ئەویش هەر دەیووت ئەوە چییە؟ ئەوە چییە؟
لەتاو جوانیەکەی ووتم هیچ هەمووی بۆ خۆت!
فەرغەلی: نانی دەوێت بای ئەو پارە نانمان بدەرێ.

کچکە: نانمان نیە، تەنها ئاردمان هەیە.
ئاردەکەی لێکڕی و داوای لێکرد شتێکی بداتێ تێیدا بشێلین، منیش وەك سەحنی سەتەلایت سەر و چاو مل و سەرم لە دەرگا و پەرژینی ئەو ماڵە بوو حەوشەکەیان تەویلەی حەیوان و پڕ بوو لە مەڕ و چەند دارێك لە حەوشەکەیاندابوو، خانەوەکەیان لە قوڕ دروستکرابوو، کچکەش تەماشای منی دەکردو پاڵی دابوو بە دارەکەوە.
ماکوان: شێخ فەرغەلی ئەوە سەرسامە بە من وا سەیرم دەکات؟
فەرغەلی: نەوەڵڵا تۆی بەلاوە سەیرە

وادەزانێت لە ئاسمانەوە دابەزیویت لە مرۆڤی ئەم سەردەمە ناچیت.
ماکوان: بۆ؟
فەڕغەلی: تەماشایەکی خۆت بکە! ئەوە جلو بەرگی ئەم سەردەمەیە؟
ماکوان: ڕاست دەکەیت کە تەماشای خۆمم کرد دیسان پانتۆڵێکی کابۆ و کراس و بلوسێکی مارکەی بۆصم لەبەردابوو، ئینجا بیرم کەوتەوە بۆیە ئەو کەسەشی کە وتیان سەلمانە منی بینی ڕایکردوە لێم وای زانیوە جۆرێکم لە مرۆڤی ئاسمانەکان.

فەرغەلی: ماکوان حەز دەکەیت ئەو کچەت بۆ داوا بکەم؟

دوای ئەوەی ئەو نازدارەمان بینی و ئاردو خوێ و هەندێك شتومەکی ترمان لێکڕی.

فەرغەلی: ماکوان ئەڵێی چی ئەو کچەت بۆ مارە بکەم.

ماکوان: ئاخر من ژنم هەیە، زۆرم خۆش دەوێت و پێویستم بە ژن هێنان نیە.

فەرغەلی: بە پێکەنینەوە؛ کوا خێزانەکەت؟

ماکوان: راستە لێرە نیە، بەس خۆ دەگەڕێمەوە بۆ لایان.

فەرغەلی: لێرە تۆ پێویستت بە خێزانە و پێویستە خاوەنی خێزان وماڵو منداڵیش بیت لەم ژیانەدا.
ماکوان: یا شێخ ئەشێت سەیری ئافرەتێکی جوان بکەم، بەڵام ناکەمەوە ژن بهێنم برسیمە با نان دروست بکەین.
فەرغەلی: بە پێکەنینەوە؛ باشە ئەو تەپاڵانە بهێنە لەوێدا با لە دەوری ئەو بەردە ئاگرەکە بکەینەوە و تەپاڵەکان بسوتێنین.
ماکوان: بەوە نان دروست بکەین؟
فەرغەلی: ئەی چۆن خۆشترین تامو بۆنی هەیە! خەڵکی هەر بەوە ئاگر دەکاتەوە.

عابید و رازی-م ناردووه بۆ ڕاو بەڵکو شطێك بگرن بیخۆین تا ئەوان دێنەوە با من و تۆ هەویرەکە بشێلین، ئەو بەردە پانە بهێنە ئێرەوە با نانەکەی لەسەر ببرژێنین.

ماکوان: کاکە ئەوە بۆ نان نابێت، ئەوە بۆ زۆپایەك یان شتێکی تر باشە؟

فەرغەلی: لەوە زیاتر نیە داری ئێرە هەمووی تەڕە ، ئەی خۆیت ئەوەیە نایخۆت هەر ئەوەیە ..

ماکوان: باشە!

لەم قسانەدابووین رازی و عابید گەڕانەوە بە بزنە کێویەکەوە سەری بڕابوو بەڵام

سەری هەر بەڵاشەیەوە بوو، رازی
دەستو قاچی بە هەردوو دەستی گرتبوو
وورگیشی نابووە پشت ملییەوە ، خێرا
گوریانو نانمان دروست کردو گۆشتمان
برژاند ئەوەی کە مایەوە ئاردی پێدا کردو
لە پارچە قوماشێکیەوە پێچاو هەڵیگرت،
دیاربوو ئەو سەردەمە وا گۆشتیان
هەڵگرتووە. نزیکەی ٦٠ نانمان کردو
بەرەو شاری مەککە کەوتینە ڕێ.
ماکوان: ئێستا ئێمە لەکوێین؟
فەرغەلی: ئێمە لە وڵاتی پارس-ین و لە
بەشی غەربی لە ناوچەی حەلوان.
ماکوان: ئەی باشە پێم بڵێ، ئەو پرسیارەی

لێم کردی بۆ چی ئیسلام لە شاری مەککەوە دێت بۆ لە فارسەوە نەهات، بۆ لە رۆمەوە نەهات، یان لەچین .. یاخود هەر وڵاتێکی تر؟

فەرغەلی: سەرەتا بەوە دەست پێدەکەمەوە بۆچی ئیسلام لەمەککەوە دابەزێنرا؟

١ـ یەکەم هۆکار ئەوەبوو کە ئەو شوێنە خاوەنی هیچ مێژوویەك نەبوو، ساڵانی خۆیان ناونابوو بەساڵانی جاهیلی. خۆشت دەزانی عەرەب چەندە جاهیلن، خاوەنی هیچ رۆشنبیری و فەلسەفە و فیکر و تەشریعات و یاسایەکی بەربڵاو و وورد نەبوون، ژیانێکی سادەو زۆر سەرەتاییان

هەبوو. باسی دەوڵەتی رۆمی غەربی و شەرقی خوێندەوە ، کۆمەڵێك تەشریعات و کۆمەڵێك یاسای جیاوازی تێدابوو، راستە زوڵم و چەوساندنەوە و خراپەکارییان هەبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا حوکمێکی راستەوخۆی تەواویان هەبوو، یاسای ژیانی خۆیان پێڕێکخستبوو، وایە ؟

ماکوان: وایە.

فەرغەلی: بۆنمونە؛ یۆنان لەسەردەمی رۆمای ئەوکاتەی پێشهاتنی پێغەمبەرایەتی کۆمەڵێك فەیلەسوفیان تیاهەڵکەوتووە وەکو (سوقرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ) ئەمانە زۆر بەتوانابوون و

خاوەنی دەسەڵات و زانست بوون، ئەگەر
لەو کاتەدا پێغەمبەر ﷺ بهاتایە، لەوانەبوو
خەڵکی ئاماژەیان بەوە بکردایە کەیەکێکە
لەفەیلەسوفەکان، وایە؟
ماکوان: راستە لەوانەیە بیانوتایە ﷴ-یش
فەیلەسوفە.
فەرغەلی: ئەی بارك الله .. کەواتە
ئەگەر لە دەوڵەتی فارسی ساسانیەوە ٢
بهاتایە هەروەك پێشتر خوێندبوتەوە کە
ئەوانیش خاوەنی فەیلەسوفو رۆشنبیری
خۆیان بوون، نمونەی وەك (مەزدەك)بوو
خاوەنی هزری شیوعی بوو کە ئێستا
خەڵکی بەکاریدەهێنن و مارکس نوێی

کردبوەوە، هەروەکو زانییت خاوەنی (زەردەشت)یش بوون وە ئاگر پەرستبوون. هیندییەکان کۆمەڵێك دەسەڵاتداری بەتواناو خاوەن هزریان لەناو کیان و دەسەڵاتی خۆیاندا هەبوو، خاوەنی ڕێساو یاسای تایبەت بە خۆیان بوون دەزگای دەوڵەت و دینیان هەبووە وایە؟

ماکوان: وایە؛ کەواتە ئەگەر لەوێش بهاتایە خەڵکی دەیانووت ئاسایییە محمد ﷺ شتێکی گرنگی نەهێناوە ئەوەتا دنیایەك فەیلەسوفی فارس و هیندی ووجودیان هەبوو لەناوچەکەدا و هەموو خەڵی

بەتوانا بوون.
فەرغەلی: زۆر راستە کەواتە لێم تێگەیشتی.
نمونیەکی تر بهێنینەوە ..
٣ـ ولاتی چین خاوەنی (کۆنفۆشیۆس و بوزا) بوون، ئەمانیش داهێنەری یاساو ئایین و خاوەنی دەستووری خۆیان بوون، هۆکاری نەهاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ لەو شوێنانەوە ئەوەبوو تا تێکەڵبوون روونەدات لەنێوان ئەو هزرو فەلسەفانەدا.
ماکوان: زۆر ڕاستە.
فەرغەلی: نمونەیەکی تر بۆ زیاتر

بەرچاو روونی
٤- میسر مێژوویەکی دوورو درێژیان
هەیە لە یاسا داناندا کۆمەڵێك یاساو
رێسای خۆیان هەبوو، لەگەڵ بوونی ئەم
هەموو هێزە گەورانەی سەرزەوی
کەباسمان لێوەکردن بەگشتی، ئەم پەیامە
کە بۆ پێغەمبەری خواﷺهات،
لەجێگەیەکەوە هات تەنانەت هیچ
رۆشنبیری و شارستانێتییەکی تێدانەبوو،
تەنها هۆنراوەیان هەبوو، ئەمەش نابێتە
هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵگەو یاساو
رێسا...هتد.
کەواتە: هیچکەس بەهۆنراوە ناتوانێت

بونیادی ئەم ئوممەتی ئیسلامە بکات، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا ﷺ کەسێکی زۆر زمان پاراو بووە لەدەربڕین و قسەکردندا، خوای گەورە دەفەرموێت: [وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنبَغِي لَهُ إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ وَقُرْآنٌ مُّبِينٌ] يس:٦٩.

واتە: دیارە خوانەناسان ئایاتەکانی قورئانیان بەشیعر داوەتە قەڵەم و پێغەمبەریش ﷺ بەشاعیر، بۆیە دەفەرموێت: وەنەبێت شیعرمان فێرکردبێت، شیعر وتنیش لەو قەدەغەیەو بۆی نەبوو شعر بڵێت، ئەوەی کە فێرمانکردووە تەنها یادخەرەوە و

قورئانێكی ئاشكراو روونه.
ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە شیعر حەرام بووبێت، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ شیعری نەزانیوە و نەخوێنەواربووە، لەبەرئەوەی دینەكە تێكەڵ نەبێت كە لەدواییدا خەڵكانێك بڵێن: قورئان جۆرێكە لەشیعری نوێ وپێغەمبەرﷺ خۆی هێناویەتی، پێغەمبەری خواﷺ لەهەموو تەمەنیدا تاكە شیعرێكی نەوتووە، مەبەستم ئەوەیە كە خۆی دایبنابێت و خۆی خاوەنی شیعربێت.
لەبەرئەوە ئەم پەیامە بەبێ ئەوەی تێكەڵ ببێت لەگەڵ بیروبۆچوونی هیچ فەیلەسوف و بیرمەندێكدا، ئایینێكی پاكە

وەکو شیری سپی و بێگەرد بێ ئەوەی هیچی تێکەڵ ببێت، ئەم پەیامەش لەلای خواوە نێرراوە. پەیامێکی وتوێژکردنە لەگەڵ ناخی مرۆڤ و کۆمەڵگەو دەسەڵاتدا، هەربۆیە لەناو عەرەبیشدا خاوەنی هیچ ئەحکامو یاسایەك نەبوون، تەنها کۆمەڵێك شتی وەکو (تەبەنی)یان هەبووە، کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ چارەسەری دەکات، خۆی هەڵدەسێت بەو کارە چاکە بۆئەوەی کۆتایی پێ بهێنێت، زەینەبی کچی جەحشی مارەکرد کەپێشتر خێزانی زەیدی کوڕی حاریسە بوو. ئەم هاوەڵە بەڕێزە تەبەنیی پێغەمبەر ﷺ

لەگەڵ زەینەب پێکەوە نەدەگونجان و لێك جیاببوونەوە، پاشان پێغەمبەر ﷺ خۆی مارەیکرد بۆئەوەی کۆتایی بهێنێت بەو یاسا جاهیلییە.
ماکوان: زۆر زۆر راستە ئەگەر لەوڵاتێکی وەکو فارس یان رۆمدا بهاتایە و بیویستایە ئەم یاسایانە بگۆڕێت، دەبوو کۆمەڵێك بیرو فەلسەفەو دیدو تێڕوانین و یاسای جیاواز بگۆڕێت، هەرچەندە خودی پەیامەکە بەتواناو گەورەیە لەهەر شوێنێك بەگوێرەی جێگەو زەمان دەتوانێت خەڵکەکە بگۆڕێت، بەڵام لەو کەشو هەلومەرجەی نیوە دورگەی عەرەبیدا کە

ئێمە ئێستا باسی لێوەدەکەین و ئیسلامی تێدا هاتووە باشتر بۆی گونجاوە.
فەرغەلی: زۆر باشە ماکوان ئەو مێشك کرانەوە زۆر گرنگە کە تێبگەیت، خەڵکانێك دەپرسن بۆچی پێغەمبەری خوا ﷺ لەفەلەستینەوە نەهاتووە؟
بۆ ئەوەیە کە تێبگەین لە موعجیزەی ئەم پەیامە کە بریتییە لەوە: بۆئەوەی یەکتاپەرستییەکی رەسەن بێت و لەهیچ فیکرە و مەنهەجێکی تر نەچێت، چونکە نەسرانییەکان خۆیان دەستکارییان کردووە، هەروەها بۆئەوەی کەسانێك نەڵێن: "ئەم پەیامە بۆیە لەفەلەستینەوە

هاتووە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لەیەهودیو نەسرانییەکانی وەرگرتووە".

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم پەیامەی بۆ هاتەخوارەوە لەمەککەو لەفەلەستین بۆی دانەبەزی بۆئەوەی نمونەیەك نەبێت لەتەورات و ئینجیل...

هەرچەندە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ خەڵکی مەککە ئەیانوت: "موحەممەد ئەم پەیامەی هێناویەتی لەغولامێکی نەسرانییەوە وەریگرتووە". چ جای ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەفەلەستیندا ببوایە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کەحیکمەتێکی زۆر گەورەی تێدایە لەو

جێگەیەوە هاتووە، چونکە بەبێ بوونی
هیچ مێژوو رۆشنبیری و شارستانییەتێك
لەوێوە هاتووە. هەروەها دەبێت بەتەواوی
لەوە تێبگەین کەئەم ئیسلامە تێکەڵی هیچ
فیکرەو ئایدیۆلۆژیایەك و بیروبۆچوونی
هیچ فەیلەسوف و بیرمەندێك نەبووە،
تەشریعات و یاساکانی هەموو خۆی
خاوەنییەتی، بۆیە خوای گەورە
دەفەرموێت: [أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ]
((الزمر: ٣)).
واتە: ئاگاداربن، دینی پاك و خاوێن تەنها
بۆ خوایە.
پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب (خوا

لێیڕازیبێت) کاتێك لاپەڕەیەك لەتەورات دەخوێنێتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فڕێ دەدات، بۆئەوەی بەهیچ شێوەیەك تێکەڵی روونەدات لەگەڵ دینی ئیسلامدا، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئایینی ئیسلام ئاینێکی پاکو بێگەردە و تەنها لەلای خوای گەورەوە هاتووە بە پوختی و بێ دەستکاری و تێکەڵبوونی دینەکانی ترو بیری فەیلەسوفەکان.

ماکوان: هەموو قسەکانت راست و دروستن، ئەگەر بڕوانین دەبینین کاتێك موسوڵمانان مەفتون بوون بەفەلسەفەی یۆنانی، دوای ئەوەی کەئیسلام زیاتر

پەرەی سەندو گەیشتە وڵاتانی عێراق و لەوێوە وڵاتی فارسی گرت و دەوڵەتی دروستکرد، هاتن کۆمەڵێك فەلسەفەی یۆنانییان وەرگێڕا بۆ سەر زمانی عەرەبی، دەزانن چەندین بیرو بۆچوونی جیاواز لەناو ئاییندا دروستبوو!
لەبەرئەوە خوای گەورە ئەم زەوییەی بۆ ئیسلام هەڵبژاردووە بۆئەوەی هیچ شتێکی تێکەڵ نەبێت و بەپاکی وەکو خۆی سەرچاوە بگرێ. لەو فیرقانەی دروستبوون وەك: (موعتەزیلە، معطلة ... هتد) کۆمەڵێکی تر کە مەفتون ببوون بەکۆمەڵێك دیدوڕێی ترەوە، توشی

جۆرەها فیتنە بوونو کۆمەڵێك دەرگایان دەکردەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی لێوە نەکردووە، بۆنمونە: بانگەوازی ئەوەیان دەکرد ئایا قورئان مەخلوقە، یان خۆی خالقە؟ ئەی بەهەشت لەکوێیە؟ ئەمانە بوونە هۆکاری ئەوەی موسوڵمانان مەفتون ببن بەئەفکاری فەلسەفەو ئەو بیردۆزانەی کە لەوڵاتانی یۆنان و فارسەوە هاتبوون. ئێستا تێدەگەیشتم کە بۆچی ئەم ئیسلامە لەوڵاتێکی عەرەبییەوە هاتووە کە بێ شارستانییەت و بێ ژیاربوون، سبحان الله شێخ فەرغەلی ئەم ئیسلامە هەموو بنەماکانی و سەرەتاکانی

و هەموو شتێکی بە مەعریفەتو حیسابو کیتابە هەروا عەشوائی نیە .
فەرغەلی: لە هەمووی گرنگتر ئەو ناوچەیە خاوەنی هێزیکی سەربازی نەبوون .
ماکوان: جا ئەمە پەیوەندی چیە بەسەر ئاینی ئیسلامەوە؟
فەرغەلی: چۆن پەیوەندی نیە بۆ نمونە .. حیکمەتێکی زۆر سەیرترمان بۆ روون دەبێتەوە، ئەویش بریتییە لەوەی ئەو ناوچەیە کە وتمان بێ مێژوو بووە، راستییەکەی مێژووییەکی سەربازیی وای نەبووە تاکو بڵێین: عەرەب بۆ خزمەتی

ئەم ئیسلامە سوپایەکی زۆر بەتواناو بەهێزی هەبووە تا ئەم ئیسلامەی بەجەنگ و بەتواناو هێز گەیاندبێت، بەڵکو خەڵکێکی زۆر سادە بوون و کۆمەڵێك هۆزی پارچە پارچەو لەیەك دابڕاوبوون، جەنگیان نەزانیوە ئەگەر جەنگیشیان کردبێت وەکو جەنگی پارتیزانی چوونەتە سەر یەکتری و هێزێکی سەربازیی نیزامییان نەبووە و هیچ هەیبەتێکیان نەبووە، لەڕووی سەربازییەوە چەکەکانیان سەرەتایی و کۆن بوون، نەخشەو پلانیان زۆر سەرەتایی بووە، ئەمەش بارودۆخی

سەربازیی عەرەب بووە.
بۆئەوەی تێبگەیت ئەم دینە لەجێگەیەکەوە
هاتووە ئەو جێگەیە هیچ هێزێکی
سەربازیی تێدا نەهاتووە، بەڵام کاتێك
ئیسلام دێت دەبینین لەگەڵ ئەوەی زۆر بێ
تواناو لاوازبوون لەڕووی
سەربازییانەوە، بەڵام دەبینین سەرۆکێکی
سەربازیی تێدا هەڵدەکەوێت بۆئەوەی
دوایی نەوترێت: خۆیان پێشتر پێشەنگیان
هەبووەو توانایان هەرهەبووە، وڵات
لەدوای وڵات فەتح دەکەن، پاشان
رێکەوتن دەکەن و وڵات ئاوەدان
دەکەنەوە، بانگەوازی خەڵکی دەکەن

بۆئەوەی وازبهێنن لەبەندایەتیی خەڵکی بۆ بەندایەتیی خوای بێهاوتا "جئنا لنخرج العباد من عبادة العباد إلى عبادة رب العباد".

بەو مانایەی مێژوویەکی گەورە دەهێنن لەفتوحاتی ئیسلامیدا کە ئەمە مرۆڤ سەرسام دەکات، موعجیزەیەکە بەهەموو پێوەرێك، کەئەم ئیسلامە توانای دەگات بەوەی دەوڵەتی فارس دەروخێنێت بە (١٣٠٠٠) کەسەوە لەکاتێکدا دەوڵەتی فارس خاوەنی (٢ ملیۆن) سەربازبووە، ئەمە بەهەموو پێوەرێك موعجیزەیە، بۆیە ئەم ئیسلامە خودی خۆی موعجیزەیە،

دەوڵەتی فارس بریتی بووە لە (ئێران، کوردستانی تورکیا، ئەفغانستان، ئۆزبەکستان، تاجیکستان، کازاخستان، قیرغیزستان، تورکمانستان....هتد) لەدوای وەفاتی پێغەمبەری خوا ﷺ بە (١٣٠٠٠) کەسەوە فەتحدەکرێت، دەوڵەتی رۆما خەڵکێك فەتحی دەکەن کە بەموعجیزە دادەنرێ، زۆربەی زۆری ئاسیاو ئەفریقاو وڵاتی ئەندەلوس دەگرێتەوە دەست خۆی، بەمەش خوای گەورە تێمان دەگەیەنێت کەئەو پەیامە بۆیە لەو جێگەیەوە هاتۆتە خوارەوە کە مەککەی پیرۆزە.

ئەگەر سەرنج لەعەرەب بدەین، لێرەدا
قسەیەکی کیسرا دەهێنمەوە، کە پێشهاتنی
ئیسلام کیسرای فارس چۆن سەیری
عەرەبی کردووە، عەرەب وڵاتێکی
دواکەتوویان هەبووە، لەو کەسانەی
کەزۆر شانازییان دەکرد بەوەی چوونەتە
دیوانی دەوڵەتی فارسەوەو (١٥) مەتر
لەکیسراوە دووربوون، موغیرەی کوڕی
شوعبە (خوا لێی ڕازی بێت) پێش
موسوڵمانبوونی، لەجاهیلییەتدا فەخری
دەکرد کەچووەتە دیوانی کیسراوە، ئەمە
زۆر گرنگ بووە بۆ عەرەب کەشانازی
بەوەوە دەکرد خەڵکانێك هەبوون بەس

چوونەتە ناو خاکی کیسراوە، شانازییان پێوەکردووە، بەڵام باسەیری عەرەب بکەین کەچۆن ئەم ئیسلامەی بەئێمە گەیاندووە، ئایا هۆکارەکەی چییە لەو دەوڵەت و جێگەیەوە دێت؟
سەرنجبدەن کاتێك موسوڵمانان دەچن بۆ فەتحی وڵاتی فارس، پادشای فارس زۆری بەلاوە سەیردەبێت و دەڵێت: بۆچی ئەم عەرەبانە هاتوون بۆ فەتحی وڵاتی ئێمە؟ پادشای فارس دەڵێت: مادام ئەمانە هاتوون با جەنگ و کوشتار نەکەین، جلو بەرگیان بدەینێ بۆئەوەی بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، هەر سەربازێکیان

درهەمێکی بدەنێ، سەرۆکەکانیشیان
ئیغرابکەن و هەریەکەیان دوو پۆشاکی
بدەنێ لەگەڵ (١٠٠) درهەم بۆئەوەی
بگەڕێنەوە، بەڵام ئەمان کەدەچن بۆئەوەی
پەیامی ئیسلام بڵاوبکەنەوە، ئەوانیش بەم
شێوەیە سەیری عەرەبیان کردووە.
ماکوان: واتا وەك چەتە و دز؟
فەرغەلی: بڕوا بکە زۆر سادەبوون
عەرەب هیچی نەبوو ، نمونەیەکت بۆ
باس بکەم ..
موصعەبی کوڕی عومەیر لەجەنگی
ئوحود دا شەهید کرا، پۆشاکی بەری
بەشی نەدەکرد بەگەڵا دایانپۆشی،

حوزەیفەی یەمانی (خوا لێی ڕازی بێت)
کاتێك کە رۆیشت هەواڵ بدات
بەپێغەمبەری خوا ﷺ کەجەنگی ئەحزاب
بوو، جلی لەبەردانەبوو، چوو جلی
خێزانەکەی خۆی کردە بەری، هەرئەم
دەوڵەتەیە کە گەورە دەبێت و فەتحی
دەوڵەتانی فارس و رۆم دەکات، بۆیە
خوای گەورە موعجیزە نیشانی ئەو
خەڵکانە دەدات، کە ئیسلام لەو جێگەیەوە
هاتووە.
لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ لەجەنگی
ئەحزاب دا بوو کافرەکان لەو جەنگەدا
هێزیکی زۆریان کۆکردەوە دژی هێزی

ئیسلام کە (١٠) هەزار کەس بوون، پاشان هەر بەو خەڵکەوە دوایی کە موسوڵمان دەبن چوون فەتحی وڵاتێکیان کرد (١٠) هەزار بەرامبەر (٢) ملیۆن کەس بەبێ ئەوەی چەکو تەقەمەنیی باشیان ئامادەکردبێت، لەناو خاکی فارس دا توانییان سەرکەون بەسەر فارس دا.
ئەگەر سەیری سەرکردە بەڕێزەکانی ئیسلام بکەین وەکو (ئەبوعوبەیدەی جەڕاح، خالیدی کوڕی وەلید، عەمری کوڕی عاص، قەعقاعی کوڕی عەمری تەمیمی...هتد) ئەو پاڵەوانانەی ئیسلام، پێش موسوڵمانبوونیان چیبوون؟ بەڵام

لەگەڵ هاتنی ئیسلام ئەمانە چ گۆڕانکارییەکیان بەسەرداهات؟ وڵاتی فارس و رۆم کەوتە ژێردەستیان، لەپێشینەدا باس دەکرێت خالید کوڕی وەلید (خوا لێی ڕازی بێت) لەجەنگی ئوحوددا بە(٣٠) هەزار کەسەوە نەیتوانی بەرامبەر (٧٠) کەس بوەستێتەوە، کە ئەگەر موخالەفەی پێغەمبەری خوا ﷺ یان نەکردایەو شاخی (روما)یان بەجێ نەهێشتایە هەرگیز نەیان ئەتوانی سەربکەون، بەبێگومان موسوڵمانان یەکەمجار سەرکەوتبوون. موسوڵمانان دەچن فارس رزگاردەکەن بە (١٣٠٠٠)

کەسەوە بەرامبەر (٦٠) هەزار یاخود
(١٠٠) هەزار کەسی فارس. ئەمەش ئەوە
دەردەخات ئەو شوێنەی ئیسلامی تێدا
هاتووە هۆکارەکەی ئەوەیە ئەو خەڵکە
تێبگات بەپێوەرێکی مرۆڤایەتی ئەگەر
بیری لێبکاتەوە (١٣٠٠٠) کەس ناتوانن
بەرامبەر بە(٦٠)هەزار یاخود
(١٠٠)هەزار کەس بوەستنەوە،
پێوەرێکمان هەیە بۆ پێوانی ئەم ئیسلامە،
ئەویش خوای گەورە فێرماندەکات [فَلَمْ
تَقْتُلُوهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ قَتَلَهُمْ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ
رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَى وَلِيُبْلِيَ الْمُؤْمِنِينَ مِنْهُ
بَلَاو حَسَنًا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ] (الأنفال:

١٧).
خوای گەورە پشتوپەنای ئەو خەڵکەیە، خوای گەورە توانیویەتی ئەو خەڵکە سەربخات بەو شێوەیە، باشە ئەگەر ئەم پەیامە لەوڵاتێکدا بهاتایەتە خوارەوە خۆتان بڵێن، دەوڵەتێك بوایە وەکو رۆم و فارس ئەیانوت: بۆیە ئەم ئیسلامە هاتۆتە خوارەوە مێژوویەکی هەبووە لەگەڵ سەربازیدا، بۆیە توانیویەتی بەهێزی سەربازی و توانای خۆی ئەم ئیسلامە بڵاوبکاتەوە.
بەڵام بابێین سەیری فتوحاتی ئیسلامی بکەین، بزانین چۆن بووە؟

جەنگکردنیان لەگەڵ رۆم و فارس دا
هەمووی بەئیعجاز بووە، ئەگەر کەمێك
شیکاریی لەگەڵ بیری خۆماندا بکەین،
لەگەڵ ئەم مێژووەدا کە ئەمە شتێکە
لەدەرەوەی توانای مرۆڤ بووە، ئەبێت
باش تێبگەین ئەم ئیسلامە بۆچی لەو
جێگەیەوە هاتۆتە خوارەوە؟
هەمیشە هەروا بووەکە ئەم ئیسلامە یەکێك
لەسوننەتەکانی ئەوەیە خەڵکێکی کەم
توانیویانە بەسەر خەڵکێکی زۆردا
سەربکەون بۆئەوەی خوای گەورە
بیسەلمێنێت بۆ ئەو خەڵکە کە ئەم ئیسلامە
بەزۆر و بۆر نییە، بەڵکو خەڵکانێك ئەگەر

بەڕاستی ئەم ئیسلامە وەربگرن با کەمیش بن، بەڵام خوای گەورە هەر سەریان دەخات وەك دەفەرموێت: [كَمْ مِنْ فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ] (البقرة: ٢٤٩).

ئەمە سوننەتێکمان بۆ دەردەخات، کە ئیسلام لەمەککەدا نە بەفەلسەفە و نە بەهێزی سەربازی هاتووە.

ماکوان: وەڵاهی زۆر راستە، بەڕاستی موعجیزەیە ئەم ئیسلامە. خەڵکی ئاقڵی دەوێت لێی ووردبێتەوە، بەڕاستی.

فەرغەلی: ماکوانی برام باسی سیستەم و شارستانییەت و توانای سەربازیی ئەو

وڵاتانەمان کرد، بەڵام لەنیوە دوورگەی عەرەبیدا هیچ حوکمڕانییەکی باش و سیستمێکی تەواوی تیانەبوو، عەرەب مەجلیسی حوکمیان هەبووە، لەزەویی مەککەدا هۆزەکان حوکمیان دەکرد هەروەکو ئەمڕۆ چۆن عەشایەرەکان حوکم دەکەن، وەکو دیموکراسی وابوون، هەرکەسە دەهات حوکمی هۆزەکەی خۆی دەکرد و نوێنەرایەتیی هۆزەکەی خۆی دەکرد، ئەگەر بهاتایە ئەم ئیسلامە لەدەوڵەتی فارس، یۆنان، رۆمان، چیندا... بهاتایە، خاوەنی حوکمێکی رێکوپێکو نەبڕاوەی ئەو سەردەمە بووایە، ئایا

چەندەها قسەیان بۆ دروست نەدەکرد؟
ئەیانوت: لەو سەردەمەدا حوکمی ئیسلام بۆیە هاتۆتە خوارەوە، خەڵك توانای هەبووە و پێشتر توانای شارستانییەتیان هەبووە، بەڵام بەپێچەوانەوە لەشوێنێکەوە ئەم ئیسلامە دێت کەهیچ دەسەڵاتێکیان نییە، ئا لێرەدا وانەیەك لەپێغەمبەری خوا ﷺ فێردەبین کە چۆن سودی بینیوە لەکۆمەڵێك یاسای ئەوان، سودی لەو یاسا جاهیلییانە وەرگرتووە، بەمەرجێك کاریگەریی لەسەر ئیسلامەکە نەکردبێت، یەکێك لەو یاسایانە یاسای (پەنادان) بووە، کە لەژێر سایەی کەسێکدا خۆی

حەشارداوە بۆ ئەوەی ئازار نەدرێت، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەچێتە ژێر سایەی (مطعم بن عدی)، یاخود ئەبوبەکری صدیق ئەچێتە ژێر سایەی (دخنە) کەپیاوێکی موشریك بوو، یان عوسمانی کوڕی مەزعون ئەچێتە ژێر سایەی وەلیدی کوڕی موغیرە ...هتد. یاخود یاسای (احلاف) بۆنموونە: پێغەمبەری خوا ﷺ سودی لەو فیکرەیە وەرگرتووە، هەستا پەیمانی بەست لەگەڵ گەل هۆزەکانیتردا بۆئەوەی هاوسەنگییەك دروستبکات و سود ببینێت لەو هێزەی کە هەبووە لەجزیرەی عەرەبیدا، ئەمەش

ئەوە دەردەخات لەوڵاتێكی وەكو فارس كیسراكان حوكمیان كردووە و نەیتوانیوە پارسەنگی ئەم هێزە دروست بكات بۆیە ئەو جێگەیە زۆر لەباربووە، كە خوای گەورە ئەم ئیسلامەی تێدا هێناوەتە كایەوە.

لەم قسانەدابووین كە فەرغەلی لەپڕ كەوت بەسەر مندا و هاواری كرد شانم سوتا كە تەماشام كرد تیرێك بەر شانی كەووتوە!

ماكوان: فریاكەون فەرغەلی بریندار بوو.

هەر وام ووت تیر بەسەرمەوە وەك باران ڕێژنەی دەكرد، بەپەلە رامكرد و ئەوان بەقەڵغانەوە فریامان كەوتن تا چووینە

پشت دارێك و چەند سوارێك لێمان نزيك بوونەوە ئێمەش هەموو كەرەستەو شتەكانمان بە جێهيشتبوو ، كتێبەكەی منيش لە ناو كۆپانی ئەسپێكدا بوو ئەويشيان برد چەتەكان. هەرچی خواردن و شتمان پێبوو برديان و شێخ فەرغەليش .بريندارە

لەدوای ئەوەی فەرغەلی بريندار بوو چەتەكان تيربارانيان كردين .. هەموو كەرەستە و تەنانەت كتێبەكەی منيشيان برد فەرغەلی رازی و عابدی نارد بە شوێن چەتەكاندا دوور بەدوور تا هيچ نەبێت كتێبەكە بهيننەوە .. پێيووتن كە ئێمە

دەگەڕێنەوە بۆ ئەو دێیەیە کە ئاردەکەمان لێکڕی .. ئەوەشی پێووتن لە کاتی هەر کارەساتێکدا یەکێکتان بەزووی بەگەڕێنەوە بۆ لامان .. تا ئاگادار بین .. ئەوان ڕۆشتن .. کەوتنە دوایان

فەرغەلی بە منی ووت هیچ پارەت پێیە؟

ماکوان : یەك کیسە درهەمم پێیە .. ئەویش دەستی کرد بەکەشکۆڵەکەی پشتیدا ٨ کیسە پارەی پێبوو .. چواری دایە من و باقی خۆی هەڵیگرت و منیش بە پەلە کردمە کۆڵم و رووە دێکە کەوتمە وە ڕی ، هەرچەندە ماندوو بووم ، بەڵام نەوەستام

تا گەیشتمە دێکەو چوومەوە بەردرگای
!. ماڵی کچە جوانەکە

هاوارم کرد لەبەردەم پەرژینی حەوشەی ماڵەکەیاندا وەستام و پیاوێك هاتە دەرەوە پێمگووت کە ئەم بریندارەم پێییە .. هیچ لێم تێنەگەیشت .. بەزمانی پەهلەوەی کەمێك بە شەقو شری قسەم کرد تێگەیشت و ووردە ووردە لە کۆڵمی هێنایە خوارەوە فەرغەلیش خوێنی تێدا نەمابوو ، خۆی ڕەش بوو ئەوەندەی تر ڕەش هەڵگەڕابوو ، دامانگرتو ئاویان گەرمکردو برینو خوێنەکەیان سڕیو مەرهەمێکیان هێناو دایان لە دەوروپشتی تیرەکەو تیرەکەیان

دەرهێناو .. ئەویش دیار بوو ماندوو بوو خەوی لێکەوت منیش کیسەیەك درهەمم دایە دەست پیاوەکە و وەریگرتو .. بە منی ووت لەلایدا بمێنەرەوە ئێستا دەچم نان و ئاوتان بۆ ئامادە دەکەم ..

تا دەمەو بەیان ئاگام لە فەرغەلی بوو چاوی کردوە ووتی نوێژت کردوە ووتم نا - ووتی تۆ بڕۆ دەست نوێژ بگرەو بێرەوە.. منیش تەیموم دەکەم .. چوومە سەر ئاوی ئاژەڵەکانیماڵەکەو لە دۆڵچەیەکدا ئاوم دەرهێناو دەست نوێژم گرتو گەرامەوە بە جەماعەت نوێژمان کرد ..

ماکوان : ئێستا تەندروستی باشە .. ؟

فەرغەلی : سوپاس بۆ خوا باشم تیرەکە زۆر کاریگەری نەبووە ..!

ماکوان : شێخ جا باشە من چی بکەم کتێبەکەیان برد . خۆ هەتاماوم دەبێت لێرە بم ؟!

فەرغەلی : دەستی کرد بە پێکەنینو بیری خستمەوە کە گوایە من بە شوێن پێغەمبەرﷺ کەووتوم ؟!

ماکوان : راستە ، بەڵام ئاخر ماڵو منداڵم جێهیشتوە ؟!

فەرغەلی : ئاساییە لێرە دروستی دەکەینەوە ..

ماکوان : ئاخر ئەوەندە سادە نیە لێرە دروستی بکەمەوە ، تەمەنێك لە گەڵ هاوسەری خۆمدا بووم خۆ هەروا بە ئاسانی لەبیر ناکرێت ..!

فەرغەلی: هەر بە پێکەنینەوە ، هیچ چارەیەکی تر شك دەبەیت ، تا بیکەین ؟!

ماکوان : نا- چار نیە .. بەڵکو خوای گەورە بیکات رازی و عابید کتێبەکە بهیننەوە

فەرغەلی : خوا بکات خۆیان سەلامەت بن .

ماکوان : ئیستا چی بکەین ؟

فەرغەلی : دوای کاری خۆمان دەکەوین لێرە بۆ چی هاتووین ئەوە دەکەین ؟

ماکوان : کە بگەینە خزمەت پێغەمبەری ئازیز ﷺ ئەوە تاکە ئیشی ئێمەیە ، وایە؟

فەرغەلی: وایە ، کەواتە وەڵامی ئەو پرسیارەت ئەدەمەوە کە بۆچی بەزمانی عەرەبی قورئان هاتووە ، وەڵامی ئەوەم دایتەوە کە بۆچی لەمەککەوە هاتووە ، بەڵام وەڵامی ئەوەم نەداویتەوە بۆچی ئەم

ئیسلامە لە ڕێگای قورئانەکەیەوە هاتووە بە زمانی عەرەبی ؟

ماکوان : هەرچەندە زۆر گرنگ نیە ، چونکە بەهەرزمانێك بێت گرنگ ئەوەیە پەیامەکە بگات ..

فەرغەلی : ڕاستە ، ئەگەر بە کوردی بهاتیە عەرەب دەیگوت بۆ بە عەرەبی نەهاتوە ، یان بە تورکی بەهاتایە فارس دەیگوت بۆ بە فارسی نەهاتووە ، کەواتە ئەم پرسیارە هەر تەواو نابێت ..!

ماکوان : بەدڵنیاییەوە وایە ، خەڵکی ووریاو خاوەن ئەقڵ لەو پرسیارە نادوێت !

فەرغەلی : یەکێکیتر لەحیکمەتەکان، ئەویش زمانی عەرەبییە، خەڵکانێك لەوانەیە لەمەیاندا کەمێك جیاوازبن، بەڵام من دڵنیاییم هەیەو پێمباشە جەختبکەینەوە لەسەر ئەم خاڵە، حیکمەتی ئەم پەیامە نێرراوە، ئەویش زمانو زاراوەی عەرەبییە.

ئەم پرسیارە دەکرێت کە دەڵێین: حیکمەت چییەو بۆچی ئەم پەیامە بەزمانی عەرەبی هاتووە؟

زمانی عەرەبی شەریفترین زمانە لەهەموو جیهاندا ئەمە شکو گومانی تێدانییە، لەبەرئەوەیە قورئانی پیرۆز بەو

زمانە هاتۆتەخوارەوە، خوای گەورە ئەم قورئانەی بەزمانی عەرەبی هێناوەتەخوارەوە لەنیوەدورگەی عەرەبیدا بۆ هەموو جیهان، وەك دەفەرمویێت: [وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ] (الأنبياء: 107)

بەڵام لەزەمەنی پێغەمبەری خوادا ﷺ بۆچی ئەم قورئانە بەزمانی عەرەبی هاتۆتە خوارەوە!؟

هەموو دەزانین ئێستا زمانی ئینگلیزی زۆر بەربڵاوە یاخود زمانی چینیو فەڕەنسی، لەگەڵ ئەوەیشدا زمانی عەرەبی زۆر بەربڵاونییە، بەڵام گرنگیی

خۆی هەیە کە هاتنی قورئانی پیرۆز
لەلایەن خوای گەورەوە بەو زمانە رەوانو
پاراوە عەرەبییە بووە!
بەبۆچونی من زمانی عەرەبی
دەوڵەمەندترین زمانە، بۆنمونە: هەنگوین
زیاد لە(٨٠) ناوی هەیە، رێویو شێرو
چەندین ناویان هەیە، هەروەها کە
وشەیەك دەستکارییبکەین کۆمەڵێك مانای
هەیە، زمانێکە لەڕاستیدا پاراوەو
ئەحکامی گەورەی تیادەبینریٚ،
هەرئایەتێك دێتەخوارەوە بەوشەیەکی کەم
کۆمەڵێك مانا واتا ئەداتبەدەستەوە، هەر
موفەسیرێك لەزەمەنی خۆیدا کۆمەڵێك

مانای داوەتێ، یەکێکیتر کۆمەڵێك مانای تازەی داوەتێ. عەلی کوڕی ئەبوتالیب وتەیەکی جوانی هەیە لە(نهج البلاغە)دا لەوەسفی قورئاندا دەڵێت: "لایخلق" مەبەستی ئەوەیە لەوشەیەکی کەم مانایەکی زۆر ئەدات، پێغەمبەری خوا ﷺ بەزمانێکی پاراو قسەی کردووە لەگەڵ ئەوەیشدا (جامع الکلام)ی پێدەوترێ، بەکەمترین وشە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆمەڵێك ئەحکامی هێناوەتەدی، ئا ئەمە ئەوە دەردەخات ئیعجازێکی زۆر زانستیی گەورەی تێدایە بۆ حوکمو داڕشتنی یاساو رێسا کە لەهیچ زمانیکی تردا نایەتەدی،

ئەوانەی باس لەئیعجازی زانستیو مرۆیی گەردوونی دەکەن دەبێت شارەزابن لەزمانی عەرەبیدا پاشان ئەو ئیعجازانە دەربهێنن، شێوازەکانی ئیعجازی ئەم ئیسلامە (إتقان) بزانن چییە بەتەواوەتی ..

بۆنموونە: ئەگەر کەسێك تەرجومەی قورئان بکات بۆ زمانێکیتر، بزانە چۆن مەفهومو دەقەکەی دەگۆڕێت، هەربۆیە ئەم قورئانە لەو جێگەیەوە هات کە خەڵکەکەی عەرەب بوون خۆیان تێگەیشتنیکی باشیان هەبووە بۆ زمانی عەرەبیو تواناو فەساحەتێکیان هەبووە بۆ بەلاغەتی عەرەبی، هەر بۆیە قورئانی

پیرۆز بەعەرەبی دابەزیوەتە خوارەوە.
خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت:
[وَلَوْ نَزَّلْنَاهُ عَلَى بَعْضِ الْأَعْجَمِينَ (١٩٨)
فَقَرَأَهُ عَلَيْهِمْ مَا كَانُوا بِهِ مُؤْمِنِينَ (١٩٩)
كَذَلِكَ سَلَكْنَاهُ فِي قُلُوبِ الْمُجْرِمِينَ (٢٠٠)]
الشعراء. واتە: ئەگەر ئەم قورئانەمان
دابەزاندایەتە سەر خەڵکانێکیتر کە عەجەم
بوونایەو بێ دین بوونایە نەیاندەتوانی
موسوڵمان ببن. کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ
ویستویەتی خەڵك موسوڵمان ببێت، تەنها
ئایەتێکی کورتی خوێندۆتەوە بۆیانو هیچ
شتێکیتری نەوتووە)بێئەوەی وەکو ئێمە
وەختێکی زۆر گفتوگۆبکات) لەپاشاندا

ئەوکەسە تێگەیشتووە لەزمانەکەو زۆر بەپاراوی ئیسلامەکە چووەتە ناو دڵییەوە.

ئەمەیش هۆکارێك بوو لەوکاتەدا ئەم قورئانە بەو شێوەیە لەو جێگەدا بەزمانی عەرەبی هاتۆتەخوارەوە، ئەو خەڵکە لەو سەردەمەدا خۆیان شاعیربوون لەزمانی عەرەبیدا زۆر باشبوون، (جبیر بن مطعم) ئەفەرموێت: ئێوارەیەکیان گوێم لەپێغەمبەری خوا ﷺ بوو قورئانی دەخوێند، جوبەیر خۆی موشریك بوو، دەڵێت: "منیش بەئاسپایی گوێم بۆدەگرت". پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ هاوەڵە بەڕێزەکانی قورئانیان دەخوێند،

تەنانەت گەورە پیاوانی قوڕەیش بەنهێنی گوێیان بۆدەگرتن، ئەو ئایەتەی دەخوێند هەروەکو جوبەیر دەیگێڕێتەوەو دەڵێت: گوێم لێبوو دەیفەرموو:أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنبِتُوا شَجَرَهَا ۗ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ (النمل: ٦٠). ئەفەرموێت: "خەریکبوو دڵم ئەفڕی ئەوەندە هەستم بەئارامی دەکرد، بەو ئایەتە هەستمدەکرد ئەمە شتێکە پەیوەندیی نییە بەسەر کەسێکەوە کەقسەبکات، بەڵکو ئەمە شتێکە

لەجێگەیەکەوە هاتووە، لەلایەن خواوەیە بۆ سەرزەوی".

ماکوان : راستە دەزانیت دوژمنانی ئیسلام هەروەکو (موستەفا کەمال) کە هات یەکەم کار کە کردی زمانی عەرەبی قەدەغەکرد، ئەمەیش بۆئەوەی خەڵکی لەدینەکە دورکەونەوە. کەسێکی بەریتانی هات بۆ میسر پێش هەموو شتێك لەتەنیشت زانکۆی ئەزهەرەوە قوتابخانەیەکی دروستکرد بۆ زمانی بیانی بۆ بڵاوکردنەوەی فیکری عەلمانی، خەڵکەکە وایانلێهات وازیان لەزمانی عەرەبی هێناو قوتابخانەی زمان کرایەوە،

بەڕاستی شورەییە بۆ موسوڵمانان کەخۆمان بەموسوڵمان دەزانینو ئەم ئیسلامەمان خۆشدەوێت، کاتێك قسە لەگەڵ پاکستانییەك دەکەین سەیردەکەین بەزمانی ئینگلیزی قسەدەکات! ئەی باشە بۆچی بەعەرەبی قسەناکات! هەندێکجار عەرەب لەگەڵ عەرەب خۆیدا، هەروەکو کابرای میسری دەچێت بۆ مەغریب ئەبێت فەرهەنگێك لەگەڵ خۆیدا ببات، چونکەلەیەکتر تێناگەن، یاخود مەغریبیو سعودی لەیەکتری تێناگەن، کەهەموویشتان پێیاندەوترێت عەرەب..

ئەگەر سەیربکەین دەبینین ئیمام بوخاری
خەڵکی تورکمانستانەو لەناوچەی بوخاراو
سەمەرقەندو دەوڵەتی خەواریزم شاوە
هاتووە، دووەم کتێب لەئیسلامدا سەحیحی
بوخارییەو ئیمام بوخاری نوسیویەتی
لەکاتێکدا خۆیشی عەرەب نەبووە، ئەوە
خۆشەویستیی ئیسلامەکەیە وایلێدەکات،
ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەم ئیسلامە
رۆژانێك بووە گشتی بووە.

بەداخەوە ئێستا دایکو باوکان وایانلێهاتووە
شانازی بەمناڵەکانیانەوە دەکەنو دەڵێن:
زمانی ئینگلیزی باش دەزانێت! لەڕاستیدا
ئەمە خراپ نییە، بەڵام بۆچی لەسەر

حسابی زمانی عەرەبی بێت؟ داواکارم، بەگشتی ئەوانەی دڵسۆزن بۆ دینەکەتان هەوڵبدەن فێری عەرەبی ببن لەهەر جێگەیەك بن، چونکە ئەم زمانە نەزانین لەدینەکەمان تێناگەین، زمانی عەرەبی گرنگە بەلامانەوەو خۆشمانئەوێت ،چونکە زمانی قورئانەو زمانی پێغەمبەرەکەمانە ﷺ(لا فضل للعربي على الأعجمي إلا بالتقوي).. ئەمە بانگەشەنییە بۆ عەرەبچێتی نیە ، نا بەڵکو پێغەمبەر ﷺ خۆی عەرەب نییە بەڵکو بەعەرەب کراوە، بەڵام زمانی دینەکەمان عەرەبییە بۆیە پێویستە لەدینەکەمان تێبگەین.

عەرەب دژی قورئان بوون سەرەتا کە تێیگەیشتن هۆکارێك بووە کە زمانی عەرەبییان زانیوەو شیعریان وتووە، قورئان تەحەدایکردوون بەم زمانە عەرەبییەو دەڵێت: ئەگەر راستدەکەن وەرن سورەتێك بهێنن وَإِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ (البقره:23). یاخود تەحەدایان ئەکات بە الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَى عَبْدِهِ الْكِتَابَ وَلَمْ يَجْعَلْ لَهُ عِوَجًا (الكهف: 1). ئەوان بازاڕیان هەبووە بۆ زمانی عەرەبی نەك هەرنەهاتوون قسە لەسەر ئەم قورئانە بکەن، بەڵکو بازاڕی ئەوەیان هەبووە

کاتێك قورئان هاتووەو قسەی لەسەرکراوە دەستەوسان وەستاونو بێدەنگبوون، قورئانیان ئەوەندە بەلاوە خۆشەویستبووە ئەوەندە گوێیان لێدەگرت، باشە بۆچی ئێمە ئەو خۆشییە لەقورئان نابینین کاتێك گوێمان لێیدەبێت، چونکە عەرەبی نازانینو نازانین چیمان پێدەڵێتو چیمان بۆ ڕووندەکاتەوە، نە دڵمان دائەخورپێو هەستو سۆزمان ناجوڵێت، مەگەر تەنها ئەوانەی شارەزاییان لەزمانی عەرەبیدا هەیە، زۆرجار کە دائەنیشین لەکۆڕو کۆبوونەوەیەکدا کاتێك قورئانێك دەخوێنرێ خێرا کەسێك لایدەبات،

ئەمەیش هۆیەکەی تێنەگەیشتنەو دڵی لەخۆیەوە خاودەبێتەوە، بەڵام کەتێگەیشتین دڵمان پاراودەکات، ئەوانەی قورئانخوێنن زیاتر شارەزان، کاتێك توشی دڵەڕاوكێو بێتاقەتی دەبیت، یەك دوو سورەت لەقورئان بخوێنە اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ (الرعد: 28). وەرەو بزانە چ سوکناییەك بەدڵتا دێتو دڵودەروونت خۆشی وەردەگرێت، ئەمەیش بۆ ئەوەیە کە جەخت لەسەر ئەم زمانی عەرەبییە دەکەینەوە، چونکە بەهۆیەوە تێگەیشتنمان لەدینەکەمانو لەقورئانەکەمان ئاسان دەبێت، نەك

تێگەیشتن لەعروبەو ئەم جۆرە شتانەی دەوترێ، بەڵکو مەبەستمان لەدینەکەی خوایە بەتەنها.

فەرغەلی : منیش لەگەڵتمو من عەرەب نیم ، بەڵکو میسریم یان قیبطیم یان ئیگیبتیم ، بەڵام موسڵمانم بە شانزیەوە ، عەرەبی زوبانم ، دەنا وەك عەرەب هیچ پەیوەندیم بەعەرەبەوە نیە ، بەڵام هۆکارێکی تریش هەیە لەبیرت نەچیت کە ئەم ئیسلامە بۆ عەرەبو مەککە هاتووە سەرەتا ، ئەزانی چییە؟

ماکوان : نەوەڵڵا نازانم چییە؟

فەرغەلی : ئاشكرایە ڕۆمەكان عیسایان دەپەرستو فارسەكان ئاگریان دەپەرست، بەڵام ئەهلی مەككە خوایان دەپەرستو بڕوایان بەوەحدانییەتی خوا هەبوو، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ] (الزخرف: ٨٧). یاخود دەفەرموێت: [وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ] (لقمان: 25).. بەگشتی بڕوایان بەبوونی خوای گەورە هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا توشی هاوبەشدانان بوون، ئەمەیش مەبەستەكە ئەوە

دەگەیەنێت، کاتێك بانگەوازی کەسێك دەکەیت بۆ دینی خوا، ئەگەر بڕوای بەخوا هەبێت باشترو ئاسانترە.

ماکوان : وایە زۆر راستە

فەرغەلی : کەواتە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆیە لەو زەوییەوە هاتووە، لەبەرئەوەی بڕوایان بەخوا هەبووە، ئەوانی تر (ئاگر، مانگا، دار، مشك، مەیمون...)یان دەپەرست، ئەم ئیسلامە هات بۆئەوەی: (تدعوا أقرب فالأقرب الأقرب). واتە: هەمیشە تۆ ئەو کەسە نزیکتە کە بانگەوازی بۆدەکەین..

پێویستە یەکەمجار بانگەوازی ئەوەبکەین

کەبڕوای بەخوا هەیە، دووەم ئەوەی
لێیەوە نزیکەو بڕوای بەدین هەیە بەگشتیو
گەورەیی خوا رائەگرێ، ئەمە ئاسانترە بۆ
تۆ بانگەوازی بۆ بکەیت، لەگەڵ
ئەوەیشدام خەڵکی بانگەوازی شیوعیو
بێدینەکان بکەن، بەڵام ئەوەی
کەبیروبڕوای نزیکترە ئاسانترە،خوای
پەروەردگار کە پێغەمبەری خوا ﷺوەکو
حیکمەتێك وئەم ئیسلامەی لەو جێگەیە
راگەیاند لەبەرئەوەی بڕوایان
بەوەحدانییەتی خوای گەورە هەبوو لە
پەروەردگاریەتیدا.

ماکوان راستە : لەم قسانە دابووین گوێم لەدەنگی کابرای خاوەن ماڵ بوو ووتی وەرەنە دەرەوە بانگتان دەکەن .. دووکەس بە شوێن ئێوەدا دەگەڕێن .. دوو مەیتیشیان پێییە .. کەوای گووت ، بەپەلە رامکردە دەرەوە .. !!

بە پەلە رامکردە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانم کێیە و چی روویداوە ، عابید و رازی بوون ئەسپەکانیان هێنابووە و دوو مەیتی ئەوانیشیان هێنابوو..

رازی رایکرد ووتی : ئەبوو ئانا شێخ فەرغەلی چۆنە ووتم باشە ، ئەی ئەو

مەیتانەتان بۆ نەشاردۆتەوە ، بۆ هێناوتە لەگەڵ خۆت؟

عابید ووتی : ئەوە بەڵگەیە دەستمانە بۆلای شێخ فەرغەلی ..!

کە ئاوڕم داوە شێخ فەرغەلی دەستی لەسەر شانی رازی دانابوو ، ووتی ماکوان ئەوە بۆیە ئەو مەیتانەیان هێناوە ، بۆ ئەوەی بە تۆش و بە منیش بڵێن چەتەیان نەکردوە بە ئازایەتی خۆیان چوون مافەکانی خۆیان و ئێمەشیان گەڕاندۆتەوە و ئەو دوو مەیتەش بەڵگەی دەستیانە و ئیتر پێویست بەگێڕانەوە ناکات

، بۆمان بگێڕنەوە چیان کردوە و چۆن شەریان کردوە ..!

ماکوان : دەستم کرد بە پێکەنین ، بە کوردی ووتم بەڕاستی پێشمەرگەن ..!چووم کتێبکەم هێنا و توند بەستم لە پشتم و ڕەشمەی ئەسپێکم گرت و شێخ فەرغەلی لەسەری بوو .. کەوتینە ڕێ بەرەوە مەککە ..

فەرغەلی : کوڕینە بەرەو کوفە بڕۆن و لە بیابانی کوفەوە رێدەکەین ..

ماکوان : بۆ کوفە دروست بووە ..؟

فەرغەلی : نا ـ بەڵام ناوچەکە پێدەوتریت کوفە ، لە کۆنەوە پێوتراوە و شارەکە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دروستی کرد ، هەڵبەت ئەو کردیە سەربازگە و ئیتر سەربازەکان لەوێ مانەوە کردیانە شار و پاشان عەلی کوڕی ئەبی تالیب کردیە پایتەختی خیلافەتەکەی خۆی و چوار ساڵ فەرمانڕەوای کردووە لەو شارەوە ، بەڵام ئیستا کە من و تۆ پیدا دەڕۆین نەبووە بەشار و تەنها بیابانە و ووشەی کوفە بنەڕەتی سریانیە واتا شەڕ و شۆر و نارەحەتی ..!

ماکوان : شێخ ئەم کوڕانە لەگەڵ تۆن زۆر ئازان ، بەڕاستی زۆر هۆگریشن ، بەڤسەت دەکەن .. ئەمانە خزمی خۆتن؟

شێخ فەرغەلی : ئەم دوو کوڕە هیچیان موسڵمان نین و نازانن من و تۆش کێین و بە پارە کڕیومن و خەڵکی شەیبانن گەل و هۆزێکن لە نیوانی بەصرە و کویت دان ئەوکاتە پیان ووتراوە گەل و هۆزی شەیبان ..

.. ماکوان : زۆر ئازا دیارن

فەرغەلی : ئەی تۆ نەتزانیوە ئیسلام بۆچی لە ناو عەرەبەوە هاتووە ؟

ماکوان : باسی هەندیك شتمان کرد بەیەکەوە پێش ئەوەی جەنابت بریندار بیت و ئەو چەتانە بینە سەرمان ..

فەرغەلی : باسی خەصلەتێکی تری عەرەبم بۆ نەکردی ئەوەیش ئازایەتی و راستگۆیانە

ماکوان : چی ؟

فەرغەلی : عەرەبی سەردەمی جاهیلی قسەیەکیان هەیەو دەڵێن: "کان العرب قبل نزول الرساله یفتخرون بالموت)، واتە: شانازیان بەمردنەوە کردووە بۆ ئەوەی بکوژرێن، (یستهیون بالحیاه تماما) سەرشۆڕیبووە بۆیان کە نەکوژرێن،

یەکێك لەعەرەبەکان برایەکی کوژراوە (بلغه قتل اخیه) ئەویش دەڵێت: جا ئاساییە (ان قتله فقتل ابوه واخوه وعمه) ئەوەی کوژراوە باوك و برا و مامیشی کوژراوە. (والله لانموت حذفا) وەڵا ئێمە نامرین ئیلا بەکوشتن نەبێت، لەکۆتاییشدا لەمێژوودا هاتووە و دەڵێت: (والموت تحت ظلال السيوف شرف الموت) مردن لەژێر سێبەری شمشێردا بەڕێزترین مردنە. هەر بۆیە هەمیشە ئازابوون بۆ مردن و کوشتن نەك لەسەر جێگە مردن.

ماکوان : بەخوا راستە ئیسلام خەڵکی ئازای دەوێت، هەر چەندە توانای

بەڕێوەبردنی سەربازییان نەبووە، بەڵام خەڵکێکی ئازا و بەجەرگبوون، خالیدی کوڕی وەلید لەو کەڵە پیاوانەیە لەناو ئەواندا هەڵکەوتووە، لەجەنگدا دەڵێت: "هەرکاتێك منتان بینی شمشێرەکەم بەرزکردەوە بەرامبەر بەدوژمن ئێوەیش شمشێر بەرزبکەنەوە". هەمیشە یەکەم کەس بووە شمشێری بەرزکردۆتەوە. بەرائی کوڕی مالیك یەکێکە لە هاوەڵە بەڕێزەکان، لە جەنگی یەمامە ئەیخەنە ناو مەنجەنیقێکەوە و فڕێیئەدەنە ئەو دیوی قەڵاکەوە بۆ ئەوەی دەرگاکە بکاتەوە، ئەو

دیوی قەڵاکەیش (٤٠٠٠) مورتەدی
لێبووە لەگەڵ موسەیلەمەی درۆزندا .
فەرغەلی : بەڵێ بەدڵنیاییەوە راستە ..
ئەمانە نموونەی ئازایەتی و حاڵەتی
ئیستیشهادین، هەمیشە عیززەتیان هەبووە
و سەریان دانەنەواندووە بۆ هیچ کەس،
عیززەت سیفەتێك بووە لەناو عەرەبدا کە
حەزیان بەسەربەرزی و ئازادی بووە،
لەدواییدا کە ئیسلام دێت
خوای پەروەردگار دەفەرموێت :
مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا
(فاطر: 10) هێندەیتر عیززەتیان

بەرزدەبێتەوە، ئەمە بەگشتی سیفاتی ئەوان بووە.

ماکوان : ئەی چۆن رازی و عابیدت کریوە ، شێخ لەبەر من ئازادیان بکە .. با بیانکەیەن هاوڕێ خۆمان و لەگەڵمان بن

فەرغەلی : ئاساییە خۆ من بەقەدەر کوڕەکانی خۆمم خۆش دەون ، بەڵام ئیستا پێیان بڵێن ئێمە هاوڕێی یەکین ئەوان نایزانن هاوڕێیەتی چیە ، مادام کڕیومن .. هەروا بیر دەکەنەوە کە بەندەی منن!

ماکوان : جا ئاساییە تییاندەگەینین ، لەبەر خوا ئازادیان بکە و بە کرێ لەگەڵماندا بن ..؟

فەرغەلی : باشە ئاساییە .. کەی تاقەتت بوو پێیان بڵێ ..

بەڵام بڕوام نیە زۆر گرنگ بێت بەلایانەوە ، ئەوان گرنگە بەلایانەوە ژیانیان لەگەڵ ئێمەدا دابین بێت..!

ماکوان : باشە بەسەر چاو ..

فەرغەلی : ئەمانە زۆر ئارام گرن بۆ برسێتی و نەهامەتی هەرگیز داوای هیچ ناکەن ..

ماکوان : بەڕاست ؟

فەرغەلی : یەکێك لە سیفەتێکی تریان سەبر و ئارامگرتن بوو عەرەب بۆیە ئەم

ئیسلامە دراوە بەوان ، ئارامیاندەگرت
لەسەر گەرما، وشکی، سەرما،
هەژارییەکی زۆر، هەندێك جار بەهەفتە
نانیان نەخواردووە و گوێیاننەداوەتە
جلوبەرگ و بەژیانێکی سادە ژیاون و
زۆر بەئارامبوون، کاتێك ئەم ئیسلامەیش
هاتە خوارەوە پێویستی بەسەبرگرتن
هەبوو تابتوانن هەڵیبگرن، تا سەبربگرن
لەسەر (برسێتی، جیهاد و قورسیی
جەنگ، ماندوبوونی سەفەری رێگەی
دوور و درێژ، ئابڵوقەی ئابووریی و
کوشکردن و ...هتد)، زۆر
ئارامگربوون بەگشتی.

ماکوان : راستە .. ئیسلامیش ئارام گرتنی دەوێت .

فەرغەلی : سیفاتێکی تری گرنگیان هەبووە درۆزن نەبوو..!

ماکوان : عەرەب درۆزن نەبووە؟

فەرغەلی : بەڵێ ،، بەڵێ درۆزن نەبوون ، وەك بەنی ئیسرائیل و جولەکە تا دەستکاری کتێبەکانیان بکەن هەموو شتێکیان راستگۆی بووە ، تەماشا بکە هەرگیز کەسێك شمشێری لەسەر ملیشت دانبێت بتواتایە موسڵمانە قەت موسڵمان نەدەبوو بە درۆ یان لەترسا ..!

ماکوان : سەیرە چۆن ڕاستگۆ بوون .. تێناگەم لە مەبەستت ؟

فەرغەلی: سیفەت و ڕەوشتی عەرەب بەشێکی خراپی هەبوو پێشتر بۆم باسکردوویت ، بەڵام سیفەتیان هەبووە جێی سەرسوڕمانە، لەناو خەڵکانیتردا بەو شێوەیە نەبووە، بۆ نموونە: ڕاستگۆیی لەناو عەرەبدا سیفەتێکی بەرزبووە، لەناو ئەم ئیسلامەیشدا کەسێك هەتا ڕاستگۆنەبێت، ناتوانێت خەمی ئەم پەیامە لەکۆڵبگرێت، ڕاست و دروست نەبێت، ناتوانێت بانگخوازبێت بۆ ئەم ئیسلامە، یەکێك لە گەورەترین سیفەتەکانی

موسوڵمان راستگۆییە، پێغەمبەری خوا ﷺ بە(صادق الامین) ناسراوە، هاوەڵەکەی ئەبوبەکری سدیق(صدیق)بە راستگۆ ناسراوە، لەبەر ئەوە عەرەب بەگشتی سیفەتی راستگۆییان تێدابووە، درۆیان نەئەکرد و رقیان زۆر لەدرۆ بوو، ئەم پەیامە ئەگەر لەناو قەومێکی دۆزندا بهاتایە، وەکو یەهودی و نەساراکان، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: [وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُونَ أَلْسِنَتَهُمْ بِالْكِتَابِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ الْكِتَابِ وَمَا هُوَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ

الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ] (آل عمران: 78).
درۆیان بەدەمی خوای گەورەوە دەكرد، ئەمەیش لەكوێ لەناو قەومێكدا دابەزیوە شمشێریان خستۆتە سەر گەردنیان هەر ڕاستگۆبوون، درۆكردن سیفەتێكی پیسبووە لەناویاندا و بڕوایان بەدرۆ نەبووە.

ماكوان : ئەتوانی نمونەیەكی راستگۆی سەركردەكانیانم بۆ بهێنیتەوە؟

فەرغەلی: پێش موسوڵمانبوونی، ئەبو سوفیان سەفەر دەكات بۆ وڵاتی رۆم، لەوێ پادشای رۆم هەواڵی ئەم پێغەمبەرە ئازیزەیﷺ لێدەپرسێت، لەگەڵ ئەوەیشدا

ئەبوسوفیان رقی لێیبووە و دژمنی بووە ، بەس ناتوانێت دەریببڕێت، پادشای ڕۆم وەرگێڕەکەی بانگدەکات و دەڵێت: "لەدەوروپشتی بووەستن (ئەوانەی عەرەب بوون) ئەگەر درۆیکرد بەدرۆییبخەنەوە"، ئەویش دەڵێت: "لەلای من درۆکردن عەیبە، چونکە من گەورەی هۆزەکەی خۆمم، ئەوەی شانازی پێوەبکەم سەرم بەرزە کە ناتوانم لەگەڵ خەڵك درۆبکەم و لەبەرامبەر هۆزەکەیشم ناتوانم درۆزن دەربچم".

پرسیار لە ئەبوسوفیان دەکات و دەڵێت: "موحەممەد ﷺ لەناو ئێوەدا نەسەبی چۆن

بووه؟

ئەبوسوفیان بەڕاستگۆیی دەڵێت: "هو فینا ذو النسب" یەکێکە لەوانەی شانازیی نەسەبی هەبووە، پاشان پرسیاری لێدەکات و دەڵێت: "فهل قال هذا القول من قبلکم احد قط قبله؟" ئایا هیچ کەسێکیتر هاتووە پێش ئەو داوای ئەم پێغەمبەرایەتییە بکات؟

ئەویش دەڵێت: نەخێر. پرسیارێکیتر دەکات: "هل کان من ابائه من ملك؟" هیچ کەسێك لە باو و باپیرانی پادشا بوون کە ئێستا بەدوای موڵکی ئەواندا بێت و

سەروەت و سامانێکی بکەوێتە دەست؟
ئەویش دەڵێت: نەخێر.

پاشان دەڵێت: "فأشراف الناس اتبعوه أم ضعفاؤهم؟" ئەو کەسانەی شوێنی دەکەون خەڵکی ئەشرافن یان لاوازەکانن؟
دەڵێت: لاوازەکان.

هەروەها لێیپرسی: "فهل يرتد أحد منهم سخطة لدينه بعد أن يدخل فيه؟" هیچ کەسێك عەزێت ئەدەن کە پەشیمان ببێتەوە لەدینەکەی خۆی؟

دەڵێت: نەخێر.

پێش ئەوە هیچ درۆیەکتان لەو پیاوە بینیوە
کە ئێستا بانگەوازی پێغەمبەرایەتی
دەکات؟

دەڵێت: نەخێر.

ئەی هەتا ئێستا هیچ غەدرێکتان لێی
بینیوە؟
لەوەڵامدا دەڵێت: لەوانەیە غەدرێکی
لێبوەشێتەوە، بەڵام تا ئەم ساتەوەختە
نەخێر.

خەڵکتان لەیەکتر کوشتووە؟

دەڵێت: بەڵێ. پرسی: کوشتن و بڕینتان
چۆن بووە لەگەڵ یەکتریدا؟ وتی: "

الحرب بيننا وبينه سجال، أي ينال منا وننال منه)هو يقصد بدر وبعدها أحد)".
جەنگ لەنێوانماندا روویداوه و جارێك لێیان بردوینەتەوه و جارێکیش ئێمه بردوومانەتەوه) مەبەستی جەنگی بەدر و پاشان ئوحوده.

چیتان فێردەکات؟

بزانن پیاوێکی موشریك چۆن وەڵامدەداتەوه، بەڕاستگۆیی ئەبوسوفیان دەڵێت: " يقول اعبدوا الله وحده ولاتشركوا به شيئا، واتركوا ما يقول ابأوكم ويامرنا بالصلاة والصدق والعفاف والصلة". داوامان لێدەکات تەنها خوا

بپەرستین و هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەین، داوادەکات وازبهێنین لەدینی باو و باپیرانمان.
ئەبوسوفیان لێرەدا وەکو ئەوە وایە ئەم بانگەوازی قەیسەر دەکات بۆ ئەوەی بێتە ناو ئیسلامەوە، هەرچی پێغەمبەری خوا ﷺ داوایکرد بوو بەڕاستگۆیی وتویەتی، ئەمە پیاوەتی و شەهامەت و راستگۆیی ئەو کاتانەیە، ئەم ئیسلامەیش خەڵکی راستگۆی دەوێت و بەدرۆزن و بودەڵە هەڵناگیرێت، خەڵکێك هیچی لەبارانیە و بەئارەزووی خۆی نان و پیاز دەخوات بەئیسلامەوە، ئەمەیان

دەستناکەوێت، ئیسلام ئەم جۆرە کەسانەی ناوێت.

یاخود کەسێك دێت پێغەمبەر ﷺ شمشێر دەخاتە سەرگەردنی کە لەجەنگدا گرتوویەتی و پێیدەڵێت: موسوڵمان دەبیت؟ ئەویش دەڵێت: نەخێر، بدە لەگەردنم. پەشیماننابێتەوە و راستگۆیە، پێغەمبەر ﷺ ئازادی دەکات، دەڵێت: لەبەر ئەوەی نەتکوشتم ئاوا بەم شێوەیە وازت لەمن هێنا وا مسوڵماندەبم، لە ریوایەتی تردا هاتوە کە بۆیە پێشتر موسڵمان نەبووە بۆ ئەوەی نەڵێن ترساوە و بە مونافیق لە قەڵبدرێت ،

مردن هەڵدەبژێرێت بە مەرجێك درۆزن و ترسنۆك دەرنەچیت !!

ماکوان : راستە.. لەم قسانەدا بووین رووومکردە عابید و رازی ، ووتم ئەوا شێخ ئازادی کردن و ئێوە عەبد نین و هاوڕێ وبرای یەکترین ..؟

کەوام گووت رازی و عابید تەماشایەکی فەرغەلیان کرد و دەم وچاویان دا بەیەکدا .. و دەستیان کرد بە گریان

من وامزانی خۆشحاڵ دەبن کەچی ئەوەندە نارەحەت بوو رازی فرمێسك بەچاویدا هاتە خوارەوە ، لە کاتێکدا خەڵکی بۆ ئازادی ژیانی خۆی ئەبەخشێت..؟

داوام کرد لە فەرغەلی کە عابیدو رازی ئازاد بکات و ئەوەش بە زەردەخەنەوە وتی چیت پێ باشە بیکە بەڵام ئەوان حەزیان بە کۆیلایەتیە..

وامزانی بۆ خۆشی وادەڵێت . کە عابید و رازیم بانگ کردو مژدەی ئازادبوونیانم دا هەردووکیان پیان ناخۆش بوو ڕازی گریاو هەستم پێکرد زۆر نارەحەت بووە ، کەچی فەرغەلی پێدەکەنی ؟

ماکوان: بەڕاستی من هیچ تێناگەم لەو رەوشە .. مانای چییە خەڵك بۆ ئازاد بوونی خۆی پێناخۆش بێت ؟

فەرغەلی : ئەم زەمەنە هەموو کەس بە دوای ئازادیدا ناگەڕێت ، خەڵکی بە دوای نان و ژیانی خۆیدا دەگەرێت ، ئێستا ئەوان ئازاد بکەیت نازانن چی بکەن وا تێدەگەن کە دەستیان لێ هەڵدەگریت ، یان ئەوەیە تەبەنیان بەکەیت وەك کوڕی خۆمان یان ئەوەیە وەك کۆیلە ببێننەوە ، چونکە چۆن ئەوان مافی ئەوەیان هەیە کە کۆیلەمان بن ، مافی ئەوەش بەسەر ئێمەوەیە کە ژیانیان دابین بکەین کەواتە ئەوان بە زمانی سەردەمی خۆمان ، ئەتوانیت ناوی بنیت وەک کرێکار، فەرمانبەر.. سەرباز هەر ناوێکی تر ..!

ماکوان : ئاخر خۆ ئەوانە کۆیلە نین ، ئەوانە بە پەیماننامەیەك و کۆنتراکتێك کار دەکەن بۆ خاوەن کارێك یان کۆمپانیایەك یاخود وولاتێك، ئازادن لە چوون و سەربەستی خۆیاندا ؟

فەرغەلی : بە پێکەنینەوە ،بەشێك لە قسەکانت راستە ، بەڵام لە کۆتایدا بەشێکن لە کۆیلە ، کە خەڵکێك ئامادە بوو هەموو یاسەیەکی تۆ کە بەسەریدا دەسەپێنیت پیادەبکات ئەویش جۆرێکە لە کۆیلایەتی..

ماکوان : ئەمە قسەیەت تارادەیەك راستە ، لە وولاتی ئێمەدا خەڵکی بۆ حیزبایەتی

دەبنە كۆيلە بۆ لەتەنانيك و دەبنە ماستاو چی؟

فەرغەلی: ماستاو چی ؟ جا ئەوە مانای چییە؟

ماكوان ، بە پێكەنينەوە ، جۆرێكە لە كۆيلايەتی ، ماستاو چێتی واتا بەرانبەرەكەی چی ووت بە قسەی دەكات ڕەچاوی بيروباوەڕو مەبدەئی ناكات بۆ لەتە نانێك هەموو ژيانی خۆی دەفرۆشێت !..

فەرغەلی : راستە

ماکوان: کەواتە کۆیلایەتی پێداویستی ئەم زەمەنە بووە ..؟

فەرغەلی : زۆر جار دایك و باوك بۆ مانەوەی منداڵەکانیان دەیانکردنە کۆیلەو دەیانفرۆشتن
خۆیان پارەیەکیان دەست دەکەوت و منداڵەکەشیان لە مردن رزگار دەکرد ..

ماکوان : ئەی کوشتنی کچەکانیان، وەك دەڵین زیندە بەچاڵکردن هۆکاری چی بووە؟

فەرغەلی : هۆکارەکەی ئەوە بوو بۆیان بە خێوو نەدەکرا و پاشان وەك کوڕ نەبوو تا - خاوەن هێزو بازوو بێت ، بۆیە هەر

به زیندوویی دەیان خنکاندنو ، بەناوی ئەوەی کە گوایە فریشتەکان کچن ، باشترە بەگەڕێنەوە بۆ لای خوا!

ماکوان : جا ئەمە پەیوەندی بە ئاین و دینیانەوە هەبوو؟

فەرغەلی : نا- خۆیان دایانتاشی بوو دوای کردبوویانە دین ، تەنها کاهین و جادووبازەکان ڕێگەیان بۆدانابوون و حەڵاڵی کردبوو بۆیان ..

ماکوان : ئەری من با پرسیارێکی ترت لێبکەم شێخ فەرغەلی ، ئەم پارانە لە کوێ دەهێنیت؟

فەرغەلی : زۆر دەمێك بوو چاوەڕوانی ئەو پرسیارەم لێدەكردی.. جێگایەكمان هەیە پڕیەتی لە ئاڵتوون و زیو كەرەستەی كۆنی سەردەمی پێش ئێستایە جێگاكەی رازیو عابید دەیزانن و ئەمەش نەخشەی ئەو جێگاییە با پێت بێت هەركات پارەت نەما یاخود پێویستت بە پارەو سامان بوو بڕۆ لەوی دەریبهێنە و بیفرۆشە ، بەڵام وریابە هەرگیز ئاڵتون و زیو بە تەنها مەفرۆشە با عابیدو رازیت لەگەڵ بێت ، ئەو نەخشەیە نزیك ناوچەیەكە بەناوی ((نەجران..

ماکوان : نەجرانی ناوچەی مەسیحیەکان ؟

فەرغەلی : بەڵێ خۆیەتی .

ماکوان : باشە ئەم عەرەبانە چۆن بوون بە مەسیحی ، ئەوە زانیمان جولەکە راوەدوونران و هاتنە ناوچە عەرەبەکان و ئاینی یەهودیان بڵاو کردوە ، بەڵام مەسیحیەکان چۆن توانیان عەرەب بکەنە مەسیحی؟

فەرغەلی : لەڕێگای پیاو چاکێکی نەصرانیەکانەوە بەناوی (فیمیۆن) خەڵکی وولاتی شامە و بۆ بانگەوازی ئاینی

نەصرانی هاتە ناوچەکەو ، لێی دەگێڕنەوە کە خاوەنی کەرامات بووە ...

ماکوان : کەرامات ، بۆ ئەوەندە دیندار بووە ئەم کەسە ؟

فەرغەلی : کەسێکی یەکتاپەرست بوو ، فیمیۆن هاتە ناوچەی ئەفریقا بۆ بانگەوازی ئاینەکەی ، دوای ئەوەی هەندێك چەتە و رێگر ئەیگرن و دەیفرۆشن بە کۆمەڵێك لە خەڵکی نەجران و کە دەچێتە ئەوێ ، عەرەبەکانی نەجران دارێکیان دەپەرست و ئەو دارە بووبوە خوای خەڵکی نەجران .. فیمیۆنیش دوای کرد لە خەڵکی ئەو شارە ئەگەر خواکەی

من خواکەی ئێوەی کوشت خواکەی من دەپەرستن ؟

هەموو خەڵکی نەجران ووتیان بەڵێ ئەگەر خواکەی تۆ بتوانێت خوای ئێمە بکوژێت ئەوە دینەکەی تۆ هەڵدەبژێرین ..

دوای ئەوەی دوعا دەکات و لە خوای پەروەردگار دەپاڕێتەوە و خوای گەورەش داواکەی جێبەجێ دەکات و هەورە بروسکەیەك دەنێرێت و دارەکەی نەجران دەسوتێت..!

ئیتر لەو سەردەمەوە خەڵکی نەجران بوونە مەسیحی و ئاینی مەسیحیەت لە ناو عەرەبدا لەو کاتەوە بڵاو بۆتەوە ..

ماکوان : ئەی چۆن چوو ناوشاری یەمەن و خەڵکی یەمەن زۆر بوونە مەسیحی؟

فەرغەلی : لەرێگای (عەبدووڵای کوڕی سامر)

ماکوان : ئەم کێییە ؟

فەرغەلی : چیرۆکی گەل و هۆزی ئوخدود نەبیستوە؟

ماکوان : با بیستومە ، لە قورئاندا لە سورەتی بروج دایە ، جا ئەوە پەیوەندی چیە بەسەر ئەو بابەتەوە ..؟

فەرغەلی : خوای گەورە باسی ئەو چیرۆکە و ئەو باسە مێژوویە بۆ

پێغەمبەری خوا دەگێڕێتەوە ، بزانە کە قورئان کە هەموو شتەکانی موعجیزەیە ، چونکە ئەو باسە کورتە کە کراوە لە ژیانی گەل و هۆزی ئوخدود ، حیکمەتێکی گەورەی لە پشتەوەیە ، ئەویش ، باس و بڵاوکردنەوەی دینی خوایە بە ناوچەکاندا ..؟!

ماکوان : چۆن ؟!

فەرغەلی : کاتێك کە عەبدووڵای کوڕی سامر چووە ئەو جێگایە ووردە ووردە بانگەوازی نەصرانی دەکرد ،ماڵێکی دروست کرد لەناو شاخەکانی یەمەندا ، ئەو دەمە دەسەڵاتداری یەمەن ناوی

(زولنەواس) خۆی لەبنەڕەدا ناوی ئەسعەدی حومیریە و کوڕی یەکێککە لە پاشاکانی یەمەن ، ئەوانیش پێیان دەوترا ((توبەع

ماکوان : توبەع چییە؟

فەرغەلی : توبەع پاشاکانی یەمەنن ، چۆن رۆمەکان هرقلیان هەیە و فارسیش کیسراو میسر فیرعەون و حەبەشەکان نەجاشی ، یەمەنیش بە پاشاکانیان ووتراوە توبەع..

ماکوان : بەڵێ .. بەڵێ ... فەرموو بەردەوام بە ..

فەرغەلی : جا - ئەم پادشای یەمەنە کوڕیکی لاو هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی فێری جادووی بکات و کاری جادوبازی پێبکات ، ئەو سەردەمە لە جیاتی دەزگای جاسوسی و موخابەراتی ساحیرو جادوبازەکانیان بە کار دەهێنا زیاتر ، ئەو پادشایەش ئەم کوڕە گەنجە هەڵدەبژێریت و دەینێرێت ، بۆناو ساحیرەکانی یەمەن کە لەشاخەکاندا ژیانیان دەکرد ، کە دەچووە لای ساحیرەکان لەسەر رێگاکەیدا عەبدوڵڵای کوڕی سامری دەبینی کە یەکیك بوو لە ڕاهیبەکانی نەصرانی؟

ماکوان : ئەی دینی یەمەن چیی بوون ؟

فەرغەلی : پێشتر ئاماژەمان پێدا ، کە زۆربەیان یەهودی بوون یەمەنیەکان .. ئاینی جولەکەیان هەڵبژارد بوو

ماکوان : خەریکی سیحرو جادوییش بوون یەهودیەکان!؟

فەرغەلی : بەڵێ بەدڵنیاییەوە جولەکە هەر خەریکی سیحرو جادوو بازین ، بەهەر حاڵ ئەم کوڕە بەردەوام بوو لە فێربوونی جادو لای ساحیرەکان و لە ڕێگاشدا دەچوو فێری دینداری و خواپەرستی دەبوو لەلای راهیبە نەصرانیەکە کە ناسراوە بە عەبدوڵای کوڕی سامری، تا ماوەیەك ناچێتە لای ساحیرەکان و تەوبە

دەکات لای راهیبەکە دەمێنیتەوە زولنەواس بەدوایا دەگرێت و بانگی دەکات و پێ دەڵێت بۆ ناچیت بۆلای جادووبازەکان ، ئەویش باسی راستی و دروستی ئاینی مەسیحیەتی بۆ دەکات و پێی دەڵێت کە بووە بە نەصرانی و لە رێگای عەبدووڵڵاکوری سامرەوە ..
زولنەواس داوا دەکات کە عەبدولڵا کوڕی سامری بکوژرێت و داوا دەکات لە گەنجەکەش واز لە ئاینەکەی بهێنیت و بەگەرێتەوە سەر ئاینی یەهودی و دەست بکاتەوە بە جادوو ، دیارە بە قسەی ناکات و هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات و لە کاتی

کوشتنی کوڕە لاوەکدا موعجیزە ڕووئەدات، چەند جار هەوڵی کوشتنی ئەدەن لە بەرچاوی خەڵکی یەمەندا ناتوانن بیکوژن ، کە لە فەرمودەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە گەنجەکە دەڵێت: بە زولنەواس ناتوانیت بمکوژیت هەتا نەڵێت بەناوی خوای ئەم گەنجە ئیتر ئەوکاتە دەتوانیت بمکوژیت ، پادشا لەبەر چاوی خەڵکەکەدا داواکەی جێبەجێ دەکات و دەڵێت بەناوی خوای ئەم گەنجەو ئیتر... تیرەکەی بەر دەکەویت و دەکوژرێت ، لەوکاتەوە زۆربەی خەڵکی یەمەن دەبنە مەسیحی و ئەومنداڵەش کە

قسه دەكات لەگەڵ دایكی و هۆزی ئوخدود هەر لەو چیرۆكەدایە كە خوای گەورە بۆمان باس دەكات لە قورئاندا .

ماكوان : ئەی بۆ ناونراون بە گەل و هۆزی ئوخدوود ، خۆ ئەوانە خەڵكی یەمەنن؟

فەرغەلی : ئوخدود واتا چاڵی پر لە ئاگر ، ئەو هەموو خەڵكە خراونەتە ناو ئەو چاڵەوە سوتێنران بۆیە ناونراون بە گەل و هۆزی چاڵی ئاگرەكە .. !

ماكوان : بەڵێ ئێستا تێگەیشتم ، ئەی دوای چی روویدا ؟

فەرغەلی: هەتا بڵێت ئازاری خەڵکی یەمەنیان ئەدات لەسەر ئەوەی کە بوونە ئاینی نەصرانی یەکتاپەرستی و خەڵکی یەمەن زۆر بەی بوونە خواناس و یەکتاپەرست، زیاد لە ٢٠ هەزار خواناسی نەصرانی کوژران و ناونران بە گەل و هۆزی ئوخدود ..!
خوای گەورە ئاماژەیان پێ دەکات لە قورئانداو دەفەرمووێت :
قُتِلَ أَصْحَابُ الْأُخْدُودِ ﴿4﴾
بە کوشت چن، نەفرینیان لێبێت، ئەوانەی (کە چاڵیان هەڵکەند (بۆ ئیمانداران...
النَّارِ ذَاتِ الْوَقُودِ ﴿5﴾

...ئاگری داگیرساوو بەتینیان تیا کردەوە
إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ ﴿6﴾
...کاتێك کە بە دەوریدا دانیشتبوون
وَهُمْ عَلَى مَا يَفْعَلُونَ بِالْمُؤْمِنِينَ شُهُودٌ ﴿7﴾
لە نزیکەوە چاودێری ئەو کارەساتەیان دەکرد کە بەسەر باوەڕداراندا دەهێنرێت و خۆیان لە نزیکەوە سەرپەرشتییان دەکرد.

جا لەو کارەستە بە سوێیە بەرانبەر بە ئیمانداران کرا ، کەسێك لە پیاو مەعقولانی یەمەن رایکرد بۆ شام .. بەناوی (دەوس زو سەعلەبان) کە چووە لای دەسەڵاتدارانی رۆمی شەرقی ئەو

سەردەمە ببونە مەسیحی و کە هاوکاری خەڵکی یەمەن بکات و لە دەست جولەکە یەمەنیەکان بیان پارێزێت ..

دەسەڵاتی رۆمی شەرقی بیرکردەوە کە سوپا بنێرێت بۆ یەمەن بۆ هاوکاری مەسیحیەکان ، بەڵام دوورەو لە توانایدا نیە بە ئاسانی سوپاکە بگاتە ئەو ناوچەیە بۆیە دەوسی زولسەعلبانی نارد بۆ لای نەجاشی حەبەشە کە فریای مەسیحیەکان بکەویت لە یەمەن پایتەختی حەبەشە ناو (اکسیوم) بوو.. لەساڵی ٥٢٠ بۆ ٥٢٣ زانینی پادشای حەبەشە ٧٠ هەزار کەسی رێکخست لە سوپایەکداو بۆ یەکەم جار

ناردیە خاکی یەمەنەوە بە بە سەرکردایەتی دووکەس کەناویان (ئەریاط و ئەبرەهە) بوو، پادشای حەبشە ناسراو بەنەجاشی ناوی (کالب) بوو

سوپاکەی نەجاشی توانی تەواوەی یەمەن بخاتە ژێر دەستی و ئەریاط بووە حاکمی یەمەن و ئەویش کەسێکی خوێنڕێژو زاڵم بوو، ئەبرەهە کارەکانی ئەوی بۆ قوبوڵ نەدەکرا ، تا لە ڕێگای شۆرشێکەوە توانی بیکوژێت خۆی ببیتە حاکمی یەمەن ، ئەم کارەش نەجاشی توڕەکرد .

لەم قسانە دابووین و فەرغەلی بوورایەوە بەسەر ئەسپەکەوە کەوتە خوارەوە گیانی ئەدا بۆ مردن ..؟!

لە قسەکردنی گەرمی مێژوویداو بەڕێکردنەوە بەرەو خواروی کوفە دەرۆشتین بەئاواتی ئەوەی بگەینە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، لەباس و خواستەکانماندا بووین لەگەڵ شێخ فەرغەلی لە پڕ لەسەر ئەسپەکەی کەوتە خوارێ بە پەلە گرتم و هاوارم کرد لە عابیدو رازی بە هانامانەوە بێنن، هەرچی قورئانم خوێند بە سەریدا ، هەر حاڵی خراپتر دەبوو ..

عابیدیش چوو گیایەکی هێنا کردیە ناو قاپێکی تەختەو لەگەڵ ئاودا تێکەڵی کردو دەرخواردی دا .. وورد ووردە هێور بوویەوە لە پەنای گردۆڵکەیەکدا لاماندا و پاڵمان خست و چاوەڕێ بووین تا هۆشی دێتەوە .

لەو کاتەدا بیری ماڵو منداڵم کەوتەوە ووتم با کتێبەکە دەربهینم تا ئەو هەڵئەسێتەوە .. سەرێك لە ماڵەوە بدەمەوە

خەریکی دەرهێنانی کتیبەکە بووم لە کەشۆڵەکەی پشتمدا بۆ ئەوەی بەگەڕێمەوە .. ، بۆ ماڵەوە

لە پڕ عابید ووتی ماکوان شعرێکی زۆر

خۆشت دەخوێند .. زۆر جوان بوو
ئەتوانیت بۆم بڵێیتەوە .

ماکوان : ئەوە شعر نیە عابیدی برام ،
ئەوە قورئانە !

عابید :قورئان چییە؟

ماکوان :قسەی خوایی پەروەردگارە ..

عابید : چۆن؟

ماکوان : بۆ ئەوەی خوا بناسین کتێبێکی
ناردوە بۆ ناسینی خۆی و چۆنیەتی
رێکخستنی ژیانی ئیمەی مرۆڤ بۆ
ئەوەی زولم نەکەین .

عابید :ئەتوانیت تۆزێکم بۆ بخوێنیت ؟

ماکوان : سورەتی واقیعەم بۆ خوێند وەك تەلەفزیۆنی شاشە ٦٠ تەماشی دەکردم و چاوی پڕبوو لەئاو هەستم پێدەکرد زۆر ئارامە لەگەڵیدا.

عابید : ئە ووشانە زۆر جوانن چۆن گەیشتوە بە تۆ؟

ماکوان: لە رێگای پغەمبەرێکەوە .. کە خەڵکی شاری مەککەیە .

عابید :مەککە و پێغەمبەر .. ناوی چییە؟

ماکوان: محمد ﷺ..

عابید : ناوێکی جوانە یەکەم جارە بیبیستم .

ماکوان : نەمدەزانی چۆن تێیبگەیەنم ، بەڕاستی وێستگەیەکی قورس بوو ، نەمدەتوانی پێی بڵێم ﷴ هاتوە یان نا - نەمدەزانی چۆن باسی ئیسلام کەم ، لەزەمەنێکدام یەشتا پێغەمبەری خوا ﷺ لەدایك نەبووە .... خوای گەورە کردی فەرغەلی جوڵایەوە و هەمووگیانی بوو بە ئاو عارەقێکی زۆری کرد .. من زۆر ترسام ، کەچی رازی ووتی خەمت نەبێت بەرەو باشە دەڕوات.

باشبوو چوومە لای و سەرم خستە سەر رانم و عابیدیش بە پارچەیەك پەڕۆ دەیکرد بەناو ئاوداو عارەقەکەی دەسڕی.

ماوەیەکی کورت بەو شێوەیە مایەوە ، ئاگام لە رازی بوو ئاگری کردەوە و دەستی کرد بەنان دروست کردنو پوشو پەڵاشی کۆکردبوەوە، منیش دوعام دەکرد بۆ مام فەرغەلی گیان .

فەرغەلی: دەستی کرد بە قسەو یەکەم قسەی بانگی منی کردوو ووتی : ئەگەر مردم بگەڕێرەوە و مەیەرەوە تا دەگەیت بە کەسێکی تر ناوی .. (فەزڵی)ە هەرچی ئاڵتون پارەت پێیە بیدە رازیو عابیدو بگەڕێرەوە ئیتر مەیەرەوە مەگەر فەزڵیت لەگەدابێت ، وەئەگەر کتێبەکەش وون بکەیت گەڕانەوەت ئاستەمەو ناگەڕێتیەوە

بۆ ژیانی ناو ماڵو منداڵت، ئەگەر ئەتەویت بەگەڕێیتەوە ..ئیستا بڕۆ؟

ماکوان : نارۆمو بەجێت ناهێڵم و ان شاء الله تەمەن درێژ دەبیتو دوعای شیفات بۆ دەکەم شێخ گیان ..

دەستە ڕەشەکانی خستبوە ناو دەستی من لە کۆتەرە دار دەچوو لەناو دەستە سپیەکانی مندا ، بەرزمکردەوە و ماچمکرد ، دەستی کرد بە پێکەنینن، ووتی بەوەفایت .

شەو لەوێدا ماینەوە هەستم کرد فەرغەلی باش بووە .. چوومە لای و باسی عابیدم بۆ کرد کە گویی لە قورئان بووە

خویندمەوە باسی ئەوەیشم کرد لە نویژکردنەکانماندا بینیونی و پرسیاری نوێژو دەست نویژی لێکردووم ..

فەرغەلی : هەرچی بۆ باس بکەیت ، لێت تێناگات جارێ کاتی نیە ، تا زەمەنی خۆی ..

ماکوان : یاشێخ پێش ئەوەی بگەینە مەککە دەمەویت باسی ئەوەم بۆ بکەیت ، کە بۆچی ئەبرەهە دێت بۆ ویرانکردنی مەککەو لە کاتێکدا مەسیحییە، هیچ پەیوەندی بەو ناوچەوە نیە ؟

فەرغەلی : دوای ئەوەی کە ئەبرەهە ئاریاطی کوشت ، نەجاشی ئەو سەردەمە

که ناوی کالب بوو زۆر توڕە بوو لە ئەبرەهە خۆی ئامادەکرد بۆ ئەوەی بڕواتە ناو خاکی یەمەن و نەزری کرد لەسەرخۆی بە قژ ئەبرهە راکێشێ بەناو ئەو وڵاتەدا ، ئەبرەهە زۆر ترسا و داوای کرد کە ئەو هەر لە ژێر دەسەڵاتی نەجاشی حەبەشەدایە و پەیماننامەو میساقی زۆری نارد بۆی کە لەژێر رکێفی ئەودایەو راوێژی کرد بە چواردەوری بۆ رازی کردنی نەجاشی چی بکات باشە ؟ بڕیاریاندا کە گەورەترین کڵێسا دروست بکەن ، بۆ ئەوەی نەجاشی دڵی پێخۆش

بێت، لەبەر ئەوەی نەجاشی کەسێکی دیندار بوو ..

ماکوان : کڵێسا لە یەمەن ، یان لە حەبەشە ؟

فەرغەلی : بێگومان لە یەمەن .. گەورەترین کڵێسای دروست کرد لە یەمەن بەناوی (قوڵەیس) ئەمری کرد بە هەموو عەرەب کە حەج بکەن بۆ ئەو کڵێسایەو پاشان یەکیك لە گەلو هۆزەکانی عەرەب بەناوی (نەسیء)کە گەلو هۆزیك بوون لە سەر ئاینی ئیبراهیم مابونەوە ، رێزی کەعبەو مانگە حەرامەکانیان دەگرت .. ئەو گەلو هۆزە هاتن بە پیسای

هەموو كڵێساكەیان سواغ داو ناوەكەیان
.. پڕكرد لە پیسای و رایانكرد

كە ئەبرەهە بەمەی زانی و پاشان
دەیشیزانی كە عەرەب نایەن بۆ حەج بۆ
ئەو جیگایە بەڵكو دەڕۆنە مەككە و
لەكەعبەدا حەج دەكەن.. بڕیاری دا كە
بە فیلەوە بڕواتە ناو مەككەو كەعبە
!.. بروخێنێت

ماكوان : باشە زۆریك لە بێدینەكان دەڵێن
فیل چۆن دێتە ئەو سەحرا و جێگایەوە و
فیلی لە كوێ بووە ئەبرەهە؟

فەرغەلی : بۆ مەگەر ژینگەو كەشو
هەوای یەمەن و ئەفریقا وەك یەك نیە ؟!

ماکوان : نا مەبەستم ئاو خواردنو نان خواردنی فیلەکانە؟

فەرغەلی : ئەی ئەو سوپا گەورەیە ، چۆن ئاو دەخواتەوە یان نان دەخوات بتوانیت ئاو نان بۆ سوپاکەی دابین بکات ناتوانیت بۆ ٨ فیل دابینی بکات ، کە زۆرێك لەسەرچاوەکانیش ئاماژەیان بە یەك فیل کردوە خوای گەورە لە قورئاندا هەر ئاماژەی بەخاوەن فیلێك کردەوە نەك چەند فیلێك ، خۆ ئەگەر گریمان زۆریش بوو ، فیل لەوسەردەمانەدا بە خێوو دەکرا بۆ جەنگ ئێرانیش فیلی هەبووە ، لە جەنگی قادیسیەدا بەکاریانهێناوە دژی موسڵمانان

و خالیدی کوڕی وەلید مشکی بردایە ناو لوتی فیلەکان.

ماکوان: وابوو .. ئێستا بیرم کەوتەوە کەواتە لە عێراقدا فییل بە کار هاتبێت لە سەحرای ناصریەو و زیقار و ئەو ناوچانەی تردا بۆچی لە یەمەن و سعود بەکار نایەت کە ناوچەیەکی سەوزو شاخاوی لەیەمەن وگەرمای هێڵی ناوەڕاست و هەمان ژینگەو هەوای ئەفریقایە و .. ئەی ئەو ناوچەئە ساسانیەکانی لێنەبوون وا ئیمپراتۆریەتی فارس و ئینجا هەروا بەئاسانی سوپای ڕێکخست بڕوات تێکیبدات ؟

فەرغەلی: لە ڕێگادا کۆمەڵێك لە گەلو هۆزی عەرەب بۆی دانیشت بۆ جەنگ ، وەك هۆزی (ذولنفر) (ختعم) بۆیان چوونە سەنگەر بەسەرکردایەتی (نوفیل ابن حوبیب الخثعمی)، بەڵام ئەبرەهە سەرکەوت بەسەریاندا ، سوپای ئەبرەهە زۆر بەهێزبوو، ئەودەمەش پادشاکانی کیسرای ساسان سەرقاڵ بوون بە یەکتریەوە و کوڕو باوك یەکتریان دەکوشت، بۆیە ئەبرەهە توانی ئەو ناوچیە حوکوم بکات لە ساڵی ٥٢٧ تا ٥٧٠ زانینی ، ئەم سوپایە بەڕێکەو تا گەیشتە تایف و لەناو گەلوهۆزی تایف کە

ناسراون بە سەقیف ڕێنشاندەرێکیان نارد لەگەڵیدا بۆ تێکدانی کەعبە.

ماکوان: تایف وایان کرد، سەیر نیە ؟

فەرغەلی : نا- سەیر نیە ، چونکە ئەبرەهە بچوایەتە هەر جێگایەك ئەیسوتاندو خاپوری دەکردە بە تەواوەتی تێکی ئەدابەسەر یەکدا وەك مەغۆل وابوو .. بۆیە تایف ترسان کە توشی ئەو ویرانکاریە نەبن لە لایەن ئەبرەهەوە بۆیە کەسێکیان لەگەڵ نارد بەناوی (زوروغال) ئەوکەسە پێش ئەوەی بگاتە مەککە لە ڕێگادا ئەمرێت، ئیتر گۆڕەکەی دەبێتە جێگای بەرد بارانکردنی عەرەب.

دوای ئەوەی کە ئەبرەهە دەچێتە نزیك مەکەو سوپاکەی لەوێدا دەخات بۆ ئەوەی بۆ رۆژێکی تر هێرش بکاتە سەر کەعبەو مەککە وویران بکات، چەند وشترێکی عەبدولموتەلیب دەگریت و پێم وابیت هەموو دەیزانین ..پێویست ناکات باسی بکەم .

ماکوان : راستە هەموو دەیزانین، ئەی باشە هەست ناکەیت مەوقیفێکی زۆر ترسنۆکانە بوو خەڵکی مەککەو هەموو چۆڵیان کردو لەگەڵ ئەوەشدا باپیری پێغەمبەری خوا ﷺ دیتە لای ئەبرەهە زۆر رێزی لێدەگریت و خاوەنی وویقارو

هەیبەت و شان و شەوكەتی خۆیەتی كەچی لە جیاتی ئەوەی داوای لێبكات ، كە كەعبە تێک نەدات دەڵێت ووشترەكانم بدەرەوە! لە كاتیكدا كەعبە ماڵی خوایەو ئەوان سودیان لێوەرگرتووە.

فەرغەلی : تا ڕادەیەك قسەكەی تۆ تەواوە ، بەڵام چار نەبوو هەر دەبوو وابكەن، چونكە سوپاكەی ئەبرەهە زۆر بەهێز بوو، بۆیە ناچار بوو بڵێت خاوەنی ئەو ماڵە خوایە خۆی دەیپاریزیت و منیش خاوەنی ووشترەكانی خۆمم هاتووم دوای شتی خۆم دەكەمەوە ..

ماکوان : ئاخر مەبەستی من ئەوەیە ، ئەوان کە دەیانزانی وڵاتو شارەو مەڵبەندەکەیان هەر تێك دەچیت مردن لە پیناویدا ئەوپەڕی شەرف بوو، ئاخر چۆن هەر وا بە ئاسانی چۆڵی دەکەن ؟

فەرغەلی : ئەوەش حیکمەتی تیدایە .

ماکوان : چۆن؟

فەرغەلی : ئەگەر ئەوان شەریان بکردایە وا کات پیرۆزی ئەدرایە خەڵکەی و کەعبە هەر پیرۆز دەبوو، بەڵام ئەو کاریگەریەی جارانی نەدەما و هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو کاریگەرەی نەدەما، چونکە خوای گەورە لەدوای ئەو

موعجیزەیە کە بەسەر ئەبرەهەو شاری مەککەدا دەیهێنێت ، بەدوای ئەودا بە ٥٠ رۆژ زۆر شت کۆتایی پێدێت لەسەر زەویدا ؟

ماکوان : وەك چی ؟

فەرغەلی : کە پێمان دەڵێت بە هاتنی پێغەمبەر ﷺ کە لە ساڵی فیلدا لە دایك دەبێت خەڵکی نابێت چاوەڕوانی تەیرو ئابیل بن ، بەڵکو دەبی خۆیان هیزو توانا کۆبکەنەوە جەنگ بکەن ، لەبەدردا ٣١٦ کەس بوون خوای گەورە تەیروئەبابیلی نەنارد ، و لە ئوحوودا ئەو هەموو موسوڵمانە شەهید بوون پێغەمبەر بریندار

بوو کەچی تەیرو ئەبابیلی نەنارد خوای پەروەردگار بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ، ئەمەش مانای وایە ئیتر موسڵمان دەبیت خۆی تواناو هێز کۆبکاتەوە چاوەڕوانی هیچ باڵداریك نەبێت لە دەریای سورو سپیو ناوەڕاستەوە .

ماکوان : کەواتە باسکردنی سورەتی فیل لە قورئاندا ، بەواتای دەست نیشانکردنی ساڵەکەیەو جیاوازی لە نیوان زەمەن و سەردەمی شۆڕش و خەباتی پێغەمبەرایەتی و کۆکردنەوەی تواناو هێزە وایە؟

فەرغەلی : وایە بەدڵنابییەوە ، ئەم قسەیە زۆر تەندروستە ..

ماکوان: ئەی لە دوای ئەوەی خوای گەورە ئەو معجیزەیەی نیشاندان سوپاکە بەتەواوەتی لە ناو چوو؟

فەرغەلی بە تەواوەتی لە ناو چوون : کوڕێکی ئەبرەهە بەناوی موسروقی کوڕی ئەبرەهە بوە پادشای یەمەن و .. ئیتر دوای ئەوە شەر دەستی پێکرد لە نێوان خەڵکی یەمەن وحەبەشەکاندا، یەمەنیەکان داوایان کرد لە وولاتی ساسان بچێت بەدەمیانەوە رزگاریان بکات لەدەستی حەبەشیەکان لەرێگای کەسێکی

حومیری بەناوی (سەیف زی یەزن) ،
وولاتی ساسان دەچێت یەمەن پاك
دەكاتەوە لە حوكومی نەجاشی وكەسێك
بەناوی (بوهرەز) سەردەكەوێت
بەسەریاندا وولاتی یەمەن دەخاتە ژێر
ركێفی ساسانیەكان و كوڕێكی كیسرا
دەكاتە حاكم لەوێ بەناوی (مەرزیبان
)دوای مردنی كوڕێكی تر بەناوی
..((دەیجەبان) و كۆتایەكەیان (بازانە
ماكوان : كەواتە سامانی كوڕی بازان
كوری كیسرایە دەبیتە موسڵمان و شوێن
پێغەمبەری خواﷺ دەكەویت ؟

فەرغەلی : بەڵێ ماکوان گیان ماندوو بووم ، ئەمەویت سورەتی فیل بخوێنم ئیتر ئیسراحەت بکەم ؟

ماکوان : فەرموو .. فەرموو ..

فەرغەلی: ئەم سورەتە کە ئیستا لە قورئاندایەو خوای گەورە دایبەزاندوە واتا بیرخستنەوەیە بۆ هەموولایەك کە ئەو مێژووە پێویستە بە ووردی دراسە بکریت بۆ ئەوەی وانەکانی فێر بین ..

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ ﴿1﴾
ئایا نەتبینی (ئەی پێغەمبەر صلی اللہ علیە وسلم) پەروەردگارت چی کرد بە خاوەن فیلەکان؟!

أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ ﴿2﴾
ئایا سەری لێ نەشیواندن و پیلان و نەخشەکانیانی پووچ نەکردەوە؟!

وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ﴿3﴾
وە پۆل پۆل باڵندەی نەناردە سەریان؟!

تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ ﴿4﴾
تا بە بەردی سەنگ گڵ، بەرد بارانیان بکەن.

فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ ﴿5﴾
سەرەنجام وەکو پوش و پەڵاش و
گژوگیای خوراوی لێ کردن..

فەرغەلی گیانی دەرچوو بەسەر رانی
منەوە ، هەرچی هاوارم کرد .. فەرغەلی
.. فەرغەلی .. هیچ .. فەغەلی بۆ ئەبەد
.. چاوکانی لە یەك نا

بەدەم گریانەوە هاوارم دەکرد فەرغەلی
فەرغەلی ،لەولاشمەوە عابید و رازی
دەگریان .. ئەوەندە گریام هەناسم پێنەما
بوو ،فرمێسکێش ووشکی کردبوو ،
ئەوەندە مردنەکەی کاریگەری هەبوو
.. لەسەردڵم

ناچارماندووبونێکی زۆر رووی تێکردم
و هەوڵمدا سەرم بخەمە سەرسنگی
فەرغەلی و ماندویەتیم دەرچێت تا گۆڕی
..بۆ هەڵکەنین و کفنو دفی بکەین
سەرم لەسەر سنگی نابوو بۆ ماوەیەکی
کەم ماندویەتی پیڵوەکانی چاومی بەیەکدا
نا و هەر چەند چرکەیەکی پێچوو گوێم لە
دەنگی خێزانمە و دەستی لەسەر شانم
داناوە و رامدەوەشێنێت و دەڵێت : ئەوە
ئەو هاتو هاوارەت لەچییە، بۆ دەگریت ،
خۆ هیچ رووی نەداوە کەس تەلەفوونی بۆ
نەکردوویت خزمو کەسوکار سەلامەتن،
هەڵسە درنگە بۆ نوێژی بەیانی ..

.. نوێژەکەت بکە
هەڵسام زۆر ماندووبووم چووم دەست
نوێژم گرت و نوێژی بەیانم کرد ، خەوم
لێندەکەوتەوە و دەستم کرد بە قورئان
خوێندو خەیاڵم هەر لای فەرغەلی بوو دڵم
زۆر پڕ بوو .. کە قورئانەکەم دەخوێند
زۆر دەگریام ..خێزانم هاتە لام و ووتی :
!بۆ وا بیتاقەتی خۆ هیچ رووی نەداوە ..؟
ماکوان : نا وەڵڵا هیچ رووی نەداوە ..
بەڵام هەر دڵم کەیلەو حەز دەکەم بگریم ،
کاریگەری قورئانەکەیە لەسەرمە .. دوای
قورئان خوێند چووم لای هەردوو
کچەکەم و ماچم کردنو لە تەنیشتیانەوە

دەستی هەردووکیانم خستە ناو دەستمو
چاوم نا بەیەکدا خەوم لێکەوت و نزیك
کاژمێر ٨ بەیانی بوو خێزانم هات و
!هەستە درنگە بڕۆ بۆ کار ؟
کە هەڵسام بەدەم پێکەنینەوە دەستمکردە
ملی خێزانم و بە پێکەنینەوە و چووم
بەرەو دەموچاو شۆردنو خۆ ئامادەکردن
.. بۆ کار
لەلایەکەوە زۆر دڵخۆش بووم لەناو ماڵو
منداڵی خۆمدا بووم ، هەستم بەئارامی
دەکرد ، لەوکاتەوە فێربووم خێزان و
منداڵ نیعمەتێکی جوانی خواین و پێویستە
مرۆڤ هەمیشە سوپاس گوزاری بکات

لەسەری ..
بیری هەندێك لەو کەسانەم کەوتەوە ، کە
بۆ هەرچی کەسە باشن تەنها بۆ ماڵو
منداڵەکەی خۆی نەبێت ، کاتێک کە
ئافرەتێك دەبینیت قسەی لەگەڵ دەکات
زۆر بە ئەدەبو رۆمانسیتەوە قسە دەکات،
بەڵام لەگەڵ خێزانو خوشکو دایکی بەو
پەری عەبوسی و ناشرینو بێ ئەدەبی قسە
دەکات و دەست نوقاوە بۆ خێزان و ماڵو
منداڵی ، بەڵام بۆ خەڵکی تر وانیە ،
هەستم کرد هەندێك کەس کە رێزو
تەقدیری خێزان نازانێت موستەحقە
بەوەی لیوەربگیرێتەوە ، ئەوەیشی ڕێزی

خێزانو ماڵو منداڵی خۆی دەگرێت پێوستە
خەڵاتی پیشکەش بکرێت.
وەك هەموو رۆژانی ئاسای چوومەوە
سەرکارەکەی خۆم ، وا هەستم کرد
خاوەن کارەکەم توڕەبێت و کە دابڕوام
لەکار ، بەڵام هەموو شت ئاسایی بوو ،
کاتی کارو هەموو کاتژمێرەکانم تەواوبوو
هیچ رۆژێك نەبوو ، کە نەچووبێتم بۆ
کارو دابڕبێتم لەکارەکەم ..
لەسەر کار بووم ، لەپڕ بیرم کەوتەوە کە
من هاتوومەتەوە بۆ ئەم ژیانەی خۆم ئەی
کوا کتێبکەی مام فەرغەلی ؟!
بەپەلە هەر لەسەر کارەوە تەلەفوونم کرد

بۆ خێزانم ووتم کتێبەکەی کە دەمخوێندەوە
چی لێهات تۆ لات بردوە؟
باران : بەڵێ لام بردبوو بەدەستەوە
کەتوبوە ژێرت و بەسەریدا خەوت
لێکەوتوبوو! ..بۆ چی بووە؟
ماکوان : هیچ کە هەڵسام لەخەو
لەبەردەستم نەبوو تۆزێك سەیربوو
..بەلامەوە ،
لەدوای ئەوەی کە لەکار تەواو بووم
گەڕامەوە بۆ ماڵەوە ، زۆر بە موشتاقیەوە
لەگەڵ ماڵو منداڵدا قسەم دەکردو من
هەستم بەدووریان دەکرد ، بەڵام ئەوان
زۆر ئاسای بوون هەر وەك رۆژانی تر

بوون .. بیرم لای فەرغەلی بوو ژیان و هەڵوسکەوتی ئەوێ ماندووی کردبووم ، ئەگەر بڵێم زۆر ئارام بووم لەناوماڵو منداڵی خۆمدا راستیەکی حاشا هەڵنەگربوو .. ناچار ماوەی یەك هەفتە نەچوومەوە سەر کتێبەکەوە ، بەردەوام کاتەکانم لەگەڵ ماڵ ومنداڵو چوونەدەروە و کاتی زۆرم بەخشی بووە بەوان و دوور لە خوێندنەوە و هاوڕێکانم بەسەر دەبرد ..

ماوەیەکی پێچوو شەوێك بەدیار فەیسبوکەکەمەوە دانیشتبووم یەکێك لە هاڕێیان داوای لێکردم کە لە تۆڕی پاڵتۆك

له ژووری نەتەوەی باسێکە لەسەر
خێزانو ژنەکانی پێغەمبەری ئازیز ﷺ
وبیدینو مولحیدەکان زۆر بێحورمەتانە
باسەکە دەوروژینن ، جا تکات لێ دەکەم
بێیتو هاوکاریمان بکەیتو بابەتەکەمان بۆ
دەوڵەمەند بکەی خۆشحاڵ دەبین ..
رازی بووم و چوومە ناو پاڵتۆکەوە ، کاك
دەرەون خاوەنی ژوورەکە بوو
بەڕیوبەری گشتی ئەو ژورەبوو زۆر بە
ڕێزەوە خۆشحاڵیانەوە بەخێر هاتنی
کردموو ، داوای کرد کە من باسێکی
خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ بکەم و مایکی
بۆ ئازاد کردم منیش سوپاسی ستایشی

خوای پەروەردگارم کرد و سڵاواتم نارد بۆ پێغەمبەری ئازیز ﷺ.. دەستم کرد بەو باسەی کە لەمێشکمدابوو..

دەستم کرد بە قسەکردن و عەرزی مەجلیسەکەیانم کرد کە کاتی خۆی باسێکم خوێندبووە ، بە عەرەبەی و پاشان کاك هێمن عەبدولعەزیز بڵاوی کردبوە منیش بە هەلم زانی ئەوە باسبکەم لەو کۆڕەدا دەستم کرد بە قسەوباسەکانم و ووتم:

لە ڕوانگەی ئەوە کە خۆشویستنی ئافرەت لای پیاوان، ئەگەر چی شتێکی سروشتی و بەڵگە نەویستە، پێغەمبەری ئازیزیشﷺ مرۆڤ بووەو سروشتی بووە

سۆزوخۆشەویستی بۆ ئافرەت جوڵابێت ، بەڵام پێویستە وورد بینەوە لە ژیانی ئەو پێغەمبەرە ﷺ و بزانین بۆچی ژنی هێناوە هۆکارەکەی چیی بوە؟

لێکۆڵینەوەکەمان ئەوە دەردەخات ژنانی پێغەمبەر ﷺ پیر بوون، یاخود تەڵاق دراو بوون یان بێەوەژن بوون .. تەنها یەك .. کچی تیدابووە

خۆ ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ پیاویکی شەهوانی بوایە ،ئەوە دەمیك بوو ئەبو جەهل و وەلید کوڕی موغیرەوە ، هەموو ئەو دوژمنانەی تری کە بەخوێنی سەری تینوبوون لەناو قورەیشدا دەیانگووت ﷴ

پیاویکی شەهوانی بووە !، هەموو
پیاویکی شەهوانیش لەسەرتاوە ئەگەر
شۆرش بکات زوو هەڵدەخەڵتێتو واز لە
کارەکەی دینیت بۆ شەهەوەتەکانی ، لە
کاتێکدا ، نە دووژمنانی توانیواینە ئەو
قسەی پێبڵێن ، نە رۆژیکیش لە رۆژان
بەدوای ئافرەتدا گەڕاوە .. کەواتە
حیکمەتی فرەژنی لای پێغەمبەری خوا ﷺ
چی بووە؟
بێگومان خواستنی هەر ئافرەتێك لەو
ئافرەتانەی کە پێغەمبەری خوا
خواستوونی، حیکمەت و مەبەستی تایبەتی
خۆی هەبوو. لەوانە:

١. خاتوو خەدیجە (ڕەزامەندی خوای لێبێت):

خاتوو خەدیجە کە یەکەم خێزانی پێغەمبەر ﷺ بوو، بێوەژنێکی تەمەن ٣٠ساڵان بوو تیبینی دەست نیشانی تەمەنەی بە دڵنیایەوە نەکراوە بەڵام وەك لەوانەی دامناوە چونکە ناکرێت و نابێت تەمەنی ٤٠ ساڵ بووبێت ئەو هەموو منداڵەشی هەبیت لە ساڵی ١١ پێغەمبەرایەتیشدا وەفاتی کردبێت، پێش شوو کردنی بە پێغەمبەرﷺ دوو شووی تەمەنی rتری کردبوو، پێغەمبەری خواﷺ بیست و پێنج ساڵەو ئەچێت ئەیخوازێت،

بیست و پێنج ساڵیش لەگەڵ
پێغەمبەر (ﷺ)ئەژیەت .. تا خاتوو
خەدیجەش لە ژیاندا مابوو پێغەمبەری
خوا ﷺبیری لە ژنهینان نەکردەوە ،
پێغەمبەری خوا تەمەنی ئەبێتە پەنجا ساڵ
کە خاتوو خەدیجە وەفات دەکات
کەواتە: ئەم کارەی پێغەمبەر (ﷺ)یەکەم
دەروازەی جوامێری پێغەمبەر و داوێن
پاکی ئەو زاتە پاکە ڕووەو گومانەکان
ئەکاتەوە، تا پاکی و بێ گەردی ئەم
سەرمەشق و پێشەنگە وە دیار دەکەوێت.
کەسێك لە تافی لاوێتیدا بێت و لە تەمەنی
بیست و پێنج ساڵیدا بێت، ئاخر چۆن بیر

لەوە ئەکاتەوەو دڵی ئەچێت کە ئافرەتێك
بخوازێت کە سەرەڕای ئەوە کە لە خۆی
گەورەترەو بێوەژنیش بێ و دوو شووی
تری لە پێش ئەمیشدا کردبێت! بەڵام ئەو
کارە لە زاتێکی چاکی داوێن پاکی وەك
پێغەمبەری ﷺ سەر ڕاستمان ئەوەشێتەوە،
کە هەر لە سەرەتاوە مەیلی بەلای
جەکەوە بووەو یەکتاپەرستی لە هەموو
شت لا مەبەستتر بووە.
٢. خاتوو سەوددە (ڕەزامەندی خوای
لێبێت):
ئەو کاتەی کە پێغەمبەری خواﷺ
سەوددەی خواست، خۆی لە بارو

دۆخێکی زۆر دژوارو نا ڕەحەت دا بوو، تاکە پشتیوانی پێغەمبەرﷺ کە خاتوو خەدیجە بوو ئەوەیش وەفاتی کرد بوو، دوژمنانی ئیسلام هەموو دژایەتی و ئازاریکیان ئەداو پارەو سەروەتی خۆیان بەکار دەهێنا بۆ لەناوبردنی خۆیو بانگەوازەکەی ، بۆیە ئەو ساڵە بە ساڵی ماتەمی ناوی دەر کردبوو، ئاخر ئەگەر دوژمنان دەستیان نەئەچووە ئازاری ئەو پێغەمبەرە ﷺ ئەوا لەبەر خاتوو خەدیجەو ئەبوتاڵبی مامی بوو، دەی ئیستا کێ ماوە کە وەك ئەبوتاڵیب بەرگری لێبکات و وەك خاتوو خەدیجەش دڵنەوایی بکات؟! بەڵام

ئەوەتا ئەم جووتە پشتیوانەی ماڵیان لێ
چۆڵ کردووەو کەس نییە لای و تا- لای
لێبکاتەوە، لە مسەریشەوە، دوژمنان زۆر
بێ بەزەییانە بە هەموو جۆر نێزە
کەوتوونەتە وێزەی ئەم کەڵە پیاوە
بەڕێزەی ئیسلام و بێ ڕێزی زۆری پێ
ئەکەن.
بۆیە زۆر پێویستی بە ئافرەتێك هەیە کە
لانی کەم دڵنەوایی داتەوەو پشتیوانی لە
کارەکەی بکات، ئەوە بوو خاتوو سەوددە
ئەخوازێ لە کاتێکدا کە سەوددە پەنجا
ساڵ تەمەنیەتی!
ئەمەش هەر لە خۆیدا هەرچی گومانو

کەشکۆڵی بەتاڵی پڕ لە هەوای دوژمنانی ئیسلام کە پێیان وایە پێغەمبەرﷺ کەسێکی ئارەزوو بازو شەهوانی ئەم هاوسەرگیریەی دووەهەمی هەموو ئەو گومانانە بەتاڵ دەکاتەوە کە گوایە حیزو ئارەزوی بۆ ئافرەت شەهوانی بووە ، دادپەروەی پێغەمبەری خوا بەرانبەر بە ئافرەت لێرەوە بە جوانی دەردەکەوێت.
بێگومان خاتوو سەوددەش خوا لێی ڕازی بێت، پێش ئەوەی کە شوو بە پێغەمبەری خواﷺ بکات، خێزانی سەکرانی کوڕی عەمر بوو، یەکێك بوو لەوانەی کە لەگەڵ مێردەکانیان بەشداری دووەم کۆچکردن

بوون بۆ حەبەشە.
لە گەڕانەوەیدا لە حەبەشە مێردەکەی ئەمرێت، خۆشی بێ کەس و قەڵەندەر ئەمێنێتەوە، نەیشی ئەتوانی کە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی ، چون ئەگەر بگەڕابوایەوە هەڵبەت لە لایەن گەلە ستەمکارەکەیەوە ڕوو بەڕووی ئازارو ئەشکەنجەی زۆر بێ تام ئەبووەوە، کەسیش نەبوو کە چاوەدێری بکات ولەسایەیدا حەسێتەوە ، بۆیە ئەبینین کە گەورەی بەزەییداران، پێغەمبەری ئەکرەم ﷺ ئەم ڕچە ئەشکێنێ و ئەم پەردەی بێ دەنگیە ئەدرێنێ و بە حاڵی ئەحواڵی دا

تێمان ئەگەیەنێ کە ئەوە ئیسلامە هاتووە ئەیەوێ خۆی بکاتە خاوەن هەموو بێ خاوەنێ و کەسی هەموو بێ کەسێ، بۆیە هەڵدەسێ مارەی ئەکاتەوە.
لەباسی ئەوەدا بووم کە کە بێمە سەر ژیانی خاتو عائشەو شوکردنی بەپێغەمبەری ئازیز ﷺ لەپر مایکیان فڕاند و ژووریان شێواند بێدینەکان و دەستیان کرد بە جنێودان بە من و خوشکو دایك و کەسوکارم و .. هەرچی کاك دەروون دەیوست کۆنترۆڵی ژوورەکە بکات ، ئەوەندەی کە زانیمان هاك کرابوون لە ڕێگای ئەدمنێکی ترەوە ووتەکانی منیان

پێقوبوڵ نەکرا بۆیە ئەو شەوە
دانیشتنەکەیان لێتێکداینو درنگ بوو بۆیە
من ناچار بووم کە ژوورەکە جبهێلم و
کاك دەرون داوای کرد کە سبیەنێ
کۆڕێکی تایبەتم بۆ بگێریت لەسەر ئەو
باسەو، سبەی شەو بە تیرو پڕی باسی
ئەو مێژوە بکەم کە پێغەمبەر چەند ژنی ە
شەوی رابووردوو بانگ کرابوومە
ژووری نەتەوەیی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی
پاڵتۆك.. دوای ئەوەی داوام لێکرا کە
باسی ئەوە بکەم بۆچی پێغەمبەری خوا
١٣ ژنی هێناوە ؟

دەستم کرد بەسەرەتای قسەکانمو مولحیدو بێدینەکان ، خۆیان پێنەگیراو دەستیان کردوە بە جنێوودان و ژورەکەیان تێکدا و بووە هۆکاری ئەوە کە بیخەنە شەوی داهاتوو .. بۆ شەوی داهاتوو منیش خۆم ئامادەکرد و پێش وەخت چوومە ژوورەکە نیو کاتژمێری مابوو بۆکۆڕەکە، هەروا چاوم دەگێراو بە نوسینو گوێم شل کردبوو ، بۆ قسەکەرانی ئەو ژووره ، خەڵکانیك ئاخافتنیان لەسەر ەو باسە دەکرد ، بەتایبەت ئەوانەی کە خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات بوون ، چونکە کاریگەری جموری شیعەنشینی ئێرانیان لەسەر بوو ،

ئیتر بەبێ ئەوەی لە ژیانیاندا کتێبێکیان
لەسەر ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ
خوێندبێتەوە ، بە پێی پەتی تێکەتبوون و
سەردەمی پێغەمبەریان بەسەردەمی
ئێستاو سەدی بیسویەك شیدەکردەوە ،
بەزەیم بە تێگەیشتنو هزریاندا دەهاتەوە ،
بەتاییەت چەپەکانی ئێران زۆر داماوانە
کوتونەتە دژایەتی ئیسلام ، نەك بەزانست
، بەڵکو بە پەچەکرداری جموری
ئیسلامیە و ناشزانێت بۆ دژایەتی خودی
ئاینی ئیسلام دەکات ، ئیتر بووە بە خووی
ئەو چەپانەی ئێران بەتاییەت کۆمەڵە و
پەژاك و هەندێکیش لە دیموکراتەکان ،

کەمێك لە دیموکراتەکانی ئێران
.. باشتربوون لە چاو ئەوانی تریاندا

کاتی من هات و دەستم کرد بە قسە کردن
، جارێ هیچم نەووتبوو چەپەکانو بێدینو
کۆمەنیستەکان هەموو دەیانوت وانیە
قسەکانت راست نیە ، منیش ووتم ئێ پەلە
مەکەن باقسە بکەم ئەوجا لەسەر بنەمای
قسەکانم بڵێن وانیە ، خۆ ئێوە بە حسابی
خۆتان مادیانە بیر دەکەنوە گوییبیست بن
بزانن چی دەڵێم ، خۆ غەیب نازانن ؟

کاك دەرون مایکی دایە دەستم و وەك
پیسەی هەمیسەی چەپەکانی پاڵتۆك ..
هاتن دەینگووت کاك دەروون ماکوان چیە

تۆ کۆری بۆ سازدەکەیت، ماکوان نەخوێندەوارە ؟!!

دەیانوسیت کات بکوژنو کۆڕ تێك بدەن ، پیاوێکی بەرێز بەناوی کاك شێخ رزگار یەکێك بوولە بەرێوبەرانی ژووری نەتەوەی ، ووتی : من ماکوان دەناسم ئەگەر ئیوە دەتوان دەکەستان کۆببنەوە منیش ماکوانتان بۆ دەگرم وەرن لەگەڵیدا گفتوگۆ ومناقشە بکەن ؟

ئیتر سوپاس بۆ خوا ژوور بێدەنگ بوو چرکە لە کەسەوە نەهات دەست تا کەتمە نیوەی باس لە نیوەکەیدا دیسانەوە دەست کرا بە جنێو قسەی ناشرین بە خوشکو

دایکو ژن و کەسوکارم ، خوا هەڵناگریت کاك شیخو دەرونیش درێخیان نەکرد لە فڕێدانی ئەو دەم پیسانەو ژوور بەهێمنی مایەوە ..

.. سەرەتای گفتوگۆکەم ئاوا دەست پێکرد لەم بابەتە دەمەوێت ئەو بڵێم: کە خەڵکی موسڵمان جیاوازی هەیە لەگەڵ هەموو کەسێکی تردا کە پابەند نیە بە ئاینی ئیسلامەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا لەناو موسڵماندا دوو شێوە موسڵمان هەیە کە دەکرێت بە دوو چەمک باسی بکەین.. ئەم دوو چەمکە پێویستە خەڵکی موسڵمان باش لێوردبێتەوە ئەویش بریتیە لە

موسڵمانی پابەند واتا(ملتەزیم) وە
کەسێکی سادە کە موسڵمانیەتی وەك باری
کۆمەڵایەتی وکلتوری بۆ ماوەی
وەریگرتوە، ئەم دوو جورە خەڵکە زۆر
جیاوازن لە ڕەفتارو کرداریاندا.. لای
ئەوکەسەی کە پابەندە بە ئاینەکەیەوە
پێویستە رۆشنبیری ئیسلامی بەتەواوەتی
..هەموو کیان و ژیانی داپۆشیبێت
ڕۆشنبیرانی ئیسلامی ئێستا کاریگەری
عەلمانیەکانی بەسەرەویە هەموو ڕەفتارو
کرداریان و تەنانەت بیرکردنەوەیان وەك
یەکی لێهاتوە لەگەڵ عەلمانیەکاندا،
هەڵبەت مەبەستم گشتی و بە رەهایی نیە ،

بەڵكو زۆرینە لە ناو موسڵمانانی پابەند بە ئیسلامەو ئەوە دەبینرێت زیاتر هەست بە رۆشنبیری جەماوەریان دەكرێت نەك ئیسلامی واتا(ماسس میدیا) ، هەموو كێشەكە دەگرێتەوە بۆ ئەوەی كە موسڵمانانی پابەند .. رۆشنبیریەكەیان لاسنگە و بە ئیسلام پارسەنگیان نەكردوە، جارێ پێش هەموو شتێك دەبێت بزانین پێناسەی رۆشنبیر چیە؟ پێناسە رۆشنبیر لە سەدەی پێشودا زیاتر لە (٣٠٠٠) پێناسەی بۆ كراوە، لە ساڵی ڕابردودا ئاماژە بە زانایەكی ئەمریكی بەناوی "دانییل بل" كرا لە گۆنگرەی رۆشنبیری

ئەمریکی کە تێیدا زیاتر لە (١٠٠٠) پێناسەی تر بۆ رۆشنبیری کراوە لە لایان زانایانی ئنترۆپۆلۆژیاو زانایانی کۆمەڵناسی و..هتد.

پێناسەی رۆشنبیری لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای کشتوکاڵ و بەرهەم هێنان دێت، لە زمانی عەرەبیدا بەواتای هەڵدانی "رم "دێت بۆ جێگای مەبەست، لە ناو کوردا بەو کەسانە دەڵێن کە زانیاری کۆدەکەنەوە لە بوارەکانی ژیاندا تا رۆشەن بیر دەردەچن، لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو ناوەیان پێوە لکاوە..

لە ڕاستیدا ئیسلام هیچ کێشەی نیە لەگەڵ هیچ پێناسەیەکیاندا، بەڵام ئیسلام خۆی خاوەنی پێناسەی تایبەتە بۆ رۆشنبیری هەریەك لە بیرمەندانی ئیسلامی بە جۆرێك پێناسەیان کردوە بە هێزترین پێناسە لای من پێناسەی دکتۆر موستەفا سوباعیە کە دەفەرموێت: رۆشنبیری ئیسلامی واتا تێگیشتنە لە ئیسلام بە شمولی.. هەرچەندە ئەم پێناسەیە تەواو نیە بەڵام واتا گشتیەکەی بەم شێوییە.. هەموو دەقەکەم نەهێناوە..

ئەوەی کە پێناسەی منە بۆ ڕۆشنبیری.. لەدوای گەڕان و لێکۆڵینەوە

پرسیارکردنێکی زۆر دواندنی دەیان بیرمەندو زانا من بۆخۆم گەیشتمە ئەو

ئەو ڕایەی کە بڵێم ڕۆشنبیری بریتیە : لە کۆکردنەوەی زانیاری و کەلەکە کردنی واتا"تەراکومە" بوونی زانیاری لە مێشکی خەڵکیدا تا بتوانێت شیکاری پێبکات.

لە ڕاستیدا پێناسەکە لە شیکاریەکەوە دەست پێدەکات.. مەبەست لە شیکاری ئەوەیە.. ئەو هەموو زانیاریەی کە کۆ دەکرێتەوە، پاشان چۆن پێچەوانەی دەکەیتەوە بەومانایەی کەچۆن شیکاری بەو زانیاریە کەڵەکە بوەکان بکەیت

واتا"تحليل" بەو زانیاریانە بکەیت، ئەمە لای من رۆشنبیری ئیسلامیە.

دوو نمونەی دەهێنمەوە بۆ ئەوی زیاتر ئەم باسە روونتر بێت ،بە بۆچونی خۆم ئاشانا بکەم، بەڵام لێرەدا دەرفەت هەر ئەوەندەیە کە بەوەندە باسە کۆتای پێبێنم بەم نمونەیە هەندێك بەرچاورِوونی بخەمەبەردەم هەموولاکان .

نمونەی یەکەم شوکردنی خاتو عائیشە "رەزامەندی خوای لێبێت" بە پێغەمبەری نازادرﷺ، بۆیەو لەخاتو عائشەوە دەست پێدەکەمەوە ،چونکە پێشتر ئاماژەم بە دوو خێزانی پێغەمبەری

سەرەوەرمانﷺ داوە کە کەخاتو خەدیجەو خاتو سوددە بوو، خاتو عایشە ئەگەر بە رۆشنبیری عەلمانی سەیری بکەین هەموو ئیسلامیەکانی ئەم سەردەمە پاساو دێنەوە بۆ ئەوەی کە خاتو عائشە تەمەنی ٩ ساڵ نەبووە، تەنانەت کەسێکی ئیسلامی بە منی گوت بریا کاك ماکوان پێغەمبەرﷺ ئەو ئافرەتەی نەهێنایە لەو تەمەنەدا!..

ئەمە هۆکاری ئەوەیە بە پێوەرو ڕۆشنبیری عەلمانی بیر دەکاتەوە زەمەنو شوینو کاتیشی لێتێك چووە !!، خۆ تەنانەت ئەگەر بە رۆشنبیری عەرەبیش

بیر بکەیتەوە کارێکی زۆر ئاسایە پێش ئەوەی شو بە سەرەرمان بکات ﷺ دەزگیراندار بووە ئەم کۆمەڵگاکە بەو شێوە بوە، یاخود کچی عەلی کوڕی ئەبوتالیب خێزانی عومەری کوڕی خەتاب بووە کە هەموو دەزانی عەلی لە تەمەنی دە ساڵی موسڵمان بوە ، بەڵام هۆکارەکە ئەوەیە ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگایە بەو شێوە بوو، یاخود کەسێکی وەك سەعدی کوڕی عوبێدوڵا "رەزامەندی خوا لە هەموویان بێت" لەسەرەتاوە لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککە موسڵمان بوون، بەڵام خێزانەکەی

کچی ئەبوبکر سەدیق بوو کە لە دوای مردنی ئەبووبکر لەدایك بووە بە دووساڵ ، پاشان بووە خێزانی سەعدی کوڕی عوبێدوڵاو هیچ کەس لە کۆمەڵگایە لۆمەی کەسی نەدەکرد، چونکە رۆشنبیری عەرەب بەو شێوە بووە پاشان هەموو رۆژهەڵاتناسەکان بە کۆمەڵگایەکی ناوەزایان ناویان بردوە لە دوای وەفاتی سەروەرمان.

کورتەی ئەم باسە گرنگە ئەوەیە کە رۆشنبیری واتا دیدو تێڕوانینی مرۆڤە بۆ خواو گەردون و مرۆڤ و دەسەڵات و ژینگە، پاشان شیکاراوی لێووردبونەوە

هەر باسيك دەبرێتەوە زەمەنى خۆى و لەگەڵ سەردەمى خۆيدا مامەڵە دەكريت ، لە كاتيكدا زياد لە ٧٠٠ ئافرەت لە كتێبى (اسد الغابة في معريفة الصحابة)دا هاتوو ، هەموو لە تەمەنى ٧ ساڵ بۆ ٩ ساڵ شووى كردوە .
بەداخەوە هەنديك كەسيش لە موسڵمانان دەيان لێكۆڵينەوەيان كردوە كە گوايە تەمەنى خاتو عائيشە لە سەرو ١٦ ساڵەوە بووە ، تاكە پێوەر بۆ بونيادنانى ئەو لێكۆڵينەوە تەنها ئەوەيە كە لەگەڵ خۆشكەكەى عائيشە پێوەريان كردوە كە ئەسمائەو تەمەنى ئەو لەگەڵ تەمەنى

عائیشە پێوەرکراوە ، هەڵە گەورەکەش لێرەوەیە کە ئەو لێکۆڵەرەوانە پەلەیان کردوە و لێووردبوونەوەی تەواویان نەکردوە ، نەیانزانیوە کە دایکی خاتو عائیشەو دایکی خاتو ئەسماء جیاوازن . رەزامەندی خوا لەهەردووکیان بێت

کەواتە بۆ خاتو عائیشەی هێنا؟

یەکەم ئافرەت کە پێغەمبەری خواﷺ بە کچێنی مارەی کردبێت، خاتوو عائیشە بوو. بۆیە ئەگەر لە هاوردنی زەینەب حیکمەتی ئەوەی بووبێت کە سیستەمی تەبەننی هەڵوەشێنێتەوە، کە دوایی باسی دەکەین، ئەوا لە هاوردنی عائیشە

حیکمەتی لەو گرنکتری هەبوو. دیارە ئەو کاتەی کەوا عائیشەی هێنا، تەمەنی عائیشە نۆ سالآن بوو، چلو هەشت ساڵیش لە دوای وەفاتکردنی پێغەمبەر ﷺ ژیانی بردە سەر!، کە ڕەنگە نهێنیی هێنانی عائیشەش هەر ئەوە بووبێت تاکوو لە دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ دەوری پێگەیەنەر و تێگەیەنەری ئوممەت ببینێت. هەموو ئەو زانستە نهێنییانەی کە لای خەڵکی قاتی بوو، ئەوا لای عائیشە (وەخت)ی بوو؛ واتە هەموو ئەو زانستانەی کە لای یارانی پێغەمبەر ﷺ دەگمەن بوو، ئەوا لای عائیشە دەست

دەکەوتن بەتایبەت لە کاروباری ئافرەتانەوە. چلو هەشت دانە ساڵ ئەم دایکە بەڕێزەمان میراتی پێغەمبەری بە هاوەڵان دەبەخشییەوە. هەتا ئەبینین ئەو کارە زێڕینەی کە ئەوساکە عائیشە پێی هەڵئەسا، کاریگەریی ئێستایشی لەسەر حاڵی مسوڵمانان ماوەتەوە، بۆیە کاتێ کە لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ دەچیتە ڕەوزە، ئەوا ئەستوندەیەك ئەبینیت کە ناسراوە بە (ئەستوندەی عائیشە)، کە لە کاتی خۆیدا دوای وەفاتی پێغەمبەرﷺ، هاوەڵانی پێغەمبەر -خوا لە هەموویان ڕازی بێت-، کۆڕیان لە دەوری عائیشە ئەگرت و

پرسیاریان لیّ ئەکرد و ئەویش فەتوای بۆ ئەدان.

بۆیە دەگێڕنەوە کە لە کاتی خۆی لە دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر ئەبووبەکر -خوای لێی ڕازی بێت-، کە باوکێتی یان هاوەڵانی تری پێغەمبەر ﷺ وەك عومەری کوڕی خەتتاب و عوسمانی کوڕی عەففان -خوا لە هەموویان ڕازی بێت-، ئیشکالێکیان بۆ دروست بوایە ئەوا ئەهاتن و پرسیاریان لە خاتو عائیشە ئەکرد و وەڵامەکەیان لای ئەو دەست ئەکەوت.

زۆرێك لە زانایانی ئەم دواییە ئەڵێن: چارەکی حوکمە شەرعییەکان لە دوای

وەفاتی پێغەمبەر ﷺ لە عائیشە وەردەگیرێت. ئەمە و چلو هەشت دانە ساڵ بەردەوامی بە کاری پێغەمبەر ﷺ ئەدا. دیارە لە سەرەتادا عائیشە لەو حوجرەیەی کە پێغەمبەری خوای تێدا ناشتراوە، فەتوای بۆ مسوڵمانان ئەدا. بەڵام لە دوای ئەوەی کە عومەری کوڕی خەتتاب وەفات دەفەرموێ و لە حوجرە و لەتەنیشت گۆڕی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ ئەنێژرێت، عائیشە شوێنەکەی خۆی ئەگوازێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە ئێستا پێی دەڵێن ئەستوندەی عائیشە و دەوێدا درێژە بە بانگەوازی ئیسلامی ئەدات.

هەندێ لە یارانی پێغەمبەر ﷺ بە هەڵەکانی خۆیان ئەهاتنەوە، دوای ئەوەی کە پرسیاریان لە خاتوو عائیشە ئەکرد. بۆیە یەکێکی وەك ئیمامی (السیوطي) - ڕەحمەتی خوا لێ بێت- کتێبێکی نووسی و لەوێدا ئاماژە ئەدات کە چۆن عائیشە هەڵەی کۆمەڵێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ی ڕاست کردۆتەوە. یەك لەو نووسراوانەی کە نووسیویەتی بە ناونیشانی "عين الإصابة فيما استدركته عائيشة على الصحابة"یە. لەوێدا نموونەیەك ئەهێنێتەوە، کەوا گەورەمان ئەبووهورەیرە -خوا لێی ڕازی بێت-

ڕۆژێ فەتوایەك ئەدا و ئەڵێت: دروست نییە ئەگەر لەشت پیس بێت بەڕۆژوو بیت! کەچی خاتوو عائیشە و ئوم سەلەمە ئەچنە لای و پێی ئەڵێن: نەخێر دروستە، چون پێغەمبەرﷺهەندێ جار لە دوای پارشێو غوسلی لەخۆ دەرئەکرد.

هەروەها لە ئەبوومووسای ئەشعەری (ڕەزامەندی خوای لێبێت) دەگێڕێتەوە، دەفەرموێ: (هەر ئیشکالێکمان لە شتێکدا بۆ دروست بوایە، ئەوا پەنامان بۆ عائیشە ئەبرد و پرسیارم لەو ئەکرد و وەڵامەکەیمان دەست ئەکەوت.) "جامع الترمذي".

یان ئیمامی زوهری تابعی (ڕەزامەندی خوای لێبێت) دەڵێت: عائیشە زاناترین کەس بوو لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ، گەورەترین شارەزا لەهاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ئەهاتن و پرسیاریان لە خاتووعائیشە ئەکرد. "طبقات ابن سعد ج ٢، قسم ٢ ص ٢٦".

هەروەها عوروەی کوڕی زوبەیر (ڕەزامەندی خوای لێبێت) ئەڵێت: کەسم نەبینیوە کە شارەزاتر بێت لە قورئان و لە فەرزەکان و لە حەڵاڵ و لە فیقە و لە شیعر و لە پزیشکی و لە باسی عەرەب و ڕەگەز و ڕەچەڵەك زیاتر لەخاتوو عائشە.

"سير الصحابيات للشيخ عبد السلام
الندوي ص ٤٣" .

ئاشكراشه کەوا عائیشه (٢٢١٠) فەرموودەی گێڕاوەتەوە، کە (١٧٨) فەرموودە بوخاری و موسلیم لەو گێڕاویانەتەوە، واته: بوخاری (٥٨) و موسلیم (٦٨) فەرموودەیان لێی گێڕاوەتەوە.

کەوا بوو ئەم زانسته بەرفراوانەی که عائیشه هەیبوو، له کوێ کەسی تر ئاوا له کارو باری پێغەمبەر ﷺ بەهرەمەنترو شارەزاتر ئەبوو که تەمەنی وەك تەمەنی عائشه نەبووایه که پێغەمبەری خوا ﷺ

بیخوازێت؟
کەوابوو حیکمەتێکی زۆر گەورە هەبوو لەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ کچێکی وەك عائیشەی تەمەن نۆ ساڵان بخوازێت، وەك ووتمان ئامانج لە ئیسلامەتی ئەوەیە کە ئەم دینە لە مسوڵمانان بگەیەنیت، بۆیە زۆر پێویست بوو کە کەسێك باش شارەزا بێت لە کارو باری ئافرەت و کون و قوژبنە نهێنیەکانی ژن و مێردایەتی بەو خەڵکە ڕابگەینێت کە مێشکی ساف بێ و بتوانێ هەموو شتەکان جوان تۆمار بکات و بەچاکی ڕایانبگەینێت، ئەوەتاش ئەبینین کە چل و هەشت دانە ساڵ دوای وەفاتی

پێغەمبەر ﷺ دایکمان خاتوو عائیشە ئەم دیوە نهێنیانە بەخەڵکی ئەناسێنێ.

خێزانی چوارەمی پێگەمبەری سەروەرو پێشەوامان ﷺ خاتوو حەفسەی کچی عومەری کوڕی خەتتاب

خاتوو حەفسە بێوەژن بوو و لە پێشدا خێزانی (خونویس کوری حذافة) بوو کە لە شەڕی بەدردا شەهید بوو، ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ وەفاتکردنی خاتوو (رقیة) ی خێزانی عوسمان و کچی پیرۆزی پێغەمبەر(ڕەزامەندی خوای لێبێت) ، هەروەك لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (ڕەزامەندی خوای

لێببێت)گێڕاوەتەوە و لە سەحیحی
بوخاریشدا هاتووە کەوا عومەری کوڕی
خەتتاب کچەکەی پێشکەش بە عوسمان
ئەکات، عوسمانیش دەفەرموێ: باشە
بابیرێکی لێبکەمەوە ، چەند شەوێکی پێ
ئەچێ و دێت و دەڵێت: من وای بە چاك
ئەزانم کە جارێ ژن نەهێنمەوە، ئەوجارە
دێت و بە ئەبو بەکر دەفەرموێ: ئەگەر
حەز ئەکەیت حەفسەت لێ مارە ئەکەم،
ئەویش بێ دەنگ ئەبێت و چەند شەوێکی
پێدەچێت و پێغەمبەر ﷺ بۆ خۆی داوای
ئەکات، پاشان ئەبو بەکر ئەچێتەوە لای
عومەر و پێی دەفەرموێت تۆ داوای

شتێکی ئاوات لێکرد بووم، کەچی من وەڵامم نەبوو، بەڵام ئەمزانی کە پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستی بوو کە داوای دەستی حەفسەت لێبکات، بۆیە نهێنیەك بوو کە نەمدەویست ئاشکرای بکەم!.

ئەگەر هاوردنی عائشەو حەفسە پەیوەندیەکی زۆر بەهێزی دروست کرد لە نێوان خۆی و ئەبو بەکرو عومەردا. هەر ئەمەش بوو حیکمەتی خواستنی حەفسەی کچی عومەری کوڕی خەتتاب خوا لە هەمووان ڕازی بێت.

لێرەدا ئەگەر تەماشا بکەیت و وورد ببیتەوە رۆشنبیری ئەو سەردەمە وا بوو کچان ئەدرانەوە بەشوو کە بێوەژن دەکەوتن ئەگەر ئافرەتە بمایتەوە ئەوکات کەسێکی نەبوو بەخێوی بکاتو نەفەقەی بکێشێت، بۆیە عومەری کوڕی خەتتاب خۆی داوادەکاتەوە بیداتەوە بە شوو!

لەبەر ئەوە رۆشنبیری ئێستاو ئەو سەردەمە جیاوازە ، ئەمەشە وادەکات دەبێت ئەگەر خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە بکەین بۆ هەر باسێکی مێژووی ، خەڵکی ئەکادیموی تێگەیشتوو زەمەنو شوێنو کات رچاو دەکات .

.. هێناوە

لەدوای ئەوەی کە چوار لە خاتونە بەڕێزەکانی پێغەمبەری ئازیزم ﷺ ناساند و باسی هۆکاری شوکردنیان بە سەروەری مرۆڤایەتی کرد ، هەریەك لە خاتو خەدیجەو خاتو سوددە و خاتوعائیشە و خاتوو حەفسەم کرد - ڕەزامەندی خوا لە هەر چواریان بێت .. بەردەوام لە باسی خێزانە بەڕێزەکانی تری پێغەمبەردا بووم ﷺ لە کۆڕەکەدا ...

لەڕاستیدا ئەوەی کە هەستم پێکرد لە خەڵکە و ئامادەبووەکان .. بریتی بوو لەوەی کە سەردەم و زەمەنی پێغەمبەر ﷺ

له بەرچاو خەڵكیدا .. وەك ئەمڕۆی كە خۆمانی تێدا دەژین ووێنا دەكەن ، نە زەمەن زەمەنی ئێمەیەو نە شوێن شوێنی ئێمەشە .. لەبەر ئەم هۆكارە بوو كەڵكەڵەی گەڕانەوە بۆ مێژوو لەوێوە دەستی پێكردوە و دایەوە خولیای مێشكم .

بەڵام ناچار بەردەوام بووم لە باس كردنی خێزانەكانی تری پێغەمبەری ئازیز و هاتمە سەر باسی خاتوو زەینەب.

خاتوو زەینەبی كچی خوزەیمە ((ڕەزامەندی خوای لێبێت):

ئەویش بێوەژنێكی تەمەن شەشت ساڵان ئەبێت، ئەو كاتەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ

ئەیخوازێت ، پێش ئەوە خاتوو زەینەب خێزانی (عوبێیدەی کوڕی حارث)ە ڕەزامەندی خوای لێبێت، هاسەرەکەی لە شەڕی بەدردا شەهید ئەبێت، ئەو ئافرەتە یەکێك بوو لەو ئافرەتە خۆ بەختانەی ئیسلام کە لە پێناو ئیسلامو پەروەردگار دا کاری ئەکرد، ئەو کاتەی کە مێردەکەی شەهید ئەبێت، ئەو لە مەیدانی جیهاد خەریکی تیمار کردنی برینداران ئەبێت! زۆر سەبرو ئارامگر ئەبێت لە سەر شەهید بوونی مێردەکەی، کە مێردەکەی شەهید ئەبێت کەسێ نییە کە چاوەدێری بکات، کاتێکیش کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو

هەڵوێستە جوامێرانەی ئەو ئەبینێت و ئێستاش مێردەکەی شەهید بووەو کەس نییە کە داڵدەی بدات و چاودێری بکات، پێغەمبەری خواﷺ کە تەمەنی پیرۆزی پەنجاو پێنج ساڵەو ئەچێت دەیخوازێت، لەدوای دوو ساڵ شووکردنی بە پێغەمبەر ﷺ وەفات دەکات ، خوا لێی ڕازی بێت.

خاتوو ئوم سەلەمەی هیندی مەخزومی ((ڕەزامەندی خوای لێبێت:

کە پێشتر خێزانی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولئەسەد بوو، یەکێك لەوانەی کە زوو باوەڕی بە ئیسلام هێناوە، خۆی و مێردەکەی لە ترسی زەبرو زەنگی بێ

باوەڕان ڕا ئەکەن و ڕوو دەکەنە حەبەشە، دوای گەڕانەوەیان بۆ مەدینە، مێردەکەی لە غەزای ئوحود شەهید ئەبێت و خاتوو ئوم سەلەمەی پەنجاو پێنج ساڵی چوار هەتیولەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت، کە دوویان کوڕو دوویان کچ ئەبن، خاتوو ئوم سەلەمە بێ کەس و بێ سێبەرو بێ پەنا دەمێنێتەوە، پێغەمبەریش ﷺ بارو دۆخی ئەو ئافرەتە لە خۆ بوردەیە بە ئەندازە ئەگرێت ، بۆیە ئەچێت و داوی لێ ئەکات کە ئەگەر ڕازی بێت، ئەیخوازێت!

ئەویش سەرەتا ئەیگوت من پیرو بە ساڵدا

چووم، هەتیووم هەیەو پڕکێشیشم واتا قەڵەووم توانی هیچم نەماوە و لە هەموو شتەکانی ژیان چومەتەوە! پێغەمبەریش ﷺ وەڵامی دایەوەو فەرمووی :من باکم بە تەمەنتەوە نییە، کەفالەتی هەتیوەکانت لە خۆم دەگرم و لە خواش دەخوازم کە ئەو پڕکێشیەت نەمێنێ، خوای پەروەردگار دوعاکەی پێغەمبەر وەر ئەگرێت و ئەویش ڕازیشووو بکات بە پێغەمبەری خواﷺ.

ئیتر پێغەمبەری نازادار ﷺ بوو بە سێبەرو سایەی ئەو ئافرەتە خواناسەی ئیسلام و منداڵەکانیشی زۆر جوان و بە

پەروەردەیەکی خوا ناسی بۆ پەروەردە کرد، پێغەمبەری خوا زۆر کەسایەتی ئەو دایکە وەفادارەی مسوڵمانان بە ئەندازە دەگرت و خۆشی ئەویست.

شایەنی باسە ئوم سەلەمە خوا لێی ڕازی بێت، یەکێك بوو لەوانەی کە هەڵەی ئەبو هوڕەیرەی ڕاست کردبووەوە، وە هەر ئەویش بوو کە لەگەڵ عائشە بە یەکەوە فەتوایان دا کە دروستە بۆ کەسێك کە لەشی پیس بێ و بە ڕۆژووش بێت.

زەینەبی کچی جەحش .. کە ئەمەیش لەلای بێدینو خوانەنسەکان و دڵ نەخۆشەکان تانەو تەشەر ئەدەن لە

پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ و باسیکی ئەویشدەکەینو هۆکاری شوکردنی چیی بوو؟

دیارە خواستنی زەینەبی کچی جەحش، زەرووڕەتێکی شەرعی بووە..

کە دەبوایە جێبەجێ بکرایە، چونکە زەینەب خێزانی زەیدی کوری حاریسە بوو(ڕەزامەندی خوای لێبێت)، زەیدیش بە کوڕ کراوی پێغەمبەر ﷺ بوو واتا تەبەنی ، ئەو سەردەمەش لای عەرەبەکان باو بوو کە شوێنەواری بە کوڕ کراو هەمان شوێنەواری ئەو کەسەیە کە ئەم کوڕەی بە کوڕ گرتووە، واتە مادام

زەیدی کوڕی حارسە بەکوڕ کراوی پێغەمبەرە ﷺ، ئەویش پشکی ئەو شوێنەوارەی بەر ئەکەوێت، بۆیە عەرەب لە سەردەمی جاهلی بە کوڕکراوەکانیان دەگوت: "أنت ابني، أرثك وترثني" واتە: تۆ کوڕی منی و بەر میراتی من ئەکەویت و بەر میراتی تۆش ئەکەوم! ئەوەی بۆ باوکەکەش دروست بوایە ئەوا بۆ بە کوڕکراوەکەیش هەر دروست بوو، ئەگەر دروستیش نەبوایە بۆ ئەوی تریش هەر دروست نەبوو.

کەوابوو ئەگەر بەپێی ئەو هەل و مەرجە بوایە ئەوا پێغەمبەر ﷺ بۆی نەبوو کە

زەینەب مارە بکاتەوە، چونکە زەید بەپێی داب و نەریتی نەفامی وەك کوڕی پێغەمبەر ﷺ وابوو، کەواتە لە کوێدا ئەگونجێ کە پێغەمبەر ﷺ بووکی خۆی مارە بکاتەوە؟!

بۆیە هیچ بوارێك نەبوو بۆ لە بندەرهێنان و ڕیشە کێشکردنی ئەو چەمکە هەڵەو خوارو خێچەی کە لە مەڕ بە کوڕ کراوان داڕێژرا بوو. بۆیە هاوردنی زەینەب لای پێغەمبەری خوا ﷺ پاش تەڵاقدانی لە لایەن زەیدەوە ئەو چەمکەی ڕاستکردەوە. ئەم هەقیقەتەش لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیمیشدا هاتووە.

ئەمەش رووە شەرعیەکەی بوو ، بەڵام لە رووە کۆمەڵایەتیکەشەوە هیچ کاریگەریەکی لەسەر کۆمەڵگای قورەیشو نەیارانی پێغەمبەری خوا دروست نەکرد کەس لۆمەی پێغەمبەری نەکرد ﷺ ، بە هۆکاری ئەوەی خەڵکەکە دەیزانی کە زەید کەبە کوڕ کراوی پێغەمبەرە ﷺ خۆی ژنی بۆ مارە کردوە ، پاشان زەینەب کچی پوری پێغەمبەر بووە ﷺ خۆی داوای کردوە ، خۆ ئەگەر پێشترپێغەمەبەر خۆی حەزی لێی بوایە ، هەموو گەلو هۆزەکەی ئەیاندا بە پێغەمبەرو بە خۆشحاڵییەوە زۆر

خۆشحاڵیش دەبوون ، بەڵام پێغەمبەر خوا ﷺ بۆ زەیدی مارەکرد .. چەند ساڵێك بەیەکەوە ژیان و ژیانێکی زۆر ناخۆشیان بردە سەر هەرگیز نەدەگونجان بەیەکەوە ، لەبەر ئەوەی زەینەب لەگەڵ زەیدا نەدەگونجا ، لەماوەی چەند ساڵدا پێغەمبەر خۆی ئاشتی کردنەوە نەدەهێشت تەڵاق بکەوێتە نێوانیان !! چونکە زەینەب هەمیشە تانەو تەشەری لە زەید ئەدا کە ئەو بەندە بوو ئەمیش کچێکی ئازاد بووە شووی کردوە بە بەندەیەك کە کۆیلەی پۆرزاکەی بووە ، بۆیە لەسەر دڵی قورس بوو ، ئەو کۆمەڵگایەش بەگستی جاهیل

بوو ساڵانی خۆیان ناوناوە جاهالەت .. تا لە کۆتایدا تەڵاقی ئەداتو پێغەمبەریش بە فەرمانی خوای مارەی دەکاتەوە ، واتا تەڵاق دراوە ئینجا مارەی کردۆتەوە پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ، هەموو جارێکیش زەینەب دەیفەرموو : ئێوە کەسوکارەکانتان بەشووی داون ، بەڵام من خوای پەروەردگار لە سەرو حەوت ئاسمانەوە منی مارەکردوە لە پێغەمبەرەکە ﷺ!!

خاتوو جوەیریەی کچی حارس ((ڕەزامەندی خوا لێبێت:

خاتوو جوەیریە کە خێزانی مانعی کچی

سەفوان بوو، ئەو پیاوەی کە سەر
سەختترین و نا حەز ترین دوژمنی ئیسلام
بوو و دژایەتی زۆری لەگەڵ پێغەمبەردا
ﷺهەبوو، لە شەڕی بەنی موستەڵەقدا لە
ڕۆژی " المریسیع" ئەکوژرێ و
جوەیریەش بە دیلی ئەکەوێتە دەست
مسوڵمانان، خاتوو جوەیریەش کچی
حارسی کوڕی زیڕارە کە گەورەی بەنی
موستەڵەق بوو، باوکی پیاوێك بوو کە
پلانی زۆر خراپی بۆ مسوڵمانان ئەگێڕا!
هەروەك لە سەحیحی بوخاریشدا هاتووە
کە لە عائشە خوای لێ ڕازی بێت
گێڕاوەتەوە وئەڵێت: لەو شەڕە دا

چاكترین ئافرەتانی بەنی موستەڵەق بە
دیلی ئەكەوێتە دەست پێغەمبەر
ﷺ!پێغەمبەریش بەپێی یاسای خومس
بەشی خۆی لەو دەست كەوتە كەوتە
دەست، ئەوی تریشی بەسەر مسوڵماندا
بەخشیەوە، خاتوو جوەیریەی كچی
حارس یەكێك بوو لەو دەستكەوتەی كە
بەر سابتی كوڕی قەیس ئەكەوێت،
جوەیریە دێتە خزمەت پێغەمبەرﷺ و پێی
دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من
جوەیریەی كچی حارسم كە گەورەی
تیرەی بەنی موستەڵەق بوو، من ئێستا
دیلی دەستی شەڕم و پشكە بەری سابتی

کوڕی قەیسم و بە نۆ ئۆقیە بەر ئەو کەوتووم، یارمەتیم بدە تاکو خۆم بکڕمەوەو ئەو پێچان (عقد)ە هەڵوەشێنمەوە.
پێغەمبەریشﷺ فەرمووی: لەوە باشترت ئەوێت؟ ئەویش ئەڵێت: ئئەو باشەیە چیە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟
پێغەمبەریش دەفەرموێت: من هەقی سابت ئەدەم و ئەگەر ڕازیش بیت من تۆ ئەخوازم، ئەویش بەم کارەی پێغەمبەرﷺ زۆر دڵشادو شادومان ئەبێت و ڕەزامەندی خۆی دەر ئەبڕێت.
کاتێ کە یارانی پێغەمبەر (ﷺ)بەم کارەی

پێغەمبەر ئیتر هەرچی لەو یارانەی کە ئافرەتانی بەنی موستەڵەقیان بەر کەوتبوو ئازاد کران، کە ژمارەیان سەد ئافرەت ئەبوو.

ئەمەش حیکمەتێکی تری ئەو پێغەمبەرە نازدارە بوو.

پاشان بەنی موستەڵەقیش کە ئەم کارە جوامێرانەیان لە پێغەمبەر ﷺ بینی ئیتر ببڕای ببڕا دەستیان لە دوژمنایەتی پێغەمبەر ﷺ هەڵگرت، چونکە ئەو تیرەیە سەرەتا بە چەتەو ڕێگر ناسراو بوون، هەتا ئەڵێن کە هەواڵی ئازاد بوونی جوەیریە گەشتە لای باوکی پێش ئەوەی

که پێغەمبەر ﷺ بیخوازێت، هات و نۆ ئۆقیەی لەگەڵ خۆی هێنا تا لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە، کەچی پێغەمبەر ﷺ خاتو جوەیرەی سەر پشك کرد لە نێوان گەڕانەوە لەتەك باوکی یان مسوڵمان بوونی و پاشان شوو کردنی بە پێغەمبەری خوا ﷺ. ؟!

ئەویش مسوڵمان بوون و شوو کردنی بە پێغەمبەر ﷺ بەسەر داواکەی باوکی هەڵئەبژێرێت. بۆیە خواستنی خاتوو جوەیریە جگە لەوە کە خێرو بێرێکی بۆ خودی خاتوو جوەیریە هێنا پێشێ، لە لایەکی ترەوە هۆکارێك بوو بۆ مسوڵمان

بوونی و ئازاد کردنی و واز هێنانی لە کاری چەتەیی و ڕێگری. لەمسەریشەوە خەڵکی ئەیانگوت: جوەیریە دەستە ڕاستی تیرەکەی خۆیەتی.

سەرباری هەموو ئەوانە هاوردنی جوەیریە ڕێگەیەکی تری خۆشکرد بۆ دەست هەڵگرتنی بەنی موستەڵەق لە کاری چەتەیی و ڕێگرو خراپەکاری و دوژمنایەتی کردنی خواو پێغەمبەر ﷺ.

خاتوو ئوم حەبیبە ڕەزامەندی (خوای لێبێت):

خاتوو ئوم حەبیبە کچی ئەبو سوفیان خوا لێی ڕازی بێت بوو، کە لە سەردەمی

نەفامی خۆیدا سەر سەختترین ڕقنترین
دوژمنی ئیسلام بوو لە دوای ئەبو جەهلدا،
ئەو ئافرەتە زۆر زوو مسوڵمان بوو و
لەگەڵ مێردەکەی کە عەبدوڵڵای کوڕی
جەحش بوو کۆچی کرد بۆ حەبەشە،
مێردەکەی هەر لە حەبەشە وەفات ئەکات،
بەمەش ئافرەتەکە بە تەنیا ئەمێنێتەوەو
کەسیشی چنگ نە ئەکەوت کە چاوەدێری
بکات، خۆ ئەگەر بشگەڕێتەوە بۆ لای
باوانی ئەوە سەرەنجامەکەی ئاشکرایە کە
یان دەبوایە کافر بێتەوە یانیش ڕوو
بەڕووی ئازارو ئەشکەنجە بێتەوە، لە

مەدینەش هەر کەسێك نییە کە کەفالەت و چاوەدێری بکات.!

کاتێ کە پێغەمبەرﷺبە حاڵی ئەزانێ، داخوازی دەستی خاتوو جوەیریە لە نەجاشی پادشای حەبەشە ئەکات ، ئوم حەبیبەش کە بەمە ئەزانێ زۆر خۆشحاڵی و شادومانی خۆی بە داخوازیەکەی پێغەمبەر ﷺ دەر ئەبڕێت، نەجاشیش بەمە ڕازی ئەبێ و هەڵئەسێ چوار سەد دینار ئەدات بە ئوم حەبیبەو بە دیاری لەگەڵ شەرحەبیلی کوڕی حەسەن ئەنێرێ بۆ مەدینە بۆ لای پێغەمبەرﷺ، ئەوە بوو لەساڵی حەوتی کۆچی ئەگەنە مەدینە، ئەو

کاتە ئوم حەبیبە تەمەنی سی و پێنج ساڵ ئەبێت، کاتێ کە ئەو هەواڵە ئەگاتە لای ئەبو سوفیانی باوکی، ئەویش ڕەزامەنی خۆی دەر ئەبڕێت و ئەڵێت: (ئەوە کارێکە لووتی پێ ناشکێت)! واتە پێغەمبەرﷺپیاوێکی ڕێزدارەو پێیەوە سەر شۆڕ نابین؟!

لێردا حیکمەتێکی گەورە لەو ژن خواستنەی پێغەمبەرﷺ بەدی ئەکرێت، ئەویش سەرنجڕاکێشانی ئەبو سوفیان بوو بۆ لای خۆی، ئەبو سوفیانێك کە پێش ئەوە لە هەموو ژیانی دا دانووی لەگەڵ ئەودا نەکوڵاوە، وا ئێستا شانازی بەو زاوا

نوێیەی ئەکات! هەر بۆیەش بە هانینی
ئوم حەبیبە ئەزیەت و ئازار لە سەر
موسڵمانان هەڵئەگیرێت، زیاتر وای لە
ئەبو سوفیان کرد کە مەیل بە لای ئاشتی
دا بکات زیاتر لە شەڕ، هەر ئەم کارەش
بوو بە دەروازەی ئاشتی مۆر کردن
لەگەڵ پێغەمبەرو پاشان هاتنە نێو
ئیسلامی ئەبو سوفیان.

بۆیە دێت و ئەچێتە لای کچەکەی و
کچەکەشی پێی ڕا دەگەیەنێت، کە هیچ
ڕێزی و کەرامەتێکی نییە بە دەر لە
مسوڵمانی ئەگەر باوکیشی بێت، بۆیە
واقعی ئەو ڕۆژە تێیگەیاندین کە ئەو

جارەی ئەبو سوفیان چوو بۆ مەدینە بۆ ئاشتی بوو نەك بۆ شەڕ.

وەك باسیشمان کرد سەرەنجامی ئەو کارەی پێغەمبەر ﷺ بوو بەهۆی موسڵمان بوونی ئەبو سوفیان و پاشان هێنانە پێشی فەتحە گەورەکەی مەککە.

خاتوو (صەفیە) خوا لێی ڕازی بێت:

خاتوو (صەفیە) خوا لێی ڕازی بێت خانمێکی هۆزی (قوڕەیزە) و (هۆزی نەززیر) بوو، کە دوو تیرەی جولەکە بوون و بەڵێنداری پێغەمبەرﷺو موسڵمانان بوون، پاشان ناپاکیان لەگەڵ پێغەمبەرﷺ کردو لە بەڵێن و پەیمانی

خۆیان پاشگەز بوونەوە.
خاتوو (صەفیە) کچی (حووییەی کوڕی ئەختتەب) بوو کە گەورەی بەنی (وڕەیزە) بوو لە دایکیشەوە خوشکی (صیمۆئیل) بوو کە گەورەی بەنی (نەززیر) بوو، خاتوو (صەفیە) دوای کوژرانی مێردەکەی لە شەڕی خەیبەردا بە دیلی ئەکەوێتە دەست موسڵمانان، دەگێڕنەوە کەوا خاتوو (صەفیە) کاتێ کە دێتە لای پێغەمبەر ﷺ و پێغەمبەریش ﷺ پێی ئەفەرموێت (لم یزل أبوك من أشد الیهود عداوة لي حتی قتله الله) واتە: بەردەوام باوکت سەر سەختترین کەسبوو

لە جولەکە کە دوژمنایەتی دەکردین، تاکو خوا خۆی کوشتی، ئەویش ئەڵێت: ئەی پێغەمبەری خواﷺ ، ئاخر خوای گەورە دەفەرموێت: وَلا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى واتە: کەس ئۆباڵی تاوانی کەس ناکێشێت، پێغەمبەریشﷺ فەرمووێت: (اختاري فإن اخترت الإسلام أمسكتك لنفسي، وإن اخترت اليهودية فعسى أن أعتقك فتلحقي بقومك) ، واتە: من هەڵبژێرە، ئەگەر ئیسلامت هەڵبژارد، ئەوە لای خۆم دەبیتەو دەتکەمە هاوسەرم ،خۆ ئەگەر جولەکایەتیش هەڵبژێریت، ئەوە هەر ڕەنگە ئازادت بکەم و بگەیتەوە لای

تیرەکەت، (صەفیە) ش ووتی : ئەی پێغەمبەری خواﷺ من ئیسلام هەڵدەبژێرم، ئیسلامم پێ خۆشترە لەوەی کە ئازادم بکەیت و بچمەوە ناو تیرەکەی خۆم. ئەوەبوو شووی بە پێغەمبەر ﷺ کرد. بۆیە ئەبینین کە هانینی (صەفیە) خوا لێی ڕازی بێت، خەڵکێکی زۆر لە هەردوو تیرەی جولەکەکان دێنتە نێو ئایینی ئیسلام و موسڵمان ئەبن. بەمەش هێندەی تر بەرەی شەڕانگێزان لە بەرەی شەڕ خوازیاندا لگەڵ ئیسلام ڕوو لەکەمبوون ئەبێتەوە، ئیتر جولەکەش دەستیان لە

دژایەتی هەڵگرت کە زانیان پێغەمبەری خوا زاوایانە.!

بۆیە لێرەوە من بە ئاشکرا رایدەگەیەنم کە خاتوو رێحانەو خاتو صەفیە هەر یەك کەسن ، ووجودی خاتوورێحانە وەك خێزانی پێغەمبەری خوا کە باسی دەکەن هیچ بوونی نیەو لە فەرمودەدا باس نەکراوە تەنها مێژووی واقیدی نەبێت ئەویش لە سیرەی ئیبن ئیسحاقدا باسکراوە لاوازە .

خاتوو مەیموونە (ڕەزامەندی خوای لێبێت) :
خاتوو مەیمونە پێش ئەوەی کە شوو بە

پێغەمبەر ﷺ بکات دوو شووی تری
کردبوو، مێردی دووەمی کە ناوی
(ئەرحمی کوڕ عبدول عزی) بوو لە
هەڤدەی کۆچیدا خاتوومەیمونە کۆچی
دوایی ئەکات، مەیمونە خوشکی زەینەبی
کچی خوزەیمە بوو لە دایکیەوە، واتە
باوکیان جیا بوو، هەڵبەت لەم شوکردنەی
بە پێغەمبەریش ﷺ بەرژوەندیەکی
گەورەی بۆ ئیسلام و موسڵمان هێنایە
پێشەوە، چونکە خاتوو مەیمونە لە پێشدا
براژنی یەکێ لەو پیاوانە بوو کە گەورەی
هێندێ لەو تیرانە بوو کە زۆر
دوژمنایەتیان لەگەڵ ئیسلامدا هەبوو و

پیلانی زۆریان بۆ ئەکێشا، ئەو کاتەی کە داوایان کرد لە پێغەمبەر ﷺ تاکو حەفتا لە شارازایانی ئیسلامیان بۆ ڕەوان بکات تاکو خەڵکەکەیان لە ئیسلام و ئایینی خوادا بەهرمەند بکەن، کەچی هێندەی پێناچێت ناپاکیان لەگەڵدا ئەکەن و بە نهێنی بەسەر هەر هەمووناندا ئەدەن و هەر هەموو لە خوێنی خۆیاندا ئەگەوزێنن و شەهیدیان ئەکەن!

ئیتر پاش ئەوەی کە پێغەمبەری خواﷺ تۆڵەی خوێنی شەهیدان لەو دوژمنە سەر سەخت و ناپاکانە ئەسەنێتنەوە، ئیتر کاتی ئەوە دێت کە چۆن بەرەی شەڕ خوازیان

لە مێشکا بسڕێنێتەوە، هەڵدەستێت خاتوو مەیموونە کە لەوان بوو ئەخوازێت و ئەبێت بە زاوایان! ئیتر ببڕای ببڕا دوژمنایەتیان لەگەڵ ئیسلامدا نەکردەوە، هەڵبەت ئەمەش لایەنێکی بەهێزی پێغەمبەر ﷺ بوو، چونکە ئەگەر سەرنج لە حاڵی دەسڵاتداران و پادشایان بدەیت، کاتێ کە کێشە لە نێوان ئەمان و کەسانی تر هەبووایە، هەڵئەسان بە هەر نرخێك بوایە کچێکی لێ ئەخواستن، تاکو ئاگری شەڕی شەڕخوازی دا بمرکێتەوە، ئەمەش لە ناو عەشایەری کوردی خۆماندا هەیە و خزمایەتی لە ڕێگای ژنو ژنخوازیەوە

دروست دەکەنوە ، دیارە هەڵوێستی زاوا
لای خەزوورانی هەمیشە بەهێز ترە لە
هەڵوەستانی ترەوە. بۆیە ئەبینین کەوا
پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەوەی ئاشتی بەر
قەرار و ئاسایش جێگیر ببێت، هەر
کارێك لە بەرژوەندی شەرعی خوا بوایە
بۆ کردنی دوو دڵی لێ نە ئەکرد.

کۆتای خێزانی کە باسی دەکەم خاتوو
ماریایە رەزامەندی خوای لێبێت ..

ئەم خاتونە ناوی ماریای کچی شەمعونی
قبطیە واتا خەڵکی میسرە ، پێغەمبەری
ئازیز لە ساڵی شەشی کۆچیدا نامە بۆ
هەموو پادشاو دەسەڵاتدارانی جیهان نارد

ونوسی ، لەوانە پادشای میسر بەناوی
مقەوقیس و داوای لێدەکات موسڵمان بێتو
نامەکە بە دحیەی کەلبی ا دەنێرێت و
پاشان ئەویش وەك پادشایەك تەماشای
پێغەمبەر دەکاتو هەندێك دیاری بۆ
دەنێرێت لەوانە موستیلەیەکی ئاڵتون
هەندێك کەرەستەی بەنرخ و، پاشان
لەگەڵیداسێ کەس وەك کۆیلە بۆ پێغەمبەر
ﷺ دەنێریت کە ناویان ماریا و سیرینن
دووخوشك بوون ئامۆزایەکیان بەناوی
مابوور لەگەڵدا بوو، کە پیاویك بوو
عەورەتی بڕابوو واتا خەساندبوویان ،
ئەو سەردەمە کە پیاویان بە دیار

ئافرەتانەوە دادەنران لە حەرەم سەراکاندا واتا کەچاودێری ئافرەتانی بکردایە پیاوەکە دەبوایە لە پیاوەتی بکەوتایە بۆ ئەوەی خیانەت لە ئافرەتانی پادشا نەکات!!

کەدەینێرێت بە دیاری بۆ پێغەمبەری ئازیز ﷺ ئەویش دەست بەجێ ئازادیان دەکات ، بەڵام مابوور بە ئیمامی عەلی دەفەرموێت کە ئەوان خەڵکی ئەم وولاتە نینو هیچ شارەزانین و ئازادکردنیان خیرێکیان پێناگەیەنێت! ، بۆیە پێغەمبەری خوا خاتوو ماریا دەکاتە خێزانی خۆی و کورێکی لێیدەبیت و سیرینی خوشکی لە

دەحیەی کەلبی مارە دەکات و مابوریش لە ئیمامی عەلی دەمینێتەوە .

کۆتایی ووتەمان

بەرژەوەندییەکانی فرەژنی لای پێغەمبەری خوا بەکورتی ئەمانەی خوارەوە بوون:

(١) بەرژوەندیی فێرخوازی

(٢) بەرژوەندیی شەرعی

(٣) بەرژوەندیی کۆمەڵایەتی

(٤) بەرژوەندیی ڕامیاری

(٥) بەرژوەندیی مرۆڤایەتی یان کەسی

لە کۆتای کۆڕەکەدا کاك شێخ بانگی کرد کێ قسەی هەیە فەرموون با قسە بە

ئارەزوی خۆی بکات و ئەوەی دەڵێت ئەم قسانەی ماکوان راست نیە ئەوە مایك ئازادو فەرموو ئێوەش سەرچاوەی خۆتان بخەنە روو ..

شەوی وا ئارامم نەدی بوو پێدەچوو کارەبای ماڵی مولحیدەکان هەمووی کوژابێتەوە!

ئەو شەوە کەس پرسیاری لێنەکردم لەسەر خێزانەکانی پێغەمبەری خوا ، هەموو پرسیاری شەریان دەکرد .. و پرسیاری شێخ ئوسامە وڕێکخراوی قائیدەیان لێمدەکرد وەك ئەوەی من شێخ ئەیمەن زواهیری بم ..!!

کۆتای پێهات و شەو دیسان دەستم دایەوە کتێبەکەی فەرغەلی خوا لێخۆشبێت و ویستم بچمەوە دەست بکەم بەخوێندەوە ..! برۆمەوە بۆ مێژوو

شەو کە کۆڕەکەم تەواو بوو هەستم کرد پێویستم بەگەڕانەوەیە بۆ ئەو سەردەمە ، بۆ ئەوەی زیاتر رەوشو واقیعەکە ببینم و زیاتر تێبگەم لە باری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە..

پێش ئەوەی بخەوم دەستم دایە کتێبەکەی فەرغەلی و بیخوێنمەوە .. خێزانم ووتی شەو درەنگە و خۆشت ماندووی هەوڵبدە پشویەك بدە، بەیانی کە لەکار گەڕایتەوە

ئێمە بەرە بۆ ماڵی باوکم و پاشان شەو بە ئارامی هەر خۆت دەبیت بیخوێنەرەوە قیرە قیرو هاتو هاواری منداڵ نیە. بەقسەم کرد خەوتم و بۆ سبەینی دیسانەوە کەڵکەڵەی کتێب و گەڕاندەوە لە مێشکمدا بوو لە دڵی خۆمدا وامدانابوو کە جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ ئەو سەردەمە بڕوا ناکەم فەرغەلی ئەمری خوای کردبێت، بەڵکو واهەستم دەکرد دەیبینمەوە وەك زنجیرە دارامایەك دەهاتە بەر چاوم. شەو هات و مۆبایل و تیڤی و هەرچی هۆکاری پەیوەندیم هەبوو لە کامپیوتەرەکەمدا هەموویم کوژاندەوە و

پەرتوکەکەی فەرغەلیم گرتەوە بەدەستمەوە و پێشتر دەستنوێژم گرتو نوێژی عیشاو وەترم کرد، ووتم نەکو خەوم لێبکەویت بەسەریەوە نەتوانم بڕۆم بۆ ئەو سەردەمەش.

لاپەڕەیەکم کردەوە چوومە سەر ئەو باسەی کە باس لە دروست بوونی شەرەفی عەرەب و دەزگایی مەکە دەکات بەناوی (دار الندوة) تێنەگەیشتم شەرەفی عەرەب چییە.

بەردەوام بووم لە خوێنننەوەی باسەکە چومە ساڵی ٤٣٠ زاینی .

چاوم بەرز کردەوە لەسەر پەرتوکەکە

لەنێوانی تاشەبەردێکی گەورەدا بووم لە خۆشیدا هەڵسامەوە و بەملاولای خۆمدا تەماشام کرد بێجگە دڕك و چەوێڵ و گردۆڵکە هیچم نەبینی. تەماشای ئاسمانم کرد جریوەی ئەستیرە و پڕ پڕە لە ئەستێرە سەرزەوی دیمەنێکی ترسناك و ئاسمانیش کریستاڵ و پڕ لە دوڕ و گەوهەرو mووروی مروای جوان واخۆی دەنخشاند لە ئاسمان ..
چاوم بەسەر زەویدا گەڕاندەوە و هاوارم کرد فەرغەلی! فەرغەلی! رازی! عابید! چەند جار هاوارم کرد هیچ دەنگ نەبوو، شەوێکی جوان و پڕ لەدەنگی سیسرك و

خشەی مارو مێروو ئاسمانیش بەنازەوە
ئەستێرە نەبوو چاوم لێدانەگرێت.
ئیتر زانیم گەڕاومەتەوە بۆ زەمەنێك کە
سەردەمی خۆم نیە، دڵ خۆش بووم
لەڕاستیدا ئەزمونم پەیدا کردبوو کە
بەشەودا دەبێت رێگا بکەم و بڕۆم و
فێربوو بوم کە شوێن حەوتەوانان و یاخود
حەوت ئەستێرەکە بکەوم دەمگەیێنێتەوە
ئاوەدانی، بەلای چەپیدا بۆ عێراق لای
راست شام و ڕێك شاری مەککە و
پێچەوانەشی مەدینە بوو. من نەمدەزانی
لەکام جێگایەدام تا حەوتەوانانم دۆزیەوە
روەو ئاراستەی مەککە کەوتمە ڕێ و

ماوەی چەند سەعاتێك ڕێگام بڕی و
چوومە نزیك ئاو و سەوزایەكی فێنك و
تێروپڕ ئاوم خواردەوە بەدەوری خۆمدا
هەڵخولام زانیم لەم نزیكانە ئاوەدانی لێیە،
چونكە ئاساییە لە نزیك هەموو ئاوێك
ئاوەدانی هەبێ بەتایبەت لەم سەردەمی بێ
تەكنەلۆجیاو جاهیلیەتی عەرەبەدا.
تۆزێك لەسەر ئاوەكە دانیشتم و دەست
نوێژم گرت نەمدەزانی كات كەیە، بەڵام
دووركعات شەونوێژم كرد و دوای تەواو
بوونم ، لەدڵی خۆمدا ووتم باشە بڵێی ئەمە
ڕاستبێت، یاخود من توشی نەخۆشی
نەفسی بووبووم ، ئاخر چۆن دەبێت و

ڕەوایە من لەزەمەنێکی نوێوە بەگەڕێمەوە
بۆ هەزاران ساڵ دواتر ئاخر یان ئەوەیە
من نەخۆشم و توشی نەخۆشی لەبیر
چوونەوە یان نازانم هەر ناوێکی تری
لێدەنێیت ، بڵێیت ئەمە راست بێت کەمنی
تێدام؟
پاشان هەرچی هێنام و بردم و
بیرکردنەوە و زاکیرەو بیرو هۆشم باش
بوو دەگەڕامەوە بۆ دواوە بۆ پێشەوە
هەستم بە هیچ لەبیر چوونەوە
ناڕەحەتیەکی دەرونی نەدەکرد، هەستم
دەکرد کە رۆژ بەرۆژ زانیاری زیاتر
دەبێت و زانیاریەکانی مێشکی خۆمم

هەڵاوێر دەکرد زۆر ئاسای بووم. دوای هەڵسامەوە ووتم یا الله دیسان لەسەر ووشەی یا الله هەڵوێستەم کردەوە و لەدڵی خۆمدا ووتم خۆ خوای گەورە سیفاتی (القابض) هەیە کە دەتوانێت دەست بگرێت بەسەر هەموو کاتو زەمەن و تەنانەت رۆحیشدا! وە سیفاتێکی تری خوای پەروەردگار (الباسط)ە دەتوانێت ئاسانکاری و هێناو بردنی کات بەدەست خۆیەتی، دیارە خێرێك لەم هاتو چۆیەی مندا هەیە بزانم تا کوێ دەڕوات ئەم هەموو هاتو چووەی من لە نێوانی ئەم دوو زەمەنەدا؟

ترسێك چووه دڵمەوه ووتم كتێبەكه دەخوێنمەوه دەگەڕێمەوه بۆ سەردەمی خۆم، كتێبەكەم لە پشتم دەرهێناو دەست بكەم بەخوێندنەوەی و بگەڕێمەوه بۆ ماڵەوه دەستمدایەو بیخوێنمەوه ، لەپڕ زیریكەو ئازار لەسەر سەرم هات و ئەوەندەیان كێشا بەسەرمدا نەمدەتوانی چاو بەرز بكەمەوه و هەرچی دەمویست پارێزگاری لە خۆم بكەم ، بەڵام هیچ هێزم نەمابوو بەدار ئەیانكێشابە هەمووگیانمدا لە چوار لاوه هەر دەموچاوی دەمامكدارم دەبینو هیچی تر، توانام نەما بەرگری بكەم ئەوەندە ئازارم

پێگەیشت لە هۆش خۆم چووم هەموو
گیانم خوێنی پێدا دەهاتە خوارەوە ،
ئەوەندەی کە پێش لەهۆش خۆ چوونم
ئاگام لێبوو کەوتمە ناو جۆگە ئاوێکەوە
بەتەواوەتی دنیا لەبەرچاومدا ڕەش بوو
. ئاگام لەخۆم نەما
گەرمایەك لە پشتمی ئەدا و وەك لە نزیك
زۆپایەکی داری گەرم بم و بۆنێکی
ناخۆش لە لووتم دەهات، کە هۆشم هاتەوە
بەخۆمدا لەناو دەوارێکی ڕەشدا بووم
خۆر هەتاو ئەیدا لە چادری دەوارەکە و
منیش بەدەمدا کەوتبووم ، وویسم
هەڵسمەوە تەماشام کرد قاچم

بەستراوەتەوە و بە گوریسێك و دەستم لە
پشتمەوە بەسراوەتەوە خۆمم بۆ
نەدەجوڵڵا..
هاوارم کرد ، بۆ وا دەکەن و ئێوەکێن ؟!
هەر چاوم بەرزکردەوە کراسو گیانم
هەمووی خوێن بوو ووشك بووە بۆنی
خوێنم لێدەهات. هاوارمکرد پڕ بەدەنگم و
ئیرە کێی لێیە؟
کەس بەدەمەوە نەهات!
ناچار تۆزێك خۆم راپرسکاند و عارەق و
خوێن تیکەڵ بوویەوە و دەستم هەستی بە
لوسی دەکرد و پەتەکەم شل کرد هەرچۆن
بوو دەستم کردەوە هیچ کەس بەدەنگمەوە

نەهات.
تەنها لەناو ئەو دەوارەدا گوێم لە دەنگی مەڕو بزن بوو.
ووردە ووردە پەتەکەم کردەوە و پاشان گوریسەکەی کە قاچمی پێبەسترابوو ئەویشم کردەوە وویستم هەڵسمە سەر پێی خۆم نەمتوانی ئەوندە لاشەم قورس بوو سەرم گێژی دەخواردو قاچەکانم توانای هەڵگرتنی خۆمی نەبوو، هەرچۆن بوو چوومە دەرەوەی دەوارەکە گەرمایەکی زۆر بوو، ئەو دەوارەی کەمنی تێدا بوو هەرچواردەوری پەرژینکراوە و وەك گەوڕ بۆ مەڕو بزنەکان بەکاریان دەهێناو

هەر چۆن بوو بە پەرژینەکەدا سەرم بەرزکردەوە بەو بەری جێگاکەی من دەوارێکی تر بوو، هەڵسامەوە و بەرە رووی دەوارەکە رۆشتم و شمشێرێك هەڵواسرا بوو بە کۆڵەکەی ئەو دەوارە وە کە پێی ڕاگیر کرابوو دەستم دایە شمشێرەکەو وەك گۆچان بەکارم هێناو لەپڕ گوێم لەدەنگێك بوو قیژاندی! بە دەنگیدا زانیم کە ئافرەتە.
ووتم : مەترسە من ئازارت پێناگەیەنم ، بەس پێم بڵێ بۆ لێرەدام و کێ وای لێکردووم؟!
لەڕاستیدا کەسم نەبینی ، زۆردەترسام

دیسانەوە لەدواوە بەدار بکێشنەوە بەسەرمدا چونکە بەرگەی ئەو هەموو پێداکێشانە ناگرم ئەمجارە دەمرم وام لێبکەنەوە.

هیچ هێزم نەمابوو خوێنیشم تێدا نەمابوو هەستم بە لاوازی تەواوەتی خۆم دەکرد، ناچار هەر خولم دەخوار بەدەوری خۆمدا و بۆ ئەوەی لە دواوە زەفەرم پێنەبەن کە زانیم هیچ نیە ، دیسانەوە دانیشتمەوە و پاڵم دا بە کۆڵەکەی دەوارەکەوە و هاوارم کرد هەرکەسێکی دەرکەوە من زۆر ماندووم جامێك ئاو یاخود تۆزیك شیر هەر چی بێت مەمنون دەبم بمدەرێ و

خراپەکار نیم و دەڕۆم بەرەو شاری مەککە.
هیچ دەنگ نەما و کەس دیار نەبوو چاوم گێڕا لە نزیکمەوە مەرکانەیەك ئاو دیار بوو رووە مەرکانە ئاوەکە رۆیشتم و دەستم دایە ئاوێکی ساردی تێدابوو تێروپڕ لە ئاوەکەم خواردەوە و هەندێك دەستو دەمو چاوم شۆرد هەستم دەکرد کە ئازاری زۆر لە سەرو شانو قاچمدایە دارو بەردی زۆری پێدا کێشراوە.
دیسانەوە ماندویەتی و خواردنەوەی ئاوەکە وای لێکردم کە سەرم گێژی دەخوارد، ناچار بووم بە پەلە نوکی

شمشێرەکەم خستە سەر زەوی و روەو کۆڵەکەکە چووم پاڵم پێوەداو دیسانەوە بێ هۆش کەوتمەوە.
هۆشم هاتەوە بە خۆمدا و دەستم بە شمشێرەکەوە بوو کۆڵەکەکە رایگرتبووم، بەڵام دیاربوو بێ هۆشیەکەم زۆری پێنەچوو بوو، هەرچۆن بوو جارێکی تر هاوارم کردەوە ووتم من خراپە کار نیم! تۆ کێت خۆت دەرخە؟ من ماندووم و توانای قسەکردنم نیە تکایە خۆت دەرخەو هاوکاریم بکە، هەرکەسێکی تەنها ڕێگام نیشان بدە من لە کوێم و دەمەوێت ئێرە بە جێبهێڵم.

لەم قسانەدا بووم دوو مانگ دەرکەوتن لە
رۆژی رووناکدا.
وامزانی خەیاڵە، دوو ئافرەتی جوان بە
جلی رەش و دەموچاوی گەش و چاوی
ڕەشەوە هاتن وامزانی گیانم دەرچووەو
حۆری بەهەشتن هاتوون بۆ لام!
ماکوان: ئێوە کێن؟
کچەکان: تۆ کێیت؟
یەکێکیان خنجەرێکی پێبوو ئەوی تریش
رمحیکی درێژ! رووە من گرتبووی زۆر
دەترسان .
ماکوان: بۆ لە من دەترسن؟
منیش وەك ئێوە دەترسم نازانم بۆچی ئاوام

لێهاتووه به وویستی خۆم لێرەم، دڵنیابن
من خراپەکار نیم و ئێره جێدەهێڵم و
دەڕۆم. بەس دەمەوێت بزانم بۆ وام
لێهاتوه چی دەکەم لای ئێوەی بەڕێزو
موحتەرەم؟
یەکێك له ئافرەتەکان وەڵامی دامەوه که
شەوی رابوردوو گوێمان له دەنگی تۆ
بووەو هاوارت کردوه پاشان چوویته سەر
ئاوی ئێمەو لەوێ دانشتوویت و ئێمەش
بەدارو رمح و بەرد کێشاومانه بەتۆداو
دوای زانیومانه که ماویت هێناومانیتەوه
بۆ ناو گەوڕەکەو ووتمان هاوکاری
دەکەین، چونکه که بێ هۆش کەوتی هەر

هاوارت دەكرد(أَشْهَدُ أَنّ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه وأَشْهَدُ ان محمداً رسول اللّٰه) دایکم بەزەی بە تۆداهاتەوە ووتی قسەکەی سەیرە با لێرەدا نەمرێت و ئاو نەچێتە ناو برینەکەی و بیکوژێت با رزگاری بکەین، مادام ناوی خوا دەبات لەبەر خوا رزگاری بکەین.

ماکوان: ئەی کوا دایکتان؟

کچەکان: دایکمان لەگەڵ باوکمان چوونەتە دەرەوە ئاژەڵەکانیان بردوە بۆ لەوەڕاندن بەم نزیکانە دەگەڕێنەوە.

ماکوان: ئێ باشە بۆ واتان لە من کرد، خۆ من ئەگەر خراپە کار بم ئێستا ئەتوانم هەردوکتان بکوژم و چیم بوویت دەیکەم.

کچەکان : دەستیان کرد بە پێکەنین و
وتیان تۆ ناتوانی بە قاچی خۆتەوە
!بوەستیت ئێستا ئێمە دەکوژیت؟
ماکوان: ئەی بۆ منتان بینی قیژانتان، ئەی
!ئەوە مانای ترسان نیە ؟
کچەکان : نا - بەڵکو خەریکی خۆش
شۆردن بووین، لە ترسی بێ
جلوبەرگیمان هاوارمان کرد نەك لە
ترسی تۆ، چونکە ئەگەر بی بەرگ بینو
رووت بین لەوکاتەدا ئەترساین؟
ماکوان : بەهەر حاڵ من دەڕۆم بەرەو
مەککە، ئەگەر هاوکاریەکم بکەن باشە و
.بۆ ئەوەی نەبمە ئەرك بەسەرتانەوە

باشە نەتان ووت ئێوە ناوتان چییە؟
ئەوەی کە زۆر جوان بوو ووتی من ناوم
بوسینە-یە، هەڵبەت بە عەرەبی بەم
شێوەیە دەنوسرێتەو دەخوێنریتەوە (بثینة)
خوشکەکەشم ناوی باهیلە-یە (باهیلە)،
باوکم ناوی فەزڵی و دایکشم ناوی سەمڕا
– یە.
ماکوان: ئەی شێخ فەرغەلی چی ئێوەیە؟
هەردووکیان تەماشای یەکتریان کردو
ووتیان ئەوە مام- مان بووە ، نازانین لە
کوێییە.
لەم قسانەدا بووین لەدوامەوە یەکێک

کێشای بەسەرمداو دیسانەوە تەختی زەوی کردمەوە بێ هۆش کەوتم.

سەرەتایەکی نوێ و ژن هێنانی ماکوان

لەگەڵ دوو کچی جواندا قسەم دەکرد یەکێکیان بە ناوی بوسەینە و ئەوی تریش باهیلە، بە ئێش و ئازارێکی زۆرەوە چاوەڕێ ئەوەم دەکرد کە دیسانەوە بە فەرغەلیم بناسێنەوە و بچمەوە بۆ لایان، دڵخۆشیان کردم بەوەی کە فەرغەلی مام یانە .. لەگەرمەی قسەدابووینو لە پڕ ئازار لە کلەی سەرم هەڵساو ئەوەندە ئازارەکەی رەق و قورس بوو دیسانەوە

بی هۆش کەوتمەوە !

چاوم کردوە و هۆشم هاتەوە بەخۆمدا،
شەوێکی پڕ ئەستێرە هاتەوە بەرچاوم،
بەڵام لە گەوڕی ئاژەڵەکاندا نەبووم ،
بەڵکو لەسەر جێگایەکی نەرم و
جاجمێکی تەنکی جوانم پێدا درابوو
سەریشم بە پەرۆیەك بەسترابوو ..
لەبەردەممدا گۆشتێکی زۆرو نانێکی نیوە
گەرم دانرابوو لەپشتیشمەوە، پیاوێك بە
دەفرێکی بچوك کە پڕبوو لە مەرهەم
پێدەکەنی و دەیگووت باشتر بوویت
لەئازار کە ئاوڕمدایەوە تەماشام کرد زۆر

شێوە و شکلی لە مام فەرغەلی دەچێت، بەڵام ئەم گەنج تربوو ..

یەکسەر وتم تۆ براکەی مام فەرغەلیت ؟

ووتی : بەڵێ من فەزڵی م برای فەرغەلی ئەوەی کە مرد ..!

دڵم زۆر پڕبوو کەوای ووت دەستم کردەوە بە گریان بۆ فەرغەلی ئەویش بە زەردەخەنەوە هاتە لام ووتی: هەموومان دەمرین فەرغەلی باسی تۆی دەکرد لای من، زۆر ئازارمان داویت، ئەوە دایکی

بوسینە نانی بۆ دروست کردوویت
.. نانەکەت بخۆ و قسە دەکەینەوە

ئەوەندەم برسی بوو دەستم کرد بە نان و
گۆشت خواردن، خواردنی وا خۆشم
نەخواردبوو، هەرچی سەیری خۆمم
دەکرد لەگۆشت خواردندا لە تیمساح
!.. دەچووم
دوای نان خواردن، خێزانی فەزڵی هات
لەگەڵ هەردووکچەکەیدا، منیش سەرم
داخستبوو، ووتم السلام علیکم .. دەستیان
کرد بە پێکەنین ئەوانیش ووتیان حییت
مساءاً- ئیتر بۆم دەرکەوت کە سەردەمی

جاهیلیە لەو سەردەمەدا دەژین .

پاشان هەواڵی بەندەکانی فەرغەلی م پرسی عابید و ڕازی ..

فەزڵی: هیچ ئاگام لێیان نیەو نازانم چوونەتە کوێ!

ماکوان: من دەمەوێت بڕۆم بۆ مەککە هاوکاریم دەکەیت ؟

فەزڵی: بە دڵنیایەوە هاوکاریت دەکەم، بەڵام ئەمانەتێکم پێیە کە فەرغەلی

داویەتی پێم کە بیدەمە تۆ .. ئەو ئەمانەتش مەرجی ئەوەی هەیە کە یەکێك لەم کچانەی خۆمت لێمارە بکەم، ئەوە وەسێتی فەرغەلی برام بووە ..؟

ماکوان: لەخۆشیدا هەموو گیانم پێدەکەنی، لەدڵی خۆمدا ووتم ئەمانەت وەرگرمو کچێکیشم لێمارە بکەن ئەمە دەرگای نیعمەتی خوایە لێم دەکرێتەوە، بەڵام یەکسەر بیرم لەوە کردوە خۆ من خێزانم هەیە و خاوەن دوو منداڵم، جاخۆ باران بزانێت ژنم هێناوە دەرگام لێناکاتەوە ..! دوایش لە دڵی خۆمدا ووتم خۆ ئاگای لێی

نیە زەمەنی جاهیلیە، رووومکردە فەزڵی
ووتم: مەرجە ژن بهێنم، چونکە من
خاوەن ژن و منداڵم ؟!

فەزڵی: ئەی کوا ماڵ و منداڵەکەت لە
کوێن لە چ مەملەکەتێکن ؟

ماکوان: لە نەرویجن ؟!

فەزڵی: نەرویج کام مەملەکەتە ؟

ماکوان: مەملەکەتی رۆم !

فەزڵی: ئەی بۆ نەتهێناون لەگەڵ خۆت؟

ماکوان: ئەوە باسێکی دوورودرێژە وازی لێبێنە و ئەگەر ژن نەهێنم ئاساییە ؟

فەزڵی: ئاسایی نیە و دەبێت ژن بهێنیت و دوو ساڵ شوانیم بۆ بکەیت ئەوکات ئەمانەتەکەت هەموو وەردەگریت و مارەی کچەکەشم ئەدەیت، ئەوە وەسێتتی فەرغەلی برام بووە؟

ماکوان: خەرێك بوو قسەیەك بڵێم بە فەرغەلی، بەڵام رەحمەتم بۆ نارد و

بەلایانەوە سەیر بوو ئسلوبی قسەکەم ، لە کۆتایدا ناچار وتم باشە..

فەزلی: بوسەینەت دەوێت یان باهیلە؟

ماکوان: بوسینەم هەڵبژارد، چونکە جوانتر و ناسك تر و باڵا بەرز تر بوو ..
!

سەمرای دایکیان دەستی کرد بە (هەلهەلە) کێشان و جارێکی تر گۆشت و نان گەرم کراوە دەستمان کرد بە خواردن و هەرچوارمان وەك خێزانێکی چەندین

ساڵە ئەو شەوەمان بردە سەر، بڕیاری دا چەند رۆژێکی تر بوسەینە مارە بکات لێم، بەڵام نابێتە خێزانم هاتەوەکو لە دارونەدەوەی قوڕەیش مارەی نەکات !؟

کەباسی دارونەدوەی کرد زۆرم لا سەیر بوو، ووتم: بۆ چەندە لە مەککەوە دوورین ئێمە لەم جێگایەوە ؟

فەزڵی : هەموو رۆشتنی شەو رۆژێکە زۆر دوور نین !!

ماکوان: کەی دەڕۆین بۆ مەککە ؟

فەزڵی: با فێری شوانیت بکەم و
ئەمانەتەکەش دوای دارونەدوە نیشان بدەم
!، باشە؟

ماکوان : باشە ، لەهەوڵی ئەوەدا بووم
خۆم نزیك بکەمەوە لە بوسەینە، بەڵام
هەرچی لێی نزیك دەبومەوە دەیگوت
(دوای نەدوە (بعد الندوة

چارم نەما و چاوەڕوان بووم، فێریان
کردم کە چۆن شوانی بکەم و بردیانم بۆ
سنوری لەوەڕاندنی مەرو ماڵتەکەی و

گۆچان و چوار سەگیان دامێ و هەموو ڕۆژێك لەگەڵ فەزڵی دەچووم بۆ لەوەڕاندی ئەو مەڕو ماڵاتەو ئەویش لەبەیانیەوە دەستی دەکرد بە گۆڕانی و قسەکردن لەبەر خۆیەوە، هەر پرسیارێکم لێدەکرد نەیدەزانی .. خەریك بوو دڵم شەقی دەبرد، ناچار بووم وەعدی دابوومێ دوای مارەکردنی کچەکەی ئەمانتەکەم پێدەڵێت ..

ماوەی هەفتەیەك بەردەوام بووم لەم شوانیە، ئیتر زۆر بێزار بووم، نە فەیسبوکێك، نە تەلەفونێك، نە پەیوەندیەك بە خەڵکانێکەوە، ئیتر بەڕاستی ژیانێکی

زۆر ناخۆش بوو، فێری ئارامگرتن و لە خۆ بووردی بووم زیاتر ئەو چەند رۆژە، دوای ئەوەی هەفتە تەواو بوو ئاگاداری کردمەوە فەزڵی کە بەیانی دەچین بۆ مەککەو لە دارنەدوە ژن مارە دەکەین خۆت بگۆڕە سبەینێ باهیلە و سەمڕا دەڕۆن بۆ شوانی و ئێمەش بۆ مەککە..!

بەرەو مەککە بۆ بەیانی کەوتینە ڕێ و بۆ دووبەیانی گەیشتینە شاری مەککە ...

سبحان اللە چیم دی

خەڵکی بە رووتو قوتی بەدەوری کەعبەدا دەسوڕانەوە ، بازاڕ پڕ بو ولە خەڵك جمەی دەهات لەولا هاواردەکرا بۆ بەندەو کۆیلەکان و ئافرەت هەرزان فرۆشدەکران

.

پرسیم بۆ بەرووتی بەدەوری کەعبەدا دەسوڕێنەوە؟

فەزڵی : لەبەر ئەوەی ئەوانە جلی قورەیشیان لەبەردا نیە ، هەر کەس بیەوێت حەج بکات دەبیت جل لە قورەیش بکرێت، یان بە رووتی دەبیت تەواف

بکات .!

ماکوان: لەوکاتەوە تێگەیشتم ئەمە هەموو بازرگانی قورەیشە دروستی کردوە بۆ ئەو خەڵکەو یاسای پیاوە دەوڵەمەندەکانە سەپاندویانە بەسەر خەڵکی کەدین بۆ تەوافی کەعبەو حەج.

لای بەسێکی بازاڕەکە دەنگی قامچی پیاوانی ورگ زل لە کۆیلەکان و هەژارەکان کە بیدەرەتانە نەدارکان وپارەیان نیەو یاخود هەڵەیان کردووە، لەولاشەوە جوانی جل و بەرگی قورەیش

و بۆن خۆشی ئەوان و پێکەنین و قاقای پڕ تێری ئەوان.

کاروانەکان لە شام و یەمەنەوە دەهاتنو هەمو جۆرە کەرەستەو شتومەکیکیان پێبوو، میلیشیای گەل و هۆزەکانی قوڕەیش پەرژو بڵاو بوون لە ناو بازاڕدا، هەر گەلو هۆزە جۆرە جلو بەرگێکی سەربازیان لەبەردابوو میلیشیاکانی خۆیان کردبوو رەنگاورەنگ، نمونەی بەنی مەخزوم جلوبەرگیان سور بوو، بەنی ئومیە سپی بوو، بەنی هاشم ڕەش بوو..هتد

جۆرە حوکمێك پیادە دەکرا وەك ئەوەی بازاڕەکە دابەش کرابوون بەسەر چەند لایەکدا هەر میلیشیایەوە بازرگانەکانی خۆیان ی دەپاراست، هەروەك چۆن کۆمپانیاکان ئیستا گرێبەندی لەگەڵ وڵاتو دەسەڵاتەکاندا دەبەستن و بە هێزی سەربازی دەیان پارێزن..

زۆریکیش لە ئافرەتانی خانەدان و خانمانی زۆر راقیم دەبینی بە بازاڕدا دەگەڕان و بەدەیان کۆیلەو کەنیزەك لەسەر دارە کورسیەك هەڵیان گرتبوون و کەژاوەیان هەبوون، شارێکی پڕ سەیرو

سەمەرە، لەولاوە قیرەی برسیتیو هاواری
منداڵ و ژنو هەژار تێکەڵ بوو بووە،
لەلایەکی تریشەوە دەم بینی پیاوێك ئاوی
هیناوە هەنگوینی تیکەڵ کردوە ئەیدات بە
حاجیەکان .. هەموو لاکان رێزیان
دەگرت و زۆر بەوویقارەوە تەماشا دەکرا
. هاوکاری خەڵکی دەکرد

ئەم هەموو دیمەنانە منی سەرسام کردبوو
.. فەزلێ پیاوێکی گەمژەو نەزان بوو
لەگەڵ مندا نەمدەزانی چۆن پرسیار بکەم
هەرچیم لێدەپرسی نەیدەزانی وەڵام
بداتەوە، ناچار دەچووم پرسیارم لەخەڵکی

دەكرد چەند جارێك لە بوسەینەو فەزڵی
وون بووم و هەرچۆن بوو دۆزیمنەوە،
تووڕەبوون لێم هەردوكیان ووتیان وەرە
.. بەڕێگاوە با بڕۆینە دارنەدوە
بەهەر حاڵ چووینە لای دارنەدوە و
لەنزیك كاهینیك قژ بژی ناشرین وەستاینو
فەزڵی كیسەیەك پارەی دەرهیناو دایە
دەستی و منو بوسەینەو فەزڵی چوینە
ژوریكی بچوكی ناو دارنەدوەكەوە
چاوەڕێمان كرد، تا چەند كەسێكی تر
هاتن و ئەوانیش هەر كاهین بوون هەموو
بۆگەنیان دەهات، مۆڕەیان لە من دەكرد !

فەزڵی کیسەیەك پارەی تری دەرهێناو دایە دەست ئەوانو ئەونایش هەندیك لە شێوەی ئاردو شتی وورد پڕاندیان بەسەرمانداو پیرۆزبیان لیکردینو ووتیان بڕۆن ئەوە پیرۆزمان کردووە ئەم ژن و مێردایەتیە ..!

منیش هیچ پارەیەکم پێنیە، زۆرم تینوو بوو داوام کرد لە فەزڵی من پارەم پێنیە و تینومەو برسیشمە ؟!

فەزڵی: ئێستا دەچینەوە لای ئەسپ و ووشترەکانی خۆمان ئاو نانمان پێیە

دەیخۆین..

ماکوان: ئەوەندە نامەرد بوو هیچی نەدامێ، ووتم ئەقڵی پێدەشکێت کەچی ئەقڵی پێنەشکا .. بەبیرمدا هات خۆم ڕزگار بکەم لەم کابرایە، من بەدوای چیوەم و ئەویش چۆن بەرخورد دەکات لەگەڵماندا، من بەداوای ئەوە دا دەگەڕێم بزانم پێغەمبەر ﷺ هاتووە، بەدوای ئامانجی خۆمەوەم ئەویش بمبات شوانی پێبکات، بیرم لەوە کردوە راکەم و لە شاری مەککەدا خۆم بشارمەوە ..

لەدەرفەتیك دەگەرام بۆ ڕاكردن، بوسەینە هاتە لامەوە دەستی خستەناو دەستمو رایكێشام و بردمیە لای ئافرەتێك لە بازاڕی مەككەدا ئاو و هەنگوینی بۆ كڕیمو تیر ئاوم خواردوە بە زەردە خەنەیەكەوە، ووتی ماندوویت حەسایەوە !؟

دوای لەدڵی خۆمدا ووتم: ئەمڕۆ تۆ ژنت هێناوە راكردن بۆ پیاو عەیبە و پاشان دانبەخۆتا بگرە، با ماڵی فەزڵی ببێتە بارەگات و دوای بە ئیسراحەت هاتو چوو دەكەیت، ئەمانەتەكەش دەزانی چیە كە

فەرغەلی بۆی بەجێهیشتووم، لەم
قسانەدابووم لەگەڵ دڵی خۆم و لەتەنیشت
بوسینەشەوە دەرۆشتم، دوو کەس لەگەڵ
فەزڵی هاتنە لامان و ووتی ئەمە ماکوانە .
جیابونەوەی خۆشەویستان و گەیشت بە
خۆشەویستر

لەگەرانەوەدا بووم لەگەڵ فەزڵی و
بوسەینە بەرەو خێوەت و چادرگاکەی
ئەوان، لەڕێگادا گەیشتن بە دووکەسی
بەهەیبەت و جل و بەرگ جوان و دوای
ئەوەی کە پرسیاری منیان کرد، زانیان کە

من ناوم ماکوانه وه هاوڕێی فەرغەلی بووم ئەوانیش دەست بەجێ هاتنە لام و ڕێزو سڵاوی خۆیان نیشانداو منیش زۆر سوپاس و پێزانینم بۆیان دەربرین ..

لەگەڵ فەزڵی چوونە دووری من و بوسەینە، قسەیان دەکرد بەیەکەوە و منیش وتم بە بوسەینە ئەمانە کێن ؟
بوسەینە: من نایاناسم و، بەڵام کە مامە فەرغەلی هاتوە بۆ لامان زۆر جار ئەم دووکەسەی لەگەڵدا بووە بەیکەوە بینیومن ..!

ماکوان: ناویان چییە ؟

..بوسەینە: ناویان سەعد و عەبدوڵڵایە

ماکوان: چ کارەن ؟

. بوسەینە: بازرگانن

ماکوان: چۆن من دەناسن ؟

بوسەینە: نازانم

ماکوان: بە پێکەنینەوە تۆ چی دەزانیت،

ئەی پێم بڵێ ناوی محمد بیستوە لەم دەوروبەرە ؟

بوسەینە: ناوی وام نەبیستوە لە ناو عەرەب ناوی وانیە .. ئەو ناوە لە ناوی ڕۆم دەچێت ؟

ماکوان: ئەبێت !، ئیتر هیچم نەووت زانیم ناوی محمد زۆر نامۆیە لە ناویاندا و بەو پێیە بێت جارێ پێغەمبەر نەهاتووە ﷺ ..

لەم قسانەدا بووین، هەندیك قسەو باسی ترم لەگەڵ بوسەینەدا دەکرد و پرسیاری

ناوچەکەی خۆیانم دەکرد و کەوتونەتە کوێی مەککەوە، لەپڕ هاتنەوە بۆ لامان..

فەزڵی: ئەم دوو کەسە نزیکی فەرغەلی برای منن و ئەوان ئەمانتەکەت پێ ئەدەن لای ئەوانە، لەگەڵ ئەوان بڕۆ دوای کەی تەواو بوون دەتوانیت بگەڕێتەوە بۆ لای بوسەینە؟

ماکوان: ئەی من ئەمڕۆ ژنم مارەکردوە چۆن دەبێت بڕۆم و خێزانەکەم جێبهێڵم ؟

سەعد: ئەی تۆ مەبەست ژنهێنانە یان

ئەتەوێت، ئامانج و وەسیێتنامەکەی فەرغەلی جێبەجێ بکەیت ؟

ماکوان: بەدڵنیایەوە من ئامانجم هەیە و بەدوای ئامانجی خۆمەوەم، بەڵام یان ئەم کچەتان لێمارە نەکردمایە، یاخود بۆ ئێستا جیامان دەکەنەوە ؟!

عەبدووڵڵا: ئەتوانیت لەگەڵ خۆت بیهنیت، بەڵام ڕێگای ئێمەو تۆش دژوارە، بۆ ئەو ئافرەتە بکەوێتە نارەحەتی لەگەڵتدا، لەدوای تەواو بوونی کارەکانمان دەتوانیت بگەرێیتەوە بۆ لای

!.. و ئێمە دەتهێنینەوە

ماکوان: باشە ناچار رازی بووم، تەماشایەکی بوسەینەم کرد، هەستم کرد کەرامەتی زۆر شکاوە، زۆر بەزەیم پێدا هاتەوە هیچ چارەشم نەمابوو، هەر ئەوەندە چوومە لای و ووتم ببوورە کارەکەی من وایە دەبێت بڕۆم و بەدڵنیاوە دەگەرێمەوە بۆ لات .

هیچی نەووت بە دەم گریانکی زۆرەوە رووە لای ووشترەکەیان کەوتە ڕێ و ماڵ ئاوایم لەوان کرد و بەدڵێکی شکاوە

بەجێهان هیشتم و یەکەم جارە کارەساتی جیابونەوەی یەکەم شەوە ببینم، کە ئازارێکی زۆر بە سوێ هەبوو .

بەهەر حاڵ؛ بردیانمە بازاڕ و چەند پارچە جلو بەرگی نایاب و جوانیان بۆ کڕیم و لەگەڵ ئەسپێك و شمشێرو چەند کیسەیەك پارەیان دامێ و پاشانیش ووشتریك بۆ هەڵگرتنی کەڵ و پەل خۆم چەند تورەکەیەك ئاردو مێووژ و مەرکانەیەکی پڕ لە ئاو لەگەڵ چەند کوپەڵەیەك لە هەنگوین و رۆن ..هتد خستیانە سەر پشتی وشترەکە..

بەلام تا سەرقاڵی کڕینی ئەم کەرەستانە بووم زۆر گرنگیم بە بوسەینە نەدابوو، بەڵام لەدوایدا بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەو کچە دڵ شکاو بوو، بەڵام دڵخۆشی خۆشم بەوە ئەداوە کە هیچ رووی نەداوە نە خۆشەویستی دروست بوە نەبۆتە خێزانم، زیاتر مەبەستم ئەوەبوو کە نەم گواستۆتەوە

عەبدوڵڵا و سەعد پیاویکی تا بلێی بە هێز و بە توانا بوون لەگەل ئەوەشدا زۆر چاوکراوە زیرەك دیار بوون، هەر

پرسیارێکم لێبکردنایە، دەست بەجێ ڕوونکردەوەو بەدرێژی بۆیان باس دەکردم تا دەیانخستمەوە بنج و بناوانی باسەکەم ..

لەدوورەوە پیاوە باشەکەم بینی کە ئاو هەنگوینی دابەش دەکرد بەسەر حاجیەکانی مەککە و ئەوانەی کە بتەکانیان دەپەرسیت و لەلایاندا وەستابوون ئەم خواردنو ئاوی بۆ دەبرن بە خۆرایی بەسەریاندا دابەشی دەکرد ..

منیش ڕوومکردە عەبدووڵڵا ووتم ئەم

پیاوە بەڕێزە کێییە ؟

عەبدووڵڵا: ئەم پیاوە ناوی شیبیە ..
ناسراوە بە عەبدولمەتتەلەیب .

ماکوان: ئەوە باپیری پێغەمبەرە ﷺ ؟

عەبدووڵڵا: بەڵی خۆیەتی ..

سەعد: بەڵام ماکوان ئێمە هیچمان خەڵکی
ئەم زەمەنە نین ، وەك چۆن فەرغەلی
فێری کردی دەبێت وا هەنگاو
هەڵبهێنینەوە کە لەم سەردەمەدا ژیان

دەکەین .. تکایە با کەس پێمان نەزانێت، تکایە ؟

ماکوان: واتا ئێوەش وەك من لە زەمەنێکی ترەوە هاتوون ؟

عەبدوولڵا: بەڵێ بۆیە وەریشمانگرتیتەوە لە فەزلی ئەو هەتا بلێی درۆزن و بەرژەوەند خوازە، وەسێتنامەی فەرغەلی ئەوە بووە کە بداتەوە دەستی ئێمە نەك ئەو قسانەی ئە ولەگەڵی کردووبویت، نە باسی ژن هێنانی کردوە نە دووساڵ شوانیشی بۆ بکەیت.!

ماکوان: سوپاسم کردن وه وتم پەیمان دەدەم وەك ئەوەی ئێوه دەتانەوێت وادەبەم گوێ بۆ ئامۆژگاریەکانتان دەگرم، زۆر دل خۆش بووم ئارام بوومەوه .. بەڵام له خۆشەویستی پێغەمبەری خوا ﷺ هەر چاوم لەسەر باپیری پێغەمبەر بوو ﷺ.. وتم ئەی پێغەمبەر له دایك نەبووه ﷺ تا ببینی؟

سەعد : نا جارێ باوکیشی لەدایك نەبووه .. تەنها یەك کوڕی هەیه عەبدولموتتەلیب ناوی حارسه .

ماکوان: بچین لە نزیکەوە بیبینین زۆر حەزدەکەم بیبینم ..

عەبدوڵڵا: دەچین و بەدەستیشی ئاومان بداتی و سڵاوێکی لێدەکەین و پرسیاریکی لێدەکەم باشە ؟

ماکوان: باشە، چووین بەرەو رووی عەبدولموتەلیب و پیاوێکی بەڕێزو خاوەن ویقار و بەدەوریدا چەند کەسێك بە شمشیر و رمحەوە وەستابوون کە چووینە لای و سڵاومان لێکرد، وەڵامی سڵاوی داینەوە

و دەست بەجێ ئاوی داینێ و وتی بەخێربێن بۆ مەککە و پێداویستیتان چیە ؟

عەبدوڵڵا: وتی دەمانەوێت هەندێك پێداویستی ئاژەڵ بکڕین ..

عەبدوڵمەتتەلیب: پێستەمان زۆرە، هەرچەندتان ویست بەرن، بۆ شام دەیبەن، بۆ ناو رۆم، یان بۆ حەبەشە؟

عەبدوڵڵا: ئیمە بازرگانین لە کوێ بیفرۆشریت دەیفرۆشین بۆ هەردوولا دەیبەین .

عەبدولموتتەلیب: ناوتا چییە ؟

.. عەبدوڵڵا و سەعد

عەبدولموتتەلیب: ئەی ئەوگەنجەی تر لەگەڵتاندایە عەرەبە ؟

عەبدوڵڵا : نا ـ ئەو رۆمەو عەرەبی دەزانێت و بازرگانەو شەریکمانە ..!
عەبدولموتتەلیب : خۆشحاڵی دەربڕی و بردینە حەوشەیەکی گەورە لەوێ پڕ بوو لە پێستەو تەماشامان کرد و بریاریاندا

دوای ماوەیەکی تر بگڕێنەوە پیستەکانی لێبکرین .

لەگەڵ عەبدوڵڵا و سەعد گەڕامەوە ئەوان لە نزیك مەککە چادرو دەواریان هەڵدابوو، زیاد لە ١٠ کەس خزمەتکارو پاسەوانیان بوو، بۆ کەرەستە و شتومەکەکانیان ..

چوومە لای عەبدووڵڵا و پێم ووت، پێویستم بەزانیاریە ئێستا کەیە ئیمە تێیدا دەژین، زانیاریم دەوێت لەسەر رەوشی مەککەو ئێستای و ئایا ئەبرەهە هاتووە ،

ئینجا ئەو هەموو پەیکەرو بتە چی بوو لای ئەو پێستانە دانرابوون ؟

عەبدوولّلا: بازرگانی قورەیش تەنها دوو شتی سەرەکییە، ئاژاڵداری و خۆش کردنی پێستەو فرۆشتنی بە مەملەکەتەکانی چواردەوری و هەروەها لای خەڵکی بەگشتی لەم دەوروبەرەیاندا بەتاییەت عەرەب بت و پەیکەرەکانی قورەیش زۆر دەکڕن و بە خوای خۆیانی دەزانن ئەم دوو سەرچاوەیان هەیە بۆ بازرگانی واتا پێستەو فرۆشی ووشتر و مەڕو ماڵات، پاشان دروستکردنی بت و

پەیکەر .

سەعد: هاتە لامان و دانیشت و وتی نا جارێ ئەبرەهە نەهاتووە، تەنانەت ئاوی زمزمیش نەدۆزراوتەوە، هەروەها بۆ پرسیارەکانی تر هەوڵبدە پرسیارەکانت هەڵبگرە بۆ مامۆستاکەی ئێمەو خۆشت ..!

ماکوان: مامۆستاکەی من و ئێوە کێیە ؟

عەبدوڵڵا: ناوی نومەیر !.

ماکوان : ئەی کەی دێت بۆ لامان ؟

عەبدوڵڵا: پێدەچێت هەفتەی داهاتوو بگاتە لامان، چونکە لە رۆمەو بەروە ئێرە دێت..

ماکوان: ئەرێ بەڕاست کەس دەزانێت ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟

سەعد: ماکوان ئاگاداربە لەم سەردەمەدا خەڵکی شەممە و یەك شەممە و دووشەممە بەکار ناهێنن، لای ئەوان جیاوازە..!

ماکوان ئەی چی بەکار دەهینن، چۆن ڕۆژەکانی هەفتە دەژمێرن ؟

سەعد: ئەمان لە ڕۆژی یەك شەممەوە سەرەتای هەفتەیانە، بۆ نمونە یەك شەممە ناوی (الاول)ە دوو شەممە ناوی (اهون)ە سێ شەممە ناوی(جبار)ە چوارشەممە (دبار)ە پێنج شەممە(مؤنس)ە هەینی (عروبة)ە شەممە(شیار)ە

ماکوان: تا ئێستا ئەوەم نەزانیوە، بەڵام شتێکی تر لەناو عەرەبدا سەرنجی

راكێشاوم، بەندەو كۆيلەكانيان، زۆر بەناوی جوان بانگ دەكەن منداڵەكانيان بەناوی ناشرين و رەق بانگ دەكەن، بۆنمونە منداڵەكانيان ناويان شيرە (اسد)، سەگە (كيلاب)، بەردە(صخر) تاڵە(مر) رەقە و ناشرين و سوتێنەر(حنظلة)عەبوسە ، مارو دووپشكە ..هتد ، كەچی بەندەكانيان ناويان مەرزوقە وفلاح و فەرح و موضحيك و ناوی زۆر جواننيان لێناون بۆ؟

سەعد: عەرەب دەڵێن: ناوی مندالەكانمان

بۆ دوژمنەکانمان ناو دەنێین، ناوی عەبدو
و کۆیلەکانمان بۆ خۆمان ناو دەنین ..!

ماکوان: ئەو چەند رۆژە لە چاوەڕوانیدا
بووم رۆژانە دەچوومە ناو شاری مەککە
لە گەڵ خەڵکیدا گفتوگۆم دەکرد ، زۆرێك
لە خەڵکی بووە ناسیاوم، بەردەوام بووم
لەچاوەروانی و گەران بەدوای ئە و
وونبوانەی کە خەڵکی نەیاندەزانی
چاوەرێی نومەیریشم دەکرد بگەرێتەوە..
لەچاوەروانی نومەیردا بووم .

چاوەروانی بەشی دووەم بن..!